# دەربارەی
# وەزیفـەی گشـتی

وەڵام و روونکردنەوەی پەنجا پرس و بابەتی تایبەتە بە وەزیفـەی گشتی
لەبەر رۆشنایی یاسا بەرکارەکان و بنەما یاساییەکان و بڕیارە دادوەرییەکاندا

## کتێبی دووەم


راوێژکاری یاسایی
عەبدولقادر سالح عەبدول
دبلۆمی باڵا لە یاسای گشتی





٢٠١٩

چاپی یەکەم

# دەربارەی
# وەزیفەی گشتی

وەڵام و روونکردنەوەیە بۆ پەنجا پرس و بابەتی تایبەت بە بە وەزیفەی گشتی
لەبەر رۆشنایی یاسا بەرکارەکان و  بنەما یاساییەکان و بڕیارە دادوەرییەکاندا

**( کتێبی دووەم)**


**راوێژکاری یاسایی**

**عەبدولقادر سالح عەبدول**

**دبلۆمی باڵا لە یاسای گشتی**



**سلێمانی ٢٠١٩**

بسم الله الرحمن الرحيم

- ناوی کتێب : دەربارەی وەزیفەی گشتی

- نووسەر: عەبدولقادر سالح عەبدول

- چاپ: چاپی یەکەم

- چاپخانە: چاپخانەی یاد

- تیراژ: ٥٠٠ دانە

- ساڵ: ٢٠١٩

- ژمارەی سپاردن : لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٤٦٥) ی ساڵی ٢٠١٩ ی پێدراوە .

**بەسوپاسێکی زۆرەوە**

**ئەم پەرتووکە لەسەر ئەرکی پارێزگای سلێمانی چاپکراوە**

مافی لە چاپدانەوەی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ نووسەر

## وتەیەکی پێویست

پاش چاپکردنی پەرتووکی یەکەمی (دەربارەی وەزیفەی گشتی ) و بڵاوکردنەوەی لە نێو داموودەزگا حکومییەکاندا، چەندین دۆست و هاوڕێ پەیوەندییان کرد کە درێژە بەچاپکردنی ئەو بابەتانە بدەم کە لە ئەکاونەتەکەی خۆم لە تۆری کۆمەڵایەتی بڵاوی دەکەمەوە ، بۆیە بەباشم زانی لەگەل بڵاوکردنەوەی هەر (٥٠) پەنجا پرس و بابەتێکی تایبەت بەوەزیفەی گشتی، هەوڵبدەم لە چوارچێوەی پەرتوکێکدا رێکی بخەم و دواتر لەرێگەی دڵسۆزانەوە هەوڵی بەچاپ گەیاندنی بدەم، چونکە ئەو بابەتانەی دەکرێنەوە پرس و بابەتی رۆژانەی نێو فەرمانگە حکومییەکانن کە لە روانگەی شرۆڤەی دەقە یاساییەکان و جێبەجێکردنە دادوەرییەکانەوە نوسراون و وەڵام و روونکردنەوەن بۆیان، لەم سۆنگەیەشەوە بەرگی دووەمی کتێبی (دەربارەی وەزیفەی گشتی) مان ئامادە کرد ، کە هیوادارین لەم بەرگەشدا توانیبێتمان بەشێکی دیکەی ئەو پرس و بابەتە یاسایی و کارگێڕییانەی رووبەرووی فەرمانبەرانی کارگێڕیی و یاسایی نێو فەرمانگەکان دەبێتەوە وەڵام درابێتەوە ، هەروەك پێشتریش روونمان کردەوە کە بابەتەکان لەبەر رۆشنایی دەقە یاساییەکان و لەروانگەی جێبەجێکردنە دادوەرییەکانەوە خراونەتەروو ، کە دەسەلاتی دادوەریی باشترین و شارەزاترین دامەزراوەن بۆ شرۆڤە و جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەو یاسایانەی بواری وەزیفەی گشتیان رێکخستووە..

لە هەمانکاتیشدا هەوڵمان داوە بەزمانێکی کوردی سادە و رەوان و دوور لەبەکارهێنانی دەستەواژەی قورس و زۆر تایبەتمەند بابەتەکان

بنوسین بۆ ئەوەی فەرمانبەرانی کارگێری و یاسایی و کۆی هەموو فەرمانبەران لێی تێبگەین و گرفتیان نەبێت لەگەڵیدا.

لە کۆتاییدا جێگەی خۆیەتی کە زۆر سوپاسی بەرێز جەنابی کاك (دکتۆر هەڤال ئەبوبەکر) پارێزگاری سلێمانی بکەم کە کاتێك بیرۆکەی چاپکردنی پەرتوکەکەی خرایە بەردەست، دەستبەجێ ئامادەیی نیشاندا کە ئەرکی چاپکردنەکەی وەك پارێزگا بگرێتە ئەستۆ، بێگومان ئەمەش هاوکارییەکی زۆر باش بوو بۆ ئەوەی بتوانین ئەم بەرهەمشمان بە چاپ بگەیەنین و بڵاوی بکەینەوە ، هیوادارم نمونەیان زۆر بێت و سەرکەوتووبن .

لەگەل دووپاتکردنەوەی رێز و پێزانینم بۆ هەموو ئەوانەی هاوکارم بوون لەم بوارەدا.

**راوێژکاری یاسایی**

**عەبدولقادر صالح عەبدول**

**٢٠١٩/٥/١٢**

# ناوەرۆك

(١) ئایا وەزیر دەتوانێت متمانە نەكاتە سەر رۆژی لە دایكبوونی فەرمانبەر لە خانەنشینكردنیدا؟

(٢) لە حاڵەتی جیابوونەوەی دایك و باوك ، دەرماڵەی مناڵ بۆ كامیان خەرجدەكرێت گەرهاتوو هەردووكیان فەرمانبەربوون؟

(٣) ئایا لە پاش تۆماركردنی داوا ، دەسەلاتی كارگێڕی دەتوانێت پێداچوونەوە بە دادخوازی (التظلم) فەرمانبەری سزادراودا بكات و سزاكەی هەڵوەشینێتەوە؟

(٤) فەرمانبەری مۆڵەتپێدراو لە دەرەوەی وڵات بوو، لە كاتی تەواوبوونی مۆڵەتەكەی گەر نەیتوانی پەیوەندی بكاتەوە بە وەزیفەكەیەوە و دەتوانێت چی بكات ؟

(٥) دەربارەی خانەنشینی فەرمانبەری گرێبەست

(٦) تەنسیبكردن لەبەر هۆكاری تەندروستی

(٧) ئایا دەكرێت خانەنشین تەنازول لە مافی خانەنشینی بكات؟

(٨) دووبارە سەبارەت بە كاریگەری سزا بەرزەفتكارییەكان لەسەر سەرمووچە و پلەبەرزكردنەوە

(٩) لە حاڵەتی وەفاتی فەرمانبەردا، مووچەی مۆڵەتی كۆكراوەی بە كێ دەدرێت؟

(١٠) چارەنووسی مۆڵەتی كەڵەكەبووی ئەو فەرمانبەرەی بە رەزامەندی دائیرەكەی دەستلەكاردەكێشێتەوە و پاشان دووبارە دادەمەزرێتەوە؟

(١١) ئايا وتەی فەرمانبەری هەواڵەکراو بۆ لێکۆڵینەوە پێویستە لەلایەن لیژنەی لێکۆڵینەوەکەوە واژۆی لەسەر بکرێت؟

(١٢) ئایا رێگە پێدراوە (١٨٠) رۆژی مۆڵەتی کەڵەکەبووی فەرمانبەر وەك راژەی خانەنشینی ئەژمار بکرێت لە بری خەرجکردنی مووچەکەی؟

(١٣) ئایا دەرکردنی بڕیاری دانانی فەرمانبەر بەدەستلەکارکێشراوە (مستقیل) لە دەسەڵاتی کێدایە ؟

(١٤) جیاوازی چی یە لە نێوان پشووی قوتابخانەکان و مۆڵەتی ئاسایی؟

(١٥) فەرمانبەری راژەی زانکۆیی کێ یە و چ جۆرە مۆڵەت و پشوویەك دەیگرێتەوە ؟

(١٦) گرنگترین حوکمەکانی مۆڵەتی کەڵەکەبوو(کۆکراوە)ی فەرمانبەری راژەی زانکۆیی

(١٧) فەرمانبەری سەرپێچیکاری راژە گوازراوە، کام وەزارەت و دائیرە تایبەتمەندە بە لێپێچینەوەکردن لەگەلیدا ؟

(١٨) مۆڵەتی فەرمانبەر و مەبەستەکانی (غرض) مۆڵەت

(١٩) ئایا فەرمانبەری هەواڵەکراو بۆ لێکۆڵینەوە دەتوانێت پارێزەر دابنێت بۆ خۆی لە کاتی لێکۆڵینەوەکردن لەگەڵیدا؟

(٢٠) بەدەستهێنانی بڕوانامە لە کاتی وەزیفە و لێکەوتە یاساییەکانی گۆڕینی ناونیشانی وەزیفی

(٢١) بەدەستهێنانی بڕوانامەی خوێندنی باڵا لەلایەن فەرمانبەر و لە کاتی وەزیفە و بێ وەرگرتنی مۆڵەتی خوێندن

(٢٢) بەدەستهێنانی بروانامە لە خوێندنی ئێواران .. ئیشکالیەتە یاساییەکانی

(٢٣) چۆن ژمارەی ئەندامانی لیژنە لەلایەن دائیرەکانەوە دیاریدەکرێت؟

(٢٤) ئایا مەرجە ئەندامی یاسایی لیژنەی لێکۆڵینەوە ناونیشانەکەی یاسایی بێت؟

(٢٥) وەرگرتنەوەی مووچە و دەرماڵەی ئەو فەرمانبەرەی کە بڕوانامەی ساختەی پێشکەشکردووە

(٢٦) پێوەرەکانی گواستنەوەی راژە بەلای قەزای کارگێڕیی هەرێمەوە

(٢٧) کێ دەسەلاتی سزادانی فەرمانبەری هەیە؟

(٢٨) راییکردنی مامەڵەی خانەنشینی فەرمانبەری فەسلکراو یان عەزلکراو یان بەدەستلەکارهەڵگرتوو دانراو (مستقیل)

(٢٩) ئاراستەکردنی سوپاس و پێزانین چ ئاسەوارێکی یاسایی دەخاتەوە لەسەر پێگەی فەرمانبەرانی گرێبەست پاش دامەزراندنیان وەك فەرمانبەر هەمیشەیی ؟

(٣٠) مۆڵەتی نەخۆشی درێژخایەن

(٣١) پێدانی دەسەلاتی دادنوسی بە فەرمانبەرانی یاسایی

(٣٢) گرنگی نوسینی هۆکار(تسبیب) له بڕیاری سزادانی فەرمانبەردا.

(٣٣) گرنگترین حوکمەکانی درێژکردنەوەی راژەی فەرمانبەر پاش تەواوکردنی تەمەنی وەزیفی

(٣٤) رێککاری یاسایی بۆ هەواڵەکردنی فەرمانبەر بۆ دادگای تایبەتمەند

(٣٥) فەرمانبەری گرێبەست و ئەژمارکردنی بروانامە لە حالەتی بوونی بە فەرمانبەری هەمیشەیی.

(٣٦) ئایا وەزیر دەتوانێت دەسەڵاتی پێدانی مۆڵەتی بێ مووچە دابەزێنێ بۆ بەرێوەبەرە گشتییەکان؟

(٣٧) ئایا بە بریکارنامەی گشتییەوە دەکرێت بەڵێننامەی شەخسی بدرێت؟

(٣٨) پلەتایبەتەکان (بەرێوەبەری گشتی) و دامەزراندنیان بە وەکالەت.

(٣٩) دەربارەی مۆڵەتی خوێندن بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی (بەکالۆیۆس)

(٤٠) دەربارەی مومارەسەرکردنی دەسەلاتەکانی دادنوسی لەلایەن فەرمانبەرانی یاسایی وەزارتەکانەوە.

(٤١) مۆڵەتی بێ مووچە لەبەر رۆشنایی حوکمەکانی یاسادا

(٤٢) دەربارەی کارکردنی فەرمانبەرانی گشتی لە دەرەوەی دەوام

(٤٣) چۆنیەتی جێبەجێکردن لەسەر مووچەی خانەنشینی قەرزار

(٤٤) چارەنووسی خزمەتی وەزیفی ئەو فەرمانبەرەی کە حوکم دەدەرێت بە سزای بەندکردن یان زیندانیکردن و دواتر حوکمەکەی هەڵدەوەشێتەوە (نقض)؟

(٤٥) ماوەکانی دادخوازی (التظلم) و تانەلێدان (الطعن) لە بڕیاری سزای بەرزەفتکاری لەلایەن فەرمانبەرەوە

(٤٦) ئایا ئەو راژەی کە فەرمانبەر دەیهێنێتەوە و بە خزمەت بۆی ئەژمار دەکرێت مۆڵەتی کەڵەکەبووی ئاسایی و نەخۆشی لێ دەکەوێتەوە ؟

(٤٧) ئایا خانمە فەرمانبەر لە کاتی وەرگرتنی مۆڵەتی دایکایەتیدا شایستەی پلەبەرزکردنەوە (الترفیع) دەبێت؟

(٤٨) هۆکارنووسین (تسبیب) وەك مەرجی شکلی جەوهەری لەبڕیاری گواستنەوەی رازەی فەرمانبەر

(٤٩) گرنگترین جۆرەکانی تەنسیبکردنی فەرمانبەر

(٥٠) چۆن فەرمانبەر سزا دەدرێت؟

# (١)

## ئایا وەزیر دەتوانێت متمانە نەكاتە سەر ڕۆژی لە دایكبوونی فەرمانبەر لە خانەنشینكردنیدا؟

بەگوێرەی بڕیاری ژمارە (١٣٦٧)ی ساڵی ١٩٧٨ ی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆرش(هەڵوەشاوە) رێگەی داوە بە وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆكی لایەنی نەبەستراوە بەوەزارەت تامتمانە بكاتە سەر دوا هەمین رۆژی ساڵی رۆژژمێری هەمان ئەو ساڵەی فەرمانبەرەكەی تێدا لە دایكبووە لەبری (٧/١) بۆ مەبەستی هەواڵەكردنی بۆ خانەنشینی. هەروەك لەلایەن خۆیەوە وەزارەتی دارایی عێراقی بە نوسراوی ژمارە (٨٠٢/ ١٤م/٨٣٧٣ لە ٢٠٠٩/٢/١٩ )جەختی لەسەر كردۆتەوە .

بەهەمان شێوەش لەلایەن خۆیەوە یاسادانەر لە ئەحكامی ماددەی (٣٤/دووەم)ی یاسای خانەنشینی یەكگرتوو ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٤ دووپاتی هەمان دەقی بریارەكەی ئەنجومەنی ناوبراوی كردۆتەوە و تەنانەت جگە لە وەزیر و سەرۆكی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت ئەم دەسەلاتەیشی داوە بە پارێزگار .

لەبەر رۆشنایی بڕیارەكەی ئەنجومەنی ناوبراودا و لە حاڵەتی پەیرەوكردنیدا پێویستە رەچاوی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بكرێت:

١ـ ئەم دەسەلاتە بە دیاریكراوی (حصر) دراوە بە وەزیر و سەرۆكی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت و وەك دەسەڵاتێكی شەخسی دایناوە كە رێگە پێدراو نییە تەخویلی بكەن بۆ هیچ فەرمانبەرێكی دیكە، ئەمەش بە گوێرەی بریارەكەی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆرش كە لە هەرێم بەركارە (بەلام سەبارەت بە ئەحكامی ماددەی (٣٤/دووەم)ی یاسای خانەنشینی یەكگرتوو ژمارە ٩ی سالی ٢٠١٤ كە تا ئێستا لە هەرێم

بەركار نيیە دەسەلاتەكەی داوە بە پارێزگارەكانیش سەرەرای وەزیر و سەرۆكی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت.

٢ـ پەیرەوكردنی ئەم دەسەلاتە لەلایەن وەزیر یان سەرۆكی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت دەسەلاتێكی جەوازییە و وەزیر دەتوانێت مومارەسەی نەكات و متمانە بكاتە سەر بەرواری لە دایكبوونی فەرمانبەرەكە كە بریتییە لە (٧/١) هەمان ئەو ساڵەی تیایدا لە دایكبووە بۆ مەبەستی خانەنشینكردنی.

٢ـ ئەم بریارە تایبەتە بە هەمان ئەو ساڵەی فەرمانبەرەكەی تیا لە دایكبووە نەك ساڵێكی دیكە ، بۆ نمونە فەرمانبەرەكە لە (١٩٧٣/٧/١) لە دایكبووە، ئەوا وەزیر یان سەرۆكی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت بۆ مەبەستی خانەنشینی كردنی فەرمانبەرەكە دەتوانن متمانە بكەنە سەر دواهەمین رۆژی هەمان ساڵ بۆ مەبەستی هەواڵەكردنی فەرمانبەرەكە بۆ خانەنشینی كە دەكاتە (١٩٧٣/١٢/٣١).

٤ -پێویستە بەرواری لە دایكبوونی فەرمانبەرەكە (٧/١)بێت نەك رۆژێكی دیكە، چونكە بڕیارەكە تەنها تایبەتە بەم رۆژە (حصرا)، واتە ئەگەر بەرواری لە دایكبوونەكە كەوتبووە (٧/٢) یان هەر رۆژێكی دیكەی ساڵ بوو، ئەوا ئەم بڕیارە نایگرێتەوە هەروەك نوسراوەكەی وەزارەتی دارایی عێراقیش دووپاتیكرۆدتەوە ، كە بەبڕوای ئێمە هۆكاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە كە بەرواری لە دایكبوونی هاوڵاتیانی عێراق بە زۆری لەو رۆژەدا دانراوە لەبەر ئەوەی لە كاتی خۆیدا و بەشێوەی ئوسوڵی و بەپێی رێككارەكان بڕوانامەی لە دایكبوون دەرنەهێنراوە و زیاتر لە رێگەی بەڵگەنامەی لە دایكبوونەوە (حجة الولادة) بەرواری لە دایكبوون بە رۆژ و مانگ و ساڵ جێگیركراوە، ئەمەش وایكردبوو ئەم بەروارە وەك

عورفێك بۆ دیاریكردنی لە دایكبوونی هاوڵاتیان دابنرێت بە تایبەت لە نیوەی یەكەم و چارەكی سێهەمی سەدەی رابردوودا.

٥- پێویستە بڕیاری وەزیر یان سەرۆكی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت بۆ متمانەكردنە سەر بەرواری (١٢/٣١) ی هەمان ساڵی لە دایكبوونی فەرمانبەرەكە بۆ مەبەستی خانەنشینكردنی لەبری (٧/١) پشت ببەستێ بە زەرورەتی فەرمانگەكە و دەبێت لە پێش هاتنی (٧/١)ی هەمان ئەو ساڵەدا بێت كە فەرمانبەرەكەی تێدا هەواڵەی خانەنشینی دەكرێت و نابێت بریارەكە بكەوێتە دوای (٧/١) ەوە هەروەك وەزارەتی دارایی عێراق لە بریارەكەیدا جەختی لەسەر كردۆتەوە.

٦- دانانی دواین رۆژی هەمان ساڵ وەك بەرواری لە دایكبوونی فەرمانبەرەكە بۆ خانەنشینكردنی لە لایەن وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆكی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت بە درێژكردنەوەی راژەی وەزیفی فەرمانبەرەكە ئەژمار ناكرێت كە لە دەقی ماددەی (١/سێهەم) یاسای خانەنشیی یەكگرتوو ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ دا هاتووە كە دەسەلاتەكەی بە شێوەی دیاریكراو (حصر) داوە بەسەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران، هەروەك لەلایەن خۆیەوە ئەنجومەنی شورای دەوڵەت لە بڕیاری ژمارە (٢٠١٥/٩٨ لە ٢٠١٥/٩/٩) [١] جەختی لەسەر كردۆتەوە.

---

[١] قرارات و فتاوی مجلس شوری الدولة لعام٢٠١٥ ،ط١، منشورات مجلس شوری الدولة، بغداد، ٢٠١٦، ص١٩٠.

## (٢)

## له حاڵەتی جیابوونەوەی دایك و باوك ، دەرماڵەی مناڵ بۆ كامیان خەرجدەكرێت گەرهاتوو هەردووكیان فەرمانبەربوون؟

له بنەڕەتدا و به پێی ماددەی (١٤/دووەم/أ) له یاسای مووچەی فەرمانبەرانی دەوڵەت و كەرتی گشتی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٨ دەرماڵەی مناڵ که بڕی (١٠,٠٠٠) دیناره بۆ یەك مناڵ بۆ باوكی مناڵەکه خەرجدەكرێت تا چوار مناڵ، گەرهاتوو باوکەکه فەرمانبەر بوو، خۆ گەرهاتوو فەرمانبەر نەبوو ئەوا بۆ دایکەکه خەرج دەكرێت گەر هاتوو فەرمانبەر بوو، کەواته وەك ئەسڵ و ڕێسای گشتی دەرماڵەی مناڵ دەخرێته سەرمووچەی باوك ، گەرهاتوو دایکەکه ویستی ئەو دەرماڵەیەی بۆ خەرج بكرێت و باوکەکەش هەمان ویستی هەبوو له هەمانکاتدا و هەردووکیشیان فەرمانبەر بوون، ئەوا لەم کاتەدا پێویسته دایکەکه پشتگیری دائیرەی هاوسەرەکەی بهێنی بۆ دائیرەکەی خۆی که ئەو دەرماڵەیه بۆ هاوسەرەکەی خەرجناكرێت.

ئەوەی جێگەی پرسیارە ئەوەیه گەرهاتوو باوك و دایك له یەکتر جیابوونەوە ، هەردوکیشیان فەرمانبەربوون و هەردووکیشیان پێداگرییان لەسەر ئەوە دەکردەوە که دەرماڵەکەیان بۆ خەرج بكرێت، ئایا لەم کاتەدا دەرماڵەکه بۆ كامیان خەرجدەكرێت؟

لەم بارەیەوە ئەنجومەنی شورای دەوڵەت له بڕیاری ژمارە (٢٠٠٩/٦) له **٢٠٠٩/١/٢٩**[٢]بۆ ئەوە ڕۆیشتووە که دەرماڵەی مناڵ له حاڵەتی

---

[٢] قرارات و فتاوى مجلس شورى الدولة لعام٢٠٠٩ ،ط١، منشورات مجلس شورى الدولة، بغداد، ٢٠١٠، ص٤٣.

جیابوونەوەی دایك و باوك لە یەكتر بۆ ئەوەیان خەرجەكرێت كە منداڵەكانی لایە و خەرجییان دەكێشێت ئەوەش بە گوێرەی بەڵگەنامەی بەخێوكردنی شەرعی (حجة الإعالة الشرعیة).

## (٣)

## ئایا لە پاش تۆمارکردنی داوا ، دەسەلاتی کارگێڕی دەتوانێت پێداچوونەوە بە دادخوازی (التظلم) فەرمانبەری سزادراودا بکات و سزاکەی هەڵوەشێنێتەوە؟

پاش ئەوەی لەلایەن دەسەڵاتی کارگێڕییەوە و بەگوێرەی ئەو ڕێوشوێنانەی کە یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ دەستنیشانی کردووە بۆ سزادانی فەرمانبەر، دەسەڵاتە کارگێڕییەکە هەستا بەسەپاندنی سزای بەرزەفتکاری بەسەر فەرمانبەری سەرپێچیکاردا، ئەوا بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٥)ی یاساکە، پێویستە فەرمانبەرەکە لە ماوەی (٣٠) ڕۆژدا لە ڕۆژی ئاگاداربوونی بەبڕیاری سزادانەکە ، دادخوازی(التظلم) پێشکەش بەو دەسەلاتە کارگێڕییە بکات کە بڕیاری سزادانەکەی داوە ، لەسەر دەسەلاتە کارگێڕییەکەش پێویستە لە ماوەی (٣٠) ڕۆژدا لە ڕۆژی پێشکەشکردنی دادخوازییەکە وەڵامی فەرمانبەرە سزادراوەکە بداتەوە ، خۆ گەرهاتوو ماوەی (٣٠) ڕۆژەکە تێپەری، بەڵام دەسەلاتە کارگێڕییەکە وەڵامی دادخوازیی فەرمانبەرەکەی نەدایەوە، ئەوا ئەم وەلامنەدانەوە بە ڕەتکردنەوەی دادخوازییەکە دادەنرێت، یاخود لە ماوەی (٣٠) ڕۆژەکەدا دائیرەکە دادخوازی فەرمانبەرەکەی ڕەتکردەوە ، لەم بەرەنجامەشەوە پێویستە فەرمانبەرەکە لەبەردەم دادگای تایبەتمەندا تانە لە بریاری سزادانەکەی بدات لە ماوەی (٣٠) ڕۆژدا لە ڕۆژی ڕەتکردنەوەی دادخوازییەکەی بە شێوەی حوکمی (تێپەربوونی ماوەی ٣٠ ڕۆژەکە و وەڵامنەدانەوەی لەلایەن ئیدارەوە) یان لەڕۆژی ڕەتکردنەوەی ڕاشکاوانە

دادخوزاییەکە.. لێرەدا ئەو پرسیارە سەر هەڵدات کە ئایا لە پاش تۆمارکردنی داواکە لەبەردەم دادگای تایبەتمەند، دەسەلاتی کارگێڕی دەتوانێت پێداچوونەوە بە دادخوازییەکەدا بکات و وەڵام بداتەوە و لەسەر ئەو بنەمایەش بریاری سزادانەکە هەڵوەشێنێتەوە گەر بۆی دەرکەوت بریارەکەی لەکەدارە (معیب)، سەرەرای تێپەربوونی ماوەی یاسایی سەیرکردنی دادخوازییەکە؟

لەلایەن خۆیەوە ئەنجومەنی دەولەی عێراقی لە بریاری ژمارە (٦٨/٢٠١٦ لە ٢٠١٦/٧/٢٤) [٣]وەڵامی ئەم پرسیارەی داوەتەوە و دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە ئەو لایەنەی بریاری سزادانەکەی دەرکردووە دەتوانێت پێداچوونەوە بە بڕیاری سزادانەکەدا بکات پاش تەواوبوونی ماوەی یاسایی دادخوازییەکە و لەسەر ئەم بنەمایەش دەتوانێت بریاری سزادانەکە هەڵوەشێنێتەوە گەرهاتوو بۆی دەرکەوت کە بریاری سزادانەکەی لەکەدار بووە (معیب) ، با داواکەش لەبەردەم دادگای تایبەتمەندا ببینرێت و دادبینی تێدا بکرێت.

---

[٣] قرارات مجلس الدولة و فتاواه لعام٢٠١٦ ،ط١، منشورات مجلس الدولة، بغداد، ٢٠١٧، ص١٦٥.

## (٤)

## فەرمانبەری مۆڵەتپێدراو لە دەرەوەی وڵات بوو، لە کاتی تەواوبوونی مۆڵەتەکەی گەر نەیتوانی پەیوەندی بکاتەوە بە وەزیفەکەیەوە و دەتوانێت چی بکات ؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە لە خوارەوە بە چەند خاڵێك روونکردنەوە دەدەین:

**یەکەم:** بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (سی و حەوتەم/ ٢) لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ وجوبییە کە فەرمانبەر لە ماوەی (١٠) رۆژدا لە رۆژی کۆتایی هاتنی مۆڵەتەکەی پەیوەندی بە وەزیفەکەیەوە بکاتەوە، بەپێچەوانەوە گەرهاتوو پەیوەندی بە وەزیفەکەیەوە نەکردەوە لەو ماوەیەدا بێ هەبوونی هیچ مەعزەرەتێکی بەجێ، ئەوا بە حوکمی یاسا بە دەستلەکارهەڵگرتوو(مستقيل) دادەنرێت. واتە تەنانەت ئەگەر دائیرەکەی یان وەزارەتەکەیشی فەرمانی کارگێڕیی بۆ دەرنەکردبێت و بە دەستلەکارهەڵگرتووی دانەنابێت، ئەوا دەقی یاساکە سیفەتی فەرمانبەرێتی لێ وەرگرتۆتەوە و بە دەستلەکارهەڵگرتووەی داناوە ، چونکە دەرچوونی فەرمانی کارگێڕی بۆدانانی فەرمانبەرەکە بە دەستلەکارهەڵگرتوو فەرمانێکی ئاشکراکارە (كاشفە) بۆ دەرخستنی ئاسەواری ماددە و برگەکەیە نەك دروستکار (منشأ) بێت.

**دووەم:** رێگە پێدراو نییە کە فەرمانبەرەکە چاوەرێ بکات کەسێکی دیکە بە بریکارنامەی گشتی دەستبەکاربونەوەکەی بۆ بکات پاش تەواوبوونی مۆڵەتەکەی ، چونکە وەزیفە پابەندییەکی کەسییە و خودی کەسەکە لەم پەیوەندییە یاساییەدا محەلی ئیعتیبارە نەك کەسێکی دیکە، لەبەر ئەوە بە

هیچ شێوەیەك ڕێگە پێدراو نییە بە بریکارنامەی گشتی دەستبەکاربونەوەی بۆ بکرێت.

**سێهەم:** بە گوێرەی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٧ ی وەزارەتی دارایی و ئابووریی هەرێم تایبەت بە مۆڵەتی بێ مووچە، گەرهاتوو فەرمانبەر مۆڵەتی وەرگرتبوو بۆ دەرەوەی ولات و دواتر بە هۆی نەخۆشیەوە نەیدەتوانی بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە پاش کۆتایی هاتنی ماوەی مۆڵەتەکەی دەستبەکاربێتەوە ، ئەوا پێویستە لەسەر فەرمانبەرەکە بە راپۆرتی پزیشکی ئەو ولاتەی کە لێی نیشتەجێییە دۆخەکەی خۆی پشتراست بکاتەوە و دواتر راپۆرتەکەش لەلایەن نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم راستاندنی بۆ بکرێت و پاش پەسەندکردنی لەلایەن فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوکات دەکرێت مۆڵەتی بێ مووچەی پێ بدرێتەوە . هەرچەند ئەم بەدەرکردنەی (استثناء) هاتووە تایبەتە بە مۆڵەتی بێ مووچە بەلام بەبروای ئێمە ڕێگە پێدراوە بۆ مۆڵەتەکانی دیکەش بەکاربهێنرێت چونکە لێرەدا مەعزەرەتەکەی بەجێیە و لەرووی یاساییەوە ئیعتیباری بۆ دەکرێت. بەڵام بێگومان لەم حاڵەتەدا دەبێت چوونە دەرەوەی فەرمانبەرەکە بە شێوەی یاسایی و ئوسوڵی بووبێت نەك بە نایاسایی و هەروەها پێشکەشکردنی راپۆرتە پزیشکییەکەش دەبێت پێش تەواوبوونی مۆڵەتەکەی بووبێت یاخود لانی کەم پێش تەواوی بوونی ماوەی (١٠) رۆژەکە بووبێت و تەنها کار بە راپۆرتی پزیشکیش دەکرێت، واتە دەبێت هۆکارەی نەگەرانەوەکە نەخۆشی بێت نەك هۆکاری دیکە چونکە ڕێنمایەکە ئەم بەدەرکردنەی گرێداوە بە هۆکاری نەخۆشی و راپۆرتی پزیشکی نەك هیچ هۆکار وراپۆرتێکی دیکە..

**چوارەم:** ئەگەر فەرمانبەرەکە نەیتوانی رێککاری خاڵی (سێهەم) جێبەجێ بکات یان ئەو هۆکارەی نەبوو، بەڵام هۆکارێکی مەشروعی دیکەی هەبوو وەك ئەوەی بە هەڵە لەلایەن لایەنێکی تایبەتمەند لەو وڵاتە راگیرابوو یان هەر هۆکار و دۆخێکی دیکەی لە توانا بەدەر و چاوەران نەکراو، ئەوا دەکرێت راستەوخۆ لە پاش گەرانەوەی لە دەرەوەی وڵات و لە ماوەی (١٠) رۆژدا، سەردانی دائیرەکەی بکات و بەڵگەی مەعزەرەتە مەشروعەکەی بخاتەروو کە رێگربووە لەوەی بتوانێت لە ماوەی یاساییدا بگەرێتەوە سەر وەزیفەکەی، ئەگەر دائیرەکەی کاریان بە مەعزەرەتەکەی کرد و بروایان وابوو کە مەعزەرەتێکی بەجێیە ئەوا رێگە پێدراوە بریاری کۆتایی هاتنی راژەکەی (دانانی بە دەستلەکارهەڵگرتوو) هەڵبوەشێتەوە ، خۆ گەرهاتوو ئەم هەنگاوەیان نەنا و داواکارییەکەیان رەتکردەوە ئەوا فەرمانبەرەکە دەتوانێت پەنا ببات بۆ دادگای تایبەتمەند (دەستەی بەرزەفتەکردن فەرمانبەرانی هەرێم ) لە ماوەی یاساییدا بەمەبەستی یەکلاکردنەوەی دۆسیەکەی و حوکمدان بە هەڵوەشاندنەوەی بریاری کۆتایی هاتنی راژەکەی.

## (٥)

## دەربارەی خانەنشینی فەرمانبەری گرێبەست

به گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٣١/پێنجەم/ب) له یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ مووچەی خانەنشینی ئەژمار دەکرێت بۆ ئەو فەرمانبەرەی کە به شێوەی گرێبەست له فەرمانگه حکومییەکان کاردەکات لەسەر بنەمای ئەو مووچەیەی کە شایستەیەتی بەپێی ئەو بڕوانامەیەی بەدەستی هێناوە لەگەڵ ڕەچاوکردنی حوکمەکانی یاساکە. هەروەها به پێی ئەحکامی ماددەی (نۆزدەیەم/ پێنجەم) له یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٣ یاسای بوجەی گشتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی دارایی ٢٠١٣ ماوەی کارکردنی فەرمانبەری گرێبەست بۆ مەبەستی خانەنشینی ئەژمار دەکرێت. هەروەها لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە فەرمانبەرانی گرێبەستیش ملکەچبوون بۆ بڕیاری ژمارە (٦٤) له ٢٠١٦/٢/٣ تایبەت به سیستمی پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران و بەشێك له مووچەکانیان پاشەکەوتکرا. لەسەر بنەمای ئەوەی له پێشەوە ئاماژەمان پێدا دەتوانین بڵێین:

**یەکەم:** فەرمانبەرانی گرێبەست شایستەی مووچەی خانەنشینی دەبن به گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٣١/پێنجەم/ب)ی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ کە له هەرێمی کوردستان بەرکارە ، هەروەك له یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٤ جەختی لەسەرکراوەتەوە.

**دووەم:** به پێوەری بڕوانامەی بەدەستهاتوو مووچەی خانەنشینی بۆ فەرمانبەری گرێبەست ئەژماردەکرێت به ڕەچاوکردنی حوکمەکانی

یاساکە لەم بارەیەوە، هەروەك مووچەی کارکردنی فەرمانبەرانی گرێبەست بە پێی بروانامەکانیان دیاریکراوە.

**سێهەم:** بە پێی ماددەی (٤/دووەم)ی یاساکە ، پێویست بوو وەزارەتی دارایی لە کاتی خۆیدا رێنمایی پێویستی دەربکردایە بۆ چۆنیەتی لێبڕینی راگیراوەکانی خانەنشینی لە فەرمانبەرانی گرێبەست، چونکە هیچ ماوەیەکی راژە بۆ مەبەستی خانەنشینی ئەژمارناکرێت گەربێتوو لێبرینەکانی خانەنشینی لێ نەدرێت.

**چوارەم:** لە کاتی ئێستا و لەبەر ئەوەی کە فەرمانبەرانی گرێبەستیش وەك فەرمانبەرانی هەمیشەیی پاشەکەوت لە مووچەکانیان کرا بە پێی بریاری ژمارە (٦٤)ی سالی ٢٠١٦ ی ئەنجومەنی وەزیران، ئەوا لەم کاتەدا دەکرێت بە گوێرەی رێنماییەکی دارایی تایبەت پشکی راگیراوەکانی خانەنشینی (التوقیفات التقاعدیة) لە فەرمانبەرانی گرێبەست وەربگیرێت لەو برِە مووچەیان کە پاشەکەوت کراوە بۆ ئەم مەبەستەش دەکرێت هەمان حوکمی فەرمانبەرانی هەمیشەییان لەسەر پەیرەو بکرێت کە لە ماددەی (٣) یاساکەدا و رێژەی لێبرینەکە بە (%٧) دیاری کراوە بۆ ئەوەی زامنی خزمەتەکانیان بکرێت و تادواتر ئەم فەرمانبەرانە بە گوێرەی حوکمەکانی یاساکە سوود مەندبن لەو مافانەی کە لە یاساکەدا هاتووە.

## (٦)

## تەنسیبکردنی فەرمانبەر لەبەر هۆکاری تەندروستی

تەنسیب بابەتێکە و بە شێوەی بەدەرکردن (استثناء) لە یاسای میلاکی ژمارە (٢٥)ی ساڵی ١٩٦٠ دا هاتووە و بۆ چارەسەرکردنی پێویستی پڕکردنەوەی میلاکاتە و حوکمە گشتییەکانی لەو یاسایەدا هاتووە، لە یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەولەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی سالی ١٩٩١ یشدا بە هەمان شێوە جارێکی دیکە بابەتی تەنسیب وەك بەدەرکردنێك لەسەر ئەحکامە گشتییەکانی تەنسیب بۆ حاڵەتی دەستپێکێشانەوە (سحب الید) هاتووە کە پەیوەندی بە گۆرینی شوێنکاری وەزیفی فەرمانبەرێکەوە هەیە کە هێشتا لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدایە و ماوەی دەستپێکێشانەوەکەی کۆتایی هاتووە.

جگە لەو دوو حاڵەتەی پێشەوە ، یاسادانەر لە ئەحکامی ماددەی (٢/ دووەم) لە یاسای پەککەوتنی تەندروستی ژمارە (١١)ی سالی ١٩٩٩ دا جارێکی دیکە بابەتی تەنسیبکردنی هێناوە ، کە ئەم جۆرە تەنسیبکردنە پەیوەندی بە دۆخی فەرمانبەرێکەوە هەیە کە باری تەندروستی تەواو نیە و ناتوانێت ئەو وەزیفەیە ببینێ کە لەبنەڕەتدا بۆی دامەزراوە ، لەسەر ئەو بنەمایەش لە خوارەوە بە کورتی باس لە وردەکاری ئەم جۆرە تەنسیبکردنە دەکەین:

بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٢) لە یاسای پەککەوتنی تەندروستی[٤]، گەرهاتوو فەرمانبەرێك دووچاری نەخۆشییەك هات کە چارەسەر نەدەکرا

---

[٤]وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گشتاندنی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٣ کاری بە ماددەی (٢)ی یاسای پەککەوتنی تەندروستی کردووە سەبارەت بە پێدانی مۆڵەتی درێژخایەن بۆ ماوەی (٣) ساڵ بۆ فەرمانبەرە نەخۆشەکە.

یان چارەسەرکردنەکەی درێژخایەن بوو زۆری پێدەچوو، یاخود لە نەخۆشیە خراپەکان بوو، ئەوا لەم کاتەدا مۆڵەتی (٣)ساڵ بە مووچەی تەواو دەدرێت بە فەرمانبەرە نەخۆشەکە لەسەر بنەمای راپۆرتی لیژنەی پزیشکی تایبەتمەند، لە پاش کۆتایی هاتنی ماوەی مۆلەتەکە، دووبارە فەرمانبەرەکە هەواڵەی لیژنەی پزیشکی تایبەتمەند دەکرێتەوە کە لیژنەکە لە بارەی چارەنووسی فەرمانبەرەکەوە و بەگوێرەی باری تەندروستییەکەی یەکێك لەم سێ بریارە دەدات:

١-بریار دەدات بە گەرانەوەی فەرمانبەرەکە بۆ سەر وەزیفەکەی گەرهاتوو دەرکەوت کە فەرمانبەرەکە چارەسەر بووە و چاکبوەتەوە بە تەواوی و دەتوانێت ئەرکەکانی وەزیفەکەی راپەڕێنێ.

٢ -بریار دەدات بە تەنسیبکردنی فەرمانبەرەکە بۆ وەزیفەیەکی دیکە کە لەگەڵ باری تەندروستی فەرمانبەرەکەدا بگونجێت گەرهاتوو فەرمانبەرەکە بە تەواوی چاك نەبووبوویەوە و نەیدەتوانی ئەرکی وەزیفە بنەرەتییەکەی خۆی راپەڕێنێ بکات.

٣- بریار دەدات بە هەواڵەکردنی فەرمانبەرەکە بۆ خانەنشینی گەرهاتوو دۆخی تەندروستی فەرمانبەرەکە لە بار نەبوو بۆ مومارەسەکردنی ئەرکی وەزیفەی گشتی، ئیتر راژەکەی هەرچەند بێت.

لەسەر بنەمای ئەوەی لە پێشەوە باسمان کردن، تەنسیبکردن لەبەر هۆکاری تەندروستی لەو حاڵەتەدا بەدی دێت کە نەخۆشەکە باری تەندروستی بە جۆرێکە ناتوانێت کە وەزیفە بنەڕەتییەکەی خۆی مومارەسە بکات بەلام دەگونجێت وەزیفەیەکی دیکە بەرێوە ببات کە لەگەل باری تەندروستیدا گونجاو بێت، کە یاسادانەر لێرەدا زاراوەی تەنسیبکردنی بۆ بەکارهێناوە.

## (٧)

## ئایا دەکرێت خانەنشین تەنازول لە مافی خانەنشینی بکات؟

رەنگە ئەوە رووبدات کە فەرمانبەرێك خانەنشین ببێت و لەرووی داراییشەوە پێگەی دارایی زۆر بە هێز بێت و پێویستی بە وەرگرتنی مووچەی خانەنشینی نەبێت و بیەوێت تەنازول لە مووچە خانەنشینییەکەی بکات بۆ کەسێکی هەژار یان خزمێکی، لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئایا ئەم جۆرە تەنازول کردنە یاساییە یان نا؟

بە گەرانەوە بۆ یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ و بە دیاریکراوی ماددەی (٢١) لە حوکمە گشتییەکان، یاسادانەر بەراشکاوی دەقی لەسەر ئەم بابەتە هێناوە و تیایدا دەڵێت:" رێگە پێدراو نییە کە تەنازول لە مافەکانی خانەنشینی بکرێت بۆ کەسێك یان لایەنێك و هەر جۆرە تەنازولێك لەم بارەیەوە بە پوچەڵکراوە دادەنرێت و بە هەند وەرناگیرێت." هەروەك لەلایەن خۆشیەوە یاسادانەر لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٤ ماددەی (٣٣/ دووەم)هەمان دەقی دووبارە کردۆتەوە ، لە سەر ئەم بنەمایەش چەند سەرنجێك دەخەینەڕوو:

**یەکەم:** مافی خانەنشینی مافێکی گرێدراو و لکاوە بە خودی کەسی خانەنشینکراو و خودی کەسەکە خۆی تا لە ژیاندا بێت جێگەی ئیعتیبارە ، هەروەك لە وەزیفەشدا هەمان حوکم بەسەر فەرمانبەردا جێبەجێ دەبێت و رێگە پێدراو نییە کە فەرمانبەر جگە لە خودی خۆی هیچ کەسێکی دیکە مومارەسەی وەزیفەکەی بکات.

**دووەم:** خانەنشینکراو تا ئەو کاتەی مووچەکە وەردەگرێت ئەوا پێویستە خودی خۆی ئامادەبێت یان بە بریکارنامەیەك کەسێکی دیکە رابسپێرێت کە مووچەی بۆ وەربگرن، بەلام لە پاش وەرگرتنی مووچەکەی ئیتر ئازادە لەوەی کە تەنازول لە مووچە وەرگیراوەکەی بکات بۆ هەر کەس

که بیەوێت و بیبەخشێت بە هەر کەسێك کە مەبەستی بێت.
**سێهەم :** یاسادانەر کاتێك بە دەقێکی سەربەخۆ و راشکاوانە بابەتی تەنازولی لە مافی خانەنشینی قەدەغەکردووە لەلایەك لە پێناو پاراستنی کەسی خانەنشینکراوە بۆ ئەوەی لە ژێر هیچ جۆرە فشارێکی دەروونی و جەستەیی تەنازولی پێ نەکرێت بە هۆی لاوازی باری جەستەیی پێگەکەیەوە و دواتر دەربەدەر بکرێت و بخرێتە سەر شەقام، لەلایەکی دیکەش گەرهاتوو تەنازول روویدا ئەوا گریمانە و واقیعی نوێ پەیدا دەبێت کە لەگەل سروشتی خانەنشینی و مافی خانەنشینیدا ناگونجێت.
**چوارەم:** مافی خانەنشینی مافێکی گرێدراوە بە خودی کەسی خانەنشینکراو تا ئەو کاتەی لە ژیاندا بێت و گەر هاتوو لە ژیاندا نەما ئەوا بە گوێرەی حوکمەکانی یاسای خانەنشنیی جێنشێنەکانی ئەوانەی کە یاسا مافی پێداون بەردەوام دەبن لە وەرگرتنی مووچەی خانەنشینی تا ئەو کاتەی کۆتایی پێدێت و دەبڕدرێت .
**پێنجەم:** لە یاسای ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ یاساکە باسی لە (کەس) و (لایەن) کردووە لە یاسای ژمارە (٩)ی سالی ٢٠١٤ یاساکە ئاماژەی بە کەسی مەعنەوی و کەسی سروشتی کردووە ، واتە تەنازول کردن نەك بۆ کەسێکی ئاسایی تەنانەت ئەگەر بۆ کەسێکی مەعنەویش بێت وەك رێکخراوێکی خێرخوازی ئەوا هەر دروست نییە و بە پوچەڵکراوە دادەنرێت.

## (٨)

## دووباره سەبارەت بە کاریگەری سزا بەرزەفتکارییەکان لەسەر سەرمووچە و پلەبەرزکردنەوە

سەبارەت بەکاریگەری سزا بەرزەفتەکارییەکان لەسەر دواخستنی سەرمووچە یان پلەبەرزکردنەوەی فەرمانبەر، بەگوێرەی دواین بیرورا دەربڕینی ئەنجومەنی شورای هەرێم بەژمارە (٢٠١٩/١ لە ٢٠١٩/٣/٧) [٥] ئەنجومەنی ناوبراو دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە ئەو سزا بەرزەفتەکارییانەی لە بەندەکانی (یەکەم) و (دووەم) و (سێهەم) و (چوارەم) و (پێنجەم) لە ماددەی (٨) لە یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ ی هەموار کراودا هاتووە دەبێتە هۆی دواکەوتنی پلەبەرزکردنەوەی (الترفیع) بەپێی ماوەی دیاریکراوی سزاکە .

هەرچەند لەرووی فیقهییەوە جۆرێك لە ناکۆکی و بیرورا جیایی هەیە بەتایبەت لە نێو پەرتوکەکانی شرۆڤەی یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ دەربارەی جێبەجێکردنی سزا بەرزەفتەکارییەکان و هەندێکیان پێیانوایە لەسەر سەرمووچە جێبەجێ دەکرێت و هەندێکیشیان بروایان وایە لەسەر پلەبەرزکردنەوە جێبەجێ دەکرێت، بەلام بەگوێرەی دواین بیرورا دەربڕینی ئەنجومەنی شورای هەرێم کە هاودەنگ و کۆکە لەگەڵ ئەنجومەنی دەوڵەتی عێراق دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە سزا بەرزەفتەکارییەکان لەسەر پلەبەرزکردنەوەی فەرمانبەر جێبەجێ دەکرێت،

---

[٥] بڕیارێکی بڵاوکراوە.

لەبەر رۆشنایی ئەوەی لای سەرەوە ، چەند سەرنجێکی یاسایی لەم بارەیەوە تۆمار دەکەین:

**یەکەم:** ئەنجومەنی شورای هەرێم وەك دامەزراوەیەکی تایبەت کە بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی بریتییە لە روونکردنەوەی دەقە یاساییەکان و دەربڕینی بیرورا لە بارەیانەوە ، لەسەر ئاستی هەرێم مشتومڕەکەی لەم بارەیەوە یەکلاکردۆتەوە و جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە سزای بەرزەفتەکاری دەبێتە هۆی دواخستنی پلەبەرزکردنەوە نەك دواخستنی سەرمووچە، کە بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان زۆربەی زۆری دائیرەکان سزا بەرزەفتەکارییەکان لەسەر سەرمووچە جێبەجێدەکەن کە ئەمەش لە بەرژەوەندی فەرمانبەر نیە و بە زیان بەسەریدا دەشکێتەوە، بۆیە لێرەدا ئیدارییەکان دەتوانن ئەم بیرورا دەبڕینە وەك بەڵگەی یاسایی بەکاربهێنن بۆ جێبەجێکردنی سزاکە لەسەر پلەبەرزکردنەوە نەك سەرمووچە.

**دووەم:** راستە بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (نۆیەم/دووەم) لەیاسای ئەنجومەنی شورای هەرێم ژمارە ١٤ی سالی ٢٠٠٨ بیرورا دەربڕینەکەی ئەنجومەنی شورای هەرێم پابەندکار (ملزم) نییە، بەڵام فەرمانبەر لە حالەتی جێبەجێکردنی سزا لەسەر سەرمووچەکەی لەلایەن ئیدارەوە دەتوانێت پاڵپشت بەم بیرورا دەربڕینە پەنا بەرێتە بەردەم دەستەی بەرزەفتەکردن و بەرگری لە خۆی بکات و بڕیارەکەی ئیدارە هەڵوەشێنێتەوە بە جێبەجێکردنی سزای بەرزەفتەکاری لەسەر سەرمووچەکەی.

**سێهەم:** بە گوێرەی ئەم رادەربڕینە ، هەموو ئەو سزایانەی کە سەپێنراوە بەسەر فەرمانبەردا لەپاش راوەستانی پلەبەرزکردنەوە ـ بێگومان

بەرەچاوکردنی حوکمی ماددەی پەنجاونۆیەم/٣ لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە ٢٤ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراو ـ یان دەسەپێنرێت بەسەریاندا پێویستە جێبەجێکردنیان رابگیرێت تا ئەو کاتەی پلەبەرزکردنەوە دەستپێدەکاتەوە، ئەو کات لەسەر پلەبەرزکردنەوەی فەرمانبەران جێبەجێ بکرێت، بە مەرجی سزاکە بەگوێرەی حوکمی ماددەی (٢١/دووەم) لە یاسای بەرزەفتەکردن بە سوپاس و پێزانین هەڵنەوەشابێتەوە و کۆتایی نەهاتبێت .

**چوارەم:** ئەنجومەنی شورای هەرێم جیاواز لە ئەنجومەنی دەولەی عێراقی وەلامی ئەو پرسیارەیشی داوەتەوە سەبارەت بە حاڵەتی راوەستانی پلەبەرزکردنەوەی فەرمانبەر بە هەر هۆیەك لەو هۆیانەی کە یاسا دەقی لەسەرهێناوە کە ئایا لەم دۆخەدا سزاکە چۆن جێبەجێ دەکرێت و ئاماژەی بەوەدا لەم دۆخەدا سزاکە لەسەر سەرمووچەی فەرمانبەرەکە جێبەجێ دەکرێت گەرهاتوو فەرمانبەرەکە گەیشتبووە قۆناغێك کە پلەبەرزکردنەوەی نەمابوو.

## (٩)

## له حاڵەتی وەفاتی فەرمانبەردا، مووچەی مۆڵەتی کۆکراوەی بە کێ دەدرێت؟

کاتێك فەرمانبەر لە تەمەنی وەزیفیدا وەفات دەکات، ئەوا بەحوکمی یاسا هەواڵەی خانەنشینی دەکرێت، بەڵام رەنگە لێرەدا ئەو پرسیارە سەر هەڵبدات ، کە ئایا شایستەی وەرگرتنی مووچەی مۆڵەتە کەڵەکەبووەکانی دەبێت و گەرهاتوو شایستە بوو ئایا ئەو مووچەیە بە کێ دەدرێت؟

بە گەرانەوە بۆ حوکمی ماددەی (چل و پێنجەم/٦) لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراو لە کاتی وەفاتکردنی فەرمانبەری شایستە بەوەرگرتنی مووچەی مۆڵەتی کەڵەکەبوو، ئەوا ئەو مووچەیەی لەم بارەیەوە شایستەی دەبێت دەدرێت بەوانەی کە شایستەی وەرگرتنی مووچەی خانەنشینی دەبن بە گوێرەی یاسای خانەنشینی. لەسەر ئەم بنەمایەش دەتوانین بڵێین:

**یەکەم:** بەگوێرەی ماددە و بڕگەی ئاماژە پێکراوی لای سەرەوە، دەسەلاتی ئیدارە دەسەڵاتێکی کۆت و بەندکراوە و لە حالەتی وەفاتکردنی فەرمانبەردا گەرهاتوو فەرمانبەرەکە شایستە دەبوو بە وەرگرتنی مووچەی مۆڵەتە کۆکراوەکانی ، ئەوا پێویستە بدرێت بەوانەی کە بەپێی ئەحکامی یاسای خانەنشینی بەرکار شایستەی وەرگرتنی مووچەی خانەنشینی دەبن نەك میراتبەرەکانی (الورثة) .

**دووەم:** لەسەر بنەمای خاڵی یەکەمی لای سەرەوە گەرهاتوو فەرمانبەرێك وەفاتیکرد و لە پاش خۆی شایستەبووی نەبوو بە وەرگرتنی مووچەی خانەنشینی (خلف المتقاعد) ئەوا لەم کاتەدا مووچەی مۆڵەتە کەڵەکەبووەکانی خەرج ناکرێت بۆ میراتبەرەکانی (الورثة)ی فەرمانبەری

وەفاتکردوو، چونکە دەقی ماددەکە بەروونی لەم بارەیەوە هاتووە و لێکدانەوەی هەڵناگرێت.

ئەم ئاراستەیەی یاسادانەر تەواو جیاوازە لەگەل ئەو ئاراستەی کە یاسادانەر پەیرەوی کردووە سەبارەت بەخەرجکردنی نیومووچەی راگیراوی فەرمانبەر لە کاتی وەفاتکردنی فەرمانبەری دەستپێکێشراوە کە لەم کاتەدا و بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٩/چوارەم) لە یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ ی هەموارکراو گەرهاتوو فەرمانبەری دەستپێکێشراوە پێش دەرچوونی بڕیاری بنبڕ لە لێکۆڵینەوە یان دادگاییکردن وەفاتیکرد، ئەوا نیو مووچە راگیراوەکەی دەگەڕێنرێتەوە بۆ ئەوانەی کە مافی وەرگرتنی مافی خانەنشینیان هەیە بەگوێرەی حوکمەکانی یاسای خانەنشینی شارستانی و لە حاڵەتی نەبوونی ئەو کەسانەدا ـ ئەوانەی مافی وەرگرتنی مافی خانەنشینیان هەیە ـ ئەوا دەگەڕێنرێتەوە بۆ میراتبەرەکانی .

کە لێرەدا یاسادانەر جیاواز لە بابەتی خەرجکردنی مووچەی مۆڵەتی کەڵەکەبوو مامەڵەی لەگەل نیو مووچەی راگیراوی فەرمانبەری وەفاتکردوو کردووە و دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە گەرهاتوو فەرمانبەرە وەفاتکردووەکە شایستەبووی وەرگرتنی مووچەی خانەنشینی لەپاش بەجێ نەمابوو، ئەوا نیومووچە راگیراوەکەی دەدرێت بە میراتبەرەکانی .

لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە یاسادانەر لە بڕگەی چواری ماددەی (١٩)ی یاسای بەرزەفتەکردن فراوانتر بۆ بابەتەکە رۆیشتووە و مافی میراتبەرانی فەرمانبەری کۆچکردووی پاراستووە لە وەرگرتنی نیو مووچەی راگیراوی فەرمانبەرە وەفاتکردووەکە ، لەکاتێکدا

له خەرجکردنی مووچەی مۆلەتی کەلەکەبووی فەرمانبەری وەفاتکردووە ئەم هەنگاوەی نەناوە و خەرجکردنی مووچەی مۆڵەتە کەلەکەبووەکانی فەرمانبەری گرێداوە بەهەبوونی شایستەبووی مووچەی خانەنشینی فەرمانبەرە کۆچکردووەکە بەگوێرەی حوکمەکانی یاسای خانەنشینی شارستانی، کەگەرهاتوو شایستەبووی نەبوو ئەوا میراتبەرەکانی ناتوانن داوای بکەن.

## (١٠)

## چارەنووسی مۆڵەتی کەڵەکەبووی ئەو فەرمانبەرەی بە ڕەزامەندی دائیرەکەی دەستلەکاردەکێشێتەوە و پاشان دووبارە دادەمەزرێتەوە؟

پاش دەرچوونی یاسای ژمارە (٥٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ی پەرلەمانی عێراق یاسای هەمواری یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ ، بڕگەی (٢) بۆ ماددەی (چل و نۆیەم)ی یاسای ڕاژەی شارستانی زیادکرا کە ئەویش بریتی بوو لە:" خەرجکردنی مووچەی مۆڵەتی کۆکراوە بۆ ئەو فەرمانبەرەی کە بە ڕەزامەندی دائیرەکەی دەستلەکاردەکێشێتەوە". ئەوەش بە مەبەستی بێبەش نەبوونی فەرمانبەر لە مووچەی مۆڵەتە کۆکراوەکانی کاتێك بەرەزامەندی دائیرەکەی دەستلەکاردەکێشێتەوە.
لەسەر ئەم بنەمایەش دەڵێین:

**یەکەم :** یاسادانەر بەم یاسایە مافێکی بۆ ئەو فەرمانبەرانە زامن کرد کە بەرەزامەندی دائیرەکەیان دەستلەکاردەکێشنەوە کە ئەویش بریتییە لە مافی وەرگرتنی مووچەی ئەو مۆڵەتە کۆکراوەی لە کاتی وەزیفەیاندا وەریان نەگرتووە بەو مەرجەی کە لە (١٨٠) ڕۆژ تێپەڕ نەکات.

**دووەم:** ئەم دەقە ئەوەمان پێدەڵێت گەرهاتووفەرمانبەر لە کاتی دەستلەکارکێشانەوەی بە ڕەزامەندی دائیرەکەی مووچەی مۆڵەتە کۆکراوەکانی وەرنەگرت ئەوا بۆی دەپارێزرێت و دەکرێت بخرێتە سەر ڕەسیدی مۆڵەتی کۆکراوەی فەرمانبەرەکە گەرهاتوو دووبارە دامەزرایەوە (اعادة التعيين) بەو مەرجەی (١٨٠) ڕۆژ تێپەڕ نەکات و دەستلەکارکێشانەوەکەش کەوتبێتە پاش بەرکاربوونی یاسای ژمارە (٥٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ و ڕەزامەندی دائیرەکەی بووبیت . هەروەك ئەنجومەنی دەوڵەی عێراقی لە بڕیاری ژمارە (٢٠١٧/٨٢) لە (٢٠١٧/٧/١٩)

دووپاتیكردۆتەوە[٦].

لەسەر بنەمای هەردوو خاڵی لای سەرەوە ، دەڵێین ئەو فەرمانبەرەی کە لە پاش بەرکاربوونی یاسای ژمارە (٥٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ دەستلەکار بکێشێتەوە ئەوا شایستەی وەرگرتنی مووچەی مۆڵەتە کۆکراوەکانی دەبێت بە مەرجێك کە لە (١٨٠) رۆژ زیاتر تێپەڕ نەکات . خۆ گەرهاتوو مووچەی ئەو مۆڵەتانەیشی وەر نەگرتبوو بە هەر هۆیەك بێت لە هۆیەکان، ئەوا دەتوانێت کەڵکیان لێ وەربگرێتەوە وەك مۆڵەتی کەڵەکەبوو گەرهاتوو دووبارە گەرایەوە دامەزراوەیە لە فەرمانگەکانی حکومەتدا.

---

[٦] قرارات مجلس الدولة وفتاواه لعام ٢٠١٧، ط١، منشورات مجلس الدولة، بغداد، ٢٠١٨، ص٢٢٨.

## (١١)

## ئايا وتەی فەرمانبەری هەواڵەكراو بۆ لێكۆڵینەوە پێویستە لەلایەن لیژنەی لێكۆڵینەوەكەوە واژۆی لەسەر بكرێت؟

كاتێك فەرمانبەرێك هەواڵەی لیژنەی لێكۆڵینەوە دەكرێت و وتەكانی لەلایەن لیژنەكەوە وەردەگیرێت، زۆربەی جار لەلایەن سەرۆك و ئەندامانی لیژنەكەوە واژۆ لەسەر وتە وەرگیراوەكانی فەرمانبەرەكە دەكرێت سەرەرای واژۆكردنی لەلایەن خودی فەرمانبەرەكەوە، پرسیارەكە لێرەدا ئەوەیە كە ئایا واژۆكردنی ئەندامانی لیژنەكە لەسەر وتەی وەرگیراوی فەرمانبەرەكە پێویستە؟ ئایا یاساكە واژۆكردنەكەی وەك رێككارێكی شكلی جەوهەری داناوە؟ ئایا گەر واژۆنەكرێت دواتر بەم هۆیەوە بڕیاری سزادانی فەرمانبەرەكە كە پشتی بە كۆنووسی ئەو لیژنەیە بەستووە كەئەندامەكانی واژۆیان لەسەر وتەی فەرمانبەرەكە نەكردووە هەڵدەوەشێتەوە ؟

بە پێی ئەو بە دواداچوونەی كردوومانە بۆمان دەركەوتوو هەندێكجار بڕیاری سزادانی فەرمانبەر بەم پاساوە (پاساوی واژۆنەكرانی وتەی فەرمانبەر لەلایەن ئەندامانی لیژنەوە ) لەلایەن دەستەی بەرزەفتەكردنی فەرمانبەرانی هەرێم و دادگای دادیی فەرمانبەرانەوە لە عێراق هەڵوەشێنراوەتەوە . بۆ وەڵامی ئەم پرسە لە خوارەوە هەوڵدەین وەڵام بدەینەوە :

**یەكەم:** بە گەرانەوە بۆ دەقی ماددەی (١٠/دووەم) لە یاسای بەرزەفتەكردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و كەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ دەردەكەوێت كە یاسادانەر بە هیچ شێوەیەك ئاماژەی نەداوە بە پێویستی هەبوونی واژۆی سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی لێكۆڵینەوە لەسەر

وتەی وەرگیراوی فەرمانبەری هەواڵەکراو بۆ لێکۆڵینەوە ، لەسەر ئەم بنەمایەش دەتوانین بڵێین واژۆکردنەکە لەلایەن یاسادانەرەوە بە مەرجی شکلی جەوهەری دانەنراوە و لەم بەرەنجامەشەوە ڕێگە پێدراو نییە کە سزای سەپێنراو بەسەر فەرمانبەردا لەلایەن دادگای تایبەتمەندەوە بە پاساوی واژۆنەکردنی وتەکانی لەلایەن سەرۆك و ئەندامانی لیژنەکەوە هەڵبوەشێنرێتەوە .

**دووەم**: بەگەرانەوە بۆ ڕێسای گشتی لێکۆڵینەوە و بەبروای ئێمە هەبوونی واژۆی خودی فەرمانبەری هەواڵەکراوە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر هەموو لاپەرەکانی ئەو وتانەی کە لەبەردەم لیژنەی لێکۆڵینەوەدا لێی وەرگیراوە گرنگ و بنەڕەتییە و پێویستە واژۆی لەسەر بکات ، بەو مانایەی کاتێك فەرمانبەرەکە واژۆ لەسەر هەموو ئەو لاپەرانە دەکات کە وتەکانی خۆی تێدا نوسراوە ، ئەوە بەبەڵگە دادەنرێت لەسەری کە خۆی تەواوی وتەکانی خۆی خوێندۆتەوە و پێی ڕازی بووە بۆیە واژۆی کردووە، ئیتر بۆی نییە بانگەشەی ئەوە بکات کە ئەو وتانە ، وتەی ئەو نین، تەنانەت ئەگەر کوژانەوەیەك یان ڕاستکردنەوە و ئیزافەکردنێکیش هەبێت لە وتە نوسراوەکانیدا، باشتر وایە لەلایەن خودی فەرمانبەرەکەوە واژۆ لەسەر ئەو کوژاندنەوە و زیادکردنانە بکرێت، کەواتە نەبوونی واژۆی فەرمانبەرەکە لەسەر وتەکانی ، گومان لەسەر کۆی پرۆسەی وتە وەرگرتنەکە دروست دەکات و لەم کاتەدا فەرمانبەرەکە لەبەردەم دادگای تایبەتمەند دەتوانێت نکولی لەو وتانە بکات بە پاساوی ئەوەی کە واژۆی لەسەر نەکردووە و ئاگاداری ناوەرۆکی ئەو وتانە نەبووە و بەم پاساوە بریاری سزادانەکەی لەلایەن دادگای تایبەتمەندەوە هەڵبوەشێنرێتەوە .

**سێهەم**: لایەنی تایبەتمەند و دادگای تایبەتمەند پشت بە کۆنووسی لیژنەی لێکۆڵینەوەکە دەبەستن و متمانەی دەکەنە سەر، کە کۆنووسەکە پێویستە تەواوی ئەو رێککارەکانە لە خۆی بگرێت کە لیژنەکە ئەنجامیان داوە لەگەل ئەو دەرەنجام و پێشنیارانەی کە پێی گەیشتوون لە میانەی لێکۆڵینەوەکەیاندا و پێویستە ئەم کۆنووسە لەلایەن سەرجەم ئەندامانی لیژنەکەوە واژۆ بکرێت،خۆگەرهاتوو لەلایەن ئەندامێك یان زیاتری لیژنەکەوە واژۆنەکرێت و واژۆنەکردنەکەش هیچ بیانووو پاساوێکی نەبوو وەك هەبوونی خۆپارێزی (تحفظ) ، ئەوا بەبروای ئێمە لەم کاتەدا ئەو واژۆنەکردنە دەبێتە لەکە (عیب) لەسەر کارەکانی لیژنەکە و دەکرێت لەم بەرەنجامەوە بریاری سزادانەکەش هەڵوەشێتەوە کە پشتی بەو کۆنووسە واژۆنەکراوە بەستووە.

**چوارەم**: لەلایەن خۆیەوە دادگای باڵای کارگێری عێراق لە بڕیاری ژمارە (١٧٣٩/ قەزای فەرمانبەران/پێداچوونەوە /٢٠١٧ لە ٢٠١٧/١٠/١٩) [٧] بریاری داوە بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیارێکی دادگای دادی فەرمانبەران (محكمة قضاء الموظفين) تایبەت بە هەڵوەشاندنەوەی بریاری سزایەکی بەرزەفتەکاریی بە پاساوی نەبوونی واژۆی سەرۆك و ئەندامانی لیژنەکە لەسەر وتەی وەرگیراوی فەرمانبەرەکە، لەم بارەیەشەوە دادگای باڵای کارگێڕیی دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە یاسادانەر لە بەندی دووەمی مادەی (١٠)ی یاسای بەرزەفتەکردندا هەبوونی واژۆی سەرۆك و ئەندامانی لیژنەکەی بەمەرج نەگرتووە لەسەر وتەی وەرگیراوی فەرمانبەرەکە و بەڵکو دەقی لەسەر ئەوە هێناوە کە پێویستە لیژنەکە

---

[٧] قرارات مجلس الدولة وفتاواه لعام ٢٠١٧، المصدر السابق، ص٥١٨.

کۆنووسێك ئامادە بکەن و ئەو رێککارانەی ئەنجامیان داوە تیایدا جێگیری بکەن لە وتە وەرگیراوەکان و وتەی شایەتەکان و هەر رێککارێکی دیکە لەگەل ئەو دەرەنجام وپێشنیارە هۆکاردارانەی (مسبب) کە پێی گەیشتوون، دواتر لەلایەن ئەندامانی لیژنەکەوە کۆنووسەکە واژۆکرابێت، کە هەر ئەم کۆنووسەش پشتی پێدەبەسترێت و متمانەی دەکرێتە سەر بۆ تەواوکردنی ئەو شکلیەتەی کە یاسادانەر واجبی کردووە نەك هەبوونی واژۆی ئەندامانی لیژنە لەسەر وتەی وەرگیراوی فەرمانبەرەکە ، چونکە ئەمەی دوایی جۆرێکە لە ئالۆزکردنی رێککارەکان و فەلەجکردنی کاری ئیدارە .
لەسەر بنەمای ئەو خالأنەی لای سەرەوە ، دەتوانین بلێین نەبوونی واژۆی سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی لێکۆڵینەوە لەسەر وتەی وەرگیراوی فەرمانبەر، پاساو نییە بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای سەپێنراو بەسەر فەرمانبەردا و واژۆکردنەکە شکلیەتێك نییە لەو شکلیەتانەی کە یاسای تایبەتمەند واجبی کردبێت وەك شکلیەتێکی جەوهەری .

## (١٢)

## ئايا ڕێگە پێدراوە (١٨٠) ڕۆژی مۆڵەتی کەڵەکەبووی فەرمانبەر وەك ڕاژەی خانەنشینی ئەژمار بکرێت له بری خەرجکردنی مووچەکەی؟

ڕەنگە ئەو پرسیارە بکرێت گەرهاتوو فەرمانبەرێك بیەوێت مووچەی مۆڵەتە کەڵەکەبووەکانی وەرنەگرێت و داوا بکات لە بری مووچەی ئەو (١٨٠) ڕۆژە، وەك خزمەتی خانەنشینی بۆی ئەژمار بکرێت، ئایا ئەم بابەتە چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت؟

بە گەڕانەوە بۆ ئەحکامی مادەی (٤٣) لە یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ ی هەموارکراو مۆڵەتی ئاسایی فەرمانبەر کە هەر (١) ڕۆژە لەبەرامبەر (١٠) ڕۆژ ڕاژەی فیعلی ، گەرهاتوو فەرمانبەرەکە لە کاتی خۆیدا لێی سوودمەند نەبوو و بەکاری نەهێنا ، ئەوا ڕێگە پێدراوە بۆی کۆ ببێتەوە تا ئاستی (١٨٠) ڕۆژ و سیفەتی مۆڵەتی کەڵەکەبوو وەر بگرێت، بەو مانایەی کە فەرمانبەر تا ئاستی (١٨٠) ڕۆژ مۆڵەتی بۆ کۆدەبێتەوە تا دواتر بتوانێت لە ژیانی وەزیفی خۆیدا بەکاری بهێنێ یان مووچەکەی وەربگرێت لەو حاڵەتانەی کە یاساکە دەسنیشانی کردووە و ئیتر با لەو (١٨٠) ڕۆژەش زیاتری هەبێت، واتە لێرەدا مافی فەرمانبەر لە مامەڵەکردنی بە مۆڵەتە کەڵەکەبووەکانی چ بۆ سوود لێوەرگرتن و بەکارهێنانی بێت لە ژیانی وەزیفیدا یان وەرگرتنی مووچەکەی بێت ئەوا گرێ دراوە بەو (١٨٠) ڕۆژە و لەوە تێپەڕ بکات ناتوانێت بە هیچ شێوەیەك مامەڵەی پێوە بکات چونکە ئیتر لە دەستی دەرچووە و خاوەنی نییە و تەنها بۆ مەبەستی خانەنشینی دەتوانێت سوودی لێوەربگرێت.

لەم بەرەنجامەشەوە هەر ماوەیەکی مۆڵەتی ئاسایی کە کەوتە سەروو (١٨٠) ڕۆژەکەوە لە کاتی خۆیدا فەرمانبەرەکە لێی سوود نەببوو ئەوا ئیتر

له دەستی فەرمانبەر دەردەچێت و ناتوانێت وەك مۆڵەتی ئاسایی کەڵکی لێ وەربگرێت له ژیانی وەزیفی خۆیدا.

سەبارەت بەئەژمارکردنی ئەو (١٨٠) رۆژه که سیفەتی مۆڵەتی کەڵەکەبووی وەرگرتووە، رێگە پێدراو نییە که وەك راژەی خانەنشینی ئەژمار بکرێت و فەرمانبەرەکە داوا بکات بۆی ئەژمار بکرێت وەك راژەی خانەنشینی و نایەوێت مووچەکەی وەربگرێت، چونکە هەر له بنەرەتدا پێشتر ماوەی ئەو مۆڵەتانەی وەك راژەی خانەنشینی بۆ ئەژمار کراوە و رێگە پێدراو نیە که دووبارە بۆی ئەژمار بکرێتەوە،کە مەبەستی یاسادانەر لێرەدا و له تایبەتمەندی دان بەو (١٨٠) رۆژه ئەوەیە که فەرمانبەرەکە له ژیانی وەزیفیدا دەتوانێت وەك مۆڵەتی ئاسایی بەکاری بهێنێ یان له پاش نەمانی له وەزیفەی دەتوانێت مووچەکەی وەر بگرێت، هەروەك لەلایەن خۆشیەوە ئەنجومەنی دەولەی عێراقی له فەتوای ژمارە (٢٠١٧/٧) له (٢٠١٧/١/١) [٨] جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە که یاسادانەر رێگەی داوە بە ئەژمار کردنی ئەو ماوە مۆڵەتانەی فەرمانبەر که لەسەروو (١٨٠) رۆژەوەن بۆ مەبەستی خانەنشینی و ئەو ماوەیەشی وەك مۆڵەتی کەڵەکەبوو دەکەوێتە چوارچێوەی (١٨٠) رۆژەکەوە ئەوا له بنەڕەتدا ئەژمار کراوە بۆ مەبەستی خانەنشینی و رێگە پێدراو نییە که دووبارە ئەژمار بکرێتەوە، چونکە یاسادانەر له پاش خانەنشینی بوونی فەرمانبەرەکە له بەرامبەر ئەو (١٨٠) رۆژەدا پاداشتێکی ماددی داناوە که بریتییە له وەرگرتنی مووچەی ئەو ماوەیە نەك ئەژمار کردنی بۆ مەبەستی خانەنشینی.

---

[٨] قرارات مجلس الدولة وفتاواه لعام ٢٠١٧، المصدر السابق، ص٥١ .

## (١٣)

## ئایا دەرکردنی بڕیاری دانانی فەرمانبەر بەدەستلەکارکێشراوە (مستقیل) لە دەسەڵاتی کێدایە ؟

بە پێی ئەحکامی ماددەی (٣٧) لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراو ئەو فەرمانبەرەی کە فەرمانی گواستنەوەی راژەکەی پێڕاگەیەنراوە لە ماوەی پێنج رۆژدا پەیوەندی نەکات بە وەزیفەکەیەوە (بێگومان دوای لەکارترازانی لە دائیرەی یەکەمی) بەبێ هیچ مەعزەرەتێکی بەجێ یاخود ئەو فەرمانبەرەی کە لە پاش کۆتایی هاتنی مۆڵەتەکەی پەیوەندی نەکاتەوە بە وەزیفەکەیەوە لە ماوەی (١٠) رۆژدا بەبێ هیچ مەعزەرەتێکی بەجێ یاخود ئەو فەرمانبەرەی کە لە ماوەی ساڵێکی تەقویمیدا لە وەزیفە دادەبڕێت سا ئەو دابران بە سەریەکەوە بێت یان پچڕ پچڕ و بەبێ هیچ مەعزەرەتێکی بەجێ بە گوێرەی حوکمی ماددەی (١) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٢ی پەرلەمانی کوردستان ، ئەوا هەر هەرسێ حاڵەتی ئاماژە پێکراو بە حوکمی قانون بە دەستلەکارکێشراوە دادەنرێن (یعتبر مستقیلا عن الوظیفة).

لەسەر ئەو بنەمایەش دەتوانین بڵێین کاتێك فەرمانبەرێك لەو (٣) حاڵەتەی باسکرا گەرهاتوو بۆ ئەو ماوانەی (المدة) هەردوو یاساکە دیاریکردووە لە وەزیفە دابرا و هیچ مەعزەرەتێکی بەجێی نەبوو بۆ دابرانەکەی، ئەوا بە حوکمی قانون بەدەستلەکارکێشراوە (مستقیل) دادەنرێت و دەرکردنی فەرمانی کارگێڕی بۆ دانانی بە دەستلەکارکێشراوە تەنها بریارێکی ئاشکرا کارە (کاشف) بۆ ئاسەواری حوکمی هەردوو یاساکە، ئەگینا فەرمانبەرەکە لە بنەرەتدا و لە پاش بەدیهاتنی ئەو

مەرجانەی کە یاساکان دیارییان کردووە سیفەتی فەرمانبەریێتی لەدەست دەدات، کەواتە لێرەدا ئەو پرسیارە سەر هەڵدەدات کە چ لایەنێك تایبەتمەندە بە دەرکردنی ئەو بڕیارە ئاشکراکارە؟

بە گەرانەوە بۆ یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ بۆمان دەردەکەوێت کە یاساکە دەقی لەسەر دەرکردنی بریارێکی تایبەت بە دانانی فەرمانبەر بە دەستلەکارکێشراوە لە لایەن وەزیری تایبەتمەندەوە نەهێناوە، بەڵام لە ماددەی (٣)ی یاسایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٢ی پەرلەمانی کوردستان بە دەق هاتووە کە "پێویستە لەسەر وەزیرە پێوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار" لەم بەرەنجامەشەوە بۆمان دەردەکەوێت کە:

**یەکەم:** دانانی فەرمانبەر بە دەستلەکارکێشراوە بە هۆی دابرانی لە وەزیفە بۆئەو ماوانەی کە لە هەردوو یاساکەدا هاتووە پشت بە دەقی یاساکان دەبەستێت نەك بڕیارێکی دەرچوو لە لایەن دەسەلاتی کارگێڕییەوە ، کە ئەمەش دوپاتی ئەوە دەکاتەوە بریاری دانانی فەرمانبەر بە دەستلەکارکێشراوە بڕیارێکی ئاشکرا کارە و گەر تەنانەت بڕیارەکەش دەرنەچێت هیچ لە ئاسەوارەکانی حوکمی یاساکان ناگۆرێت و فەرمانبەرەکە بە دابرانی بۆ ئەو ماوانەی لە یاساکاندا هاتوون و گەرهاتوو مەعزەرەتی بەجێی نەبوو ئەوا بە دەستلەکارکێشراوە دادەنرێت و سیفەتی فەرمانبەریێتی لەدەستدەدات.

**دووەم:** لەبەر ئەوەی لە یاسای راژەی شارستانیدا، لایەنی تایبەتمەند بە دەرکردنی بریارەکە بە دەق نەهاتووە ، ئەوا بەبروای ئێمە لە بنەرەتدا دەسەلاتەکە تایبەتە بە وەزیری تایبەتمەند، بەلام وەزیر دەتوانێت دەسەڵاتی دەرکردنی بڕیارەکە بداتە بریکاری وەزارەت یان بەرێوەبەری

گشتی یان هەر فەرمانبەرێکی دیکە .هەروەك لەلایەن خۆیەوە ئەنجومەنی دەولەی عێراقی لە فەتوای ژمارە (٢٠١٧/٦٧) لە (٢٠١٧/٥/١٧) [٩] دووپاتی کردۆتەوە.

**سێهەم:** سەبارەت بە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٢ ی پەرلەمانی کوردستان کە هەمواری بڕگەی (٣)ی ماددەی (٣٧)ی یاسای راژەی شارستانی کردۆتەوە تایبەت بە دابرانی فەرمانبەر بۆ ماوەی (٣٠) رۆژ لە وەزیفەکەی لە ماوەی ساڵێکی تەقویمیدایە ، لەبەر ئەوەی بە دەق لە حوکمی ماددەی (٣)ی یاساکەدا وەزیری تایبەتمەند راسپێراوە بە جێبەجێکردنی حوکمەکانی یاساکە و ئاماژە بە نەدراوە کە وەزیری تایبەتمەند یان ئەوەی کە دەسەڵاتی پێدەدات هەڵدەستێ بە جێبەجێکردنی حوکمەکانی یاساکە، ئەوا بەبڕوای ئێمە لەم کاتەدا پێویستە بڕیارە ئاشکراکارەکە لە لایەن وەزیرەوە دەربچێت و وەزیر ناتوانێت ئەم دەسەڵاتە بدات بە هیچ فەرمانبەرێکی دیکە (چ بریکاری وەزارەت بێت یان بەرێوەبەری گشتی یان هەر فەرمانبەرێکی دیکەی وەزارەتەکە).

[٩] قرارات مجلس الدولة وفتاواه لعام ٢٠١٧، ، المصدر السابق، ص١٩٠.

## (١٤)

## جیاوازی چی یە لە نێوان پشووی قوتابخانەکان و مۆڵەتی ئاسایی؟

پشووی قوتابخانەکان ئەو فەرمانبەرانە دەگرێتەوە کە لە قوتابخانە و پەیمانگا و کۆلێژەکان دەوام دەکەن و لە نێوان (٧/١ تا ٨/٣١) دەوامی فەرمی ناکەن، بەلام مۆڵەتی ئاسایی فەرمانبەرانی ئەو وەزارەت و دامودەزگایانە دەگرێتەوە کە رۆژانە دەوامی ئاسایی دەکەن و شایستەی وەرگرتنی مۆلەتی ئاسایی دەبن بە (١) رۆژ بۆ هەر (١٠) رۆژ لە راژەی فیعلی ، کەواتە جیاوازی نێوان پشووی قوتابخانەکان و مۆلەتی ئاسایی چییە؟

**یەکەم:** کەڵك وەرگرتن لە پشووی قوتابخانەکان بەستراوەتەوە بە بەروارێکی پێشوەختە دیاریکراو ماوە دیاریکراو، بەهیچ شێوەیەك کاتی وەرگرتنەکەی گۆرانی بەسەردا نایەت، بەڵام مۆلەتی ئاسایی بەجێهێڵراوە بۆ داواکاری و خواستی فەرمانبەر و هەر کات ویستی دەتوانێت وەری بگرێت بەپێی پێداویستی خۆی بە گوێرەی ئەو رێککارانەی کە یاساکە دیاریکردووە.

**دووەم:** پشووی قوتابخانەکان کۆناکرێتەوە و کەڵەکە نابێت، بەڵام مۆلەتی ئاسایی کەڵەکە دەبێت گەرهاتوو فەرمانبەرەکە کەڵکی لێ وەرنەگرت.

**سێهەم:** ماوەی پشووی قوتابخانەکان بریتییە لە (٤٥) رۆژ گەرهاتوو وەزیری تایبەتمەند فەرمانبەرانی بانگهێشتی دەوام کردەوە ، بەلام ماوەی مۆڵەتی ئاسایی بریتییە لە (٣٦) رۆژ لە ماوەی یەك ساڵدا کە (٩) رۆژی کەمترە لە ماوەی پشووی هەفتانە.

**چوارەم:** لە حالەتی کۆتایی هاتنی راژەدا، مووچەی پشووی هاوینە لە کۆتایی هێنان بە راژەی فەرمانبەر لە رێگەی تەنسیقی میلاك و هەواڵەکردنی فەرمانبەر بۆ خانەنشینی خەرجدەکرێت ، بەلام خەرجکردنی مووچەی مۆڵەتی کەڵەکەبوو جگە لەو دوو حاڵەتە، لە حالەتی دەستلەکارکێشانەوەی فەرمانبەر بە رەزامەندی دائیرەکەی خەرجدەکرێت.

**پێنجەم:** لە حالەتی خانەنشینکردن یان کۆتایی هێنان بە راژەی فەرمانبەر لەرێگەی تەنسیقی میلاکەوە ، ئاستی لای باڵای پشووی قوتابخانەکان بریتییە لە (٦٢) رۆژ کە مووچەکەی خەرجدەکرێت، بەلام مۆڵەتی کەڵەکەبوو ئاستی لای باڵای بریتییە لە (١٨٠) رۆژ.

**شەشەم:** وەرگرتنی پشووی قوتابخانەکان پێویستی بە داواکاری نوسراو و گرتنە بەری رێککاریی شکلی نییە کە یاسا دیاری کردبێت، بەڵکو زیاتر وەك مۆڵەت پێدانێکی وجوبی دادەنرێت کە فەرمانبەر دەسەلاتی تیایدا کۆت و بەندکراوە، بەلام مۆڵەتی ئاسایی پێویستی بە رێککاریی تایبەت هەیە و پێویستە پێشوەختە رەزامەندی لایەنی تایبەتمەند وەرگیرابێت، ئەو کاتە فەرمانبەرەکە دەتوانێت سوودی لێ وەربگرێت، هەروەك دەتوانێت کەڵکی لێ وەرنەگریت واتە لێرەدا دەسەلاتی تەقدیری هەیە[١٠] .

---

[١٠] ایاد عبداللطیف سالم، الإجازات الإعتیادیة، ط١، بغداد،٢٠٠٩، ص ١١١.

## (١٥)

## فەرمانبەری راژەی زانكۆیی كێ یە و چ جۆرە مۆڵەت و پشوویەك دەیگرێتەوە ؟

بە گوێرەی ئەحكامی ماددەی (١/سێیەم) لە یاسای راژەی زانكۆیی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٨ فەرمانبەری راژەی زانكۆیی بریتییە لە هەر فەرمانبەرێك كە هەستێ بە مومارەسەكردنی وانەبێژی زانكۆیی و توێژینەوەی زانكۆیی و راوێژكاری زانستی و هونەریی یاخود كاركردن لە دیوانی وەزارەتی خوێندن باڵا و توێژینەوەی زانستی یان دامەزراوەكانی لەوانەی كە مەرجەكانی ئەندامی دەستەی وانەبێژییان تێدایە و لە یاسای ژمارە (٤٠)ی ساڵی ١٩٨٨ ی وەزارەتی خوێندنی بالاو توێژینەوەی زانستی یاخود هەر یاسایەكی دیكە كە جێگەی دەگرێتەوە[١١].

لەسەر بنەمای ئەوەی لە پێشەوە باسمان كرد، مەرج نیە هەر فەرمانبەرێك كە لە وەزارەتی خوێندنی بالا و توێژینەوەی زانستی دەوام بكات یان لە زانكۆو پەیمانگاكان دەوام بكات بە فەرمانبەری راژەی زانكۆیی ئەژمار بكرێت.

دەربارەی مۆڵەت و پشووی فەرمانبەری راژەی زانكۆیی و بە گوێرەی حوكمەكانی ماددەی (١٠) لە یاسای راژەی زانكۆیی ، ئەوا فەرمانبەری راژەی زانكۆیی ئەم مۆلەت و پشووە دەیان گرێتەوە بە رەچاوكردنی ئەم حوكمانەی لای خوارەوە:

---

[١١] لە هەرێمی كوردستان یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێم ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٨ ی هەمواركراو جێگەی گرتۆتەوە.

**یەکەم:** فەرمانبەری راژەی زانکۆیی شایستەی مۆڵەتی ئاسایی دەبێت بە مووچەی تەواو بۆ ماوەی (١٥) رۆژ لە هەر ساڵێکی خوێندن و ئەم مۆڵەتانەش رێگە پێدراوە کە کەڵەکەببێت بەو مەرجەی کە لە هەر ساڵێکی خوێندندا زیاتر لە (٣٠) رۆژ نەدرێت بە فەرمانبەرەکە .

دووەم: فەرمانبەری راژەی زانکۆیی شایستەی پشووی سالانە دەبێت کە ماوەکەی بریتییە لە (٦٠) رۆژ.

**سێهەم:** لە کاتی هەواڵەکرانی فەرمانبەری راژەی زانکۆیی بۆ خانەنشینی یان هەر حاڵەتێکی دیکەی کۆتایی هاتنی راژە کە یاسا دەقی لەسەر هێنابێت و شایستەی مووچەی مۆڵەتە کەڵەکەبووەکانی و پشووی سالانەی ببێت، ئەوا مووچەی مۆڵەتە کەڵەکەبووەکانی و پشووی ساڵانەی بۆ خەرجدەکرێت بەو مەرجەی کە لە (١٨٠) رۆژ تێپەڕ نەکات.

**چوارەم:** فەرمانبەری راژەی زانکۆیی مافی هەیە لە بری وەرگرتنی مووچەی مۆڵەتە کەڵەکەبووەکانی ، بە نوسراو داوا بکات کە مۆڵەتە کەڵەکەبووەکان ئەژمار بکرێت بۆی بۆ مەبەستی خانەنشینی پاڵپشت بە حوکمی ماددەی (١٠/چوارەم/ب).

**پێنجەم:** پالپشت بە حوکمی ماددەی (١٠/سێیەم)ی یاساکە سەرۆکی زانکۆ بۆی هەیە فەرمانبەرانی راژەی زانکۆیی بانگ بکاتەوە لە ماوەی پشووی ساڵانەدا بۆ ئەنجامدانی کاری وەزیفی لە زانکۆ بەم مەرجانەی لای خوارەوە:

١ - قەرەبووی فەرمانبەرە بانگ کراوەکە بکاتەوە بە ماوەیەك کە بە قەدەر ئەو رۆژانەبیت کە لە پشووەکەدا گەڕاوەتەوە بۆ زانکۆ و دەوامی تیا کردووە.

٢ -یاخود قەرەبووکردنەوەیان بە مووچە و دەرماڵەی مانگانە بۆ ئەو ماوەی دەیان گەڕێنێتەوە.

٣ -ڕێگە پێدراو نییە دوو ساڵ لەسەر یەك فەرمانبەرەکە بانگهێشت بکرێتەوە بۆ ئەنجامدانی ئەرکی وەزیفی لە پشووی ساڵانەدا مەگەربێتوو بە ڕەزامەندی خودی فەرمانبەرەکە بێت .

شەشەم: ماوەی پشووی ساڵانە دەکەوێتە پاش کۆتایی هاتنی ساڵی خوێندن و پێش دەستپێکردنەوەی ساڵی نوێی خوێندن.

## (١٦)

## گرنگترین حوکمەکانی مۆڵەتی کەڵەکەبوو(کۆکراوە)ی فەرمانبەری راژەی زانکۆیی

لە زنجیرەی ژمارە (١٥) دا ئاماژەمان بە مافەکانی فەرمانبەری زانکۆیی کرد لە مۆڵەت و پشووی ساڵانە، لەم بەشەدا لە سەرگرنگترین حوکمەکانی مامەڵەکردن بە مۆڵەتی کۆکراوە و پشووی ساڵانەی فەرمانبەری راژەی زانکۆیی دەدوێین:

بە گوێرەی ماددەی (١٠/یەکەم) لە یاسای راژەی زانکۆیی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٨ فەرمانبەری راژەی زانکۆیی شایستەی (١٥) رۆژ مۆڵەتی ئاسایی دەبێت بە مووچەی تەواو لە پای هەر ساڵێکی خوێندن و رێگە پێدراویشە کە ئەم مۆڵەتانە کەڵەکەبن بۆ فەرمانبەرەکە بەو مەرجەی کە بۆ هەر ساڵێکی خوێندن زیاتر لە (٣٠) رۆژ مۆڵەتی ئاسایی بە مووچەوە پێ نەدرێت، لەسەر ئەم بنەمایەش دەڵێین :

١-یاسادانەر کاتێك باسی لە شایستەبوونی فەرمانبەری زانکۆیی کردووە بە مۆڵەتی ئاسایی بۆ ماوەی (١٥) رۆژ دەستەواژەی (عن کل سنه دراسية)ی بەکارهێناوە ، واتە لە دوای تەواوکردنی هەر ساڵێکی خوێندن، چونکە (عن) لە جێگەی (بعد) هاتووە لە دەقەکەدا[١٢]، واتە دەبێت فەرمانبەر لە (٩/١ تا ٦/٣٠ی ساڵی داهاتوو ) دەوامی ئاسایی کردبێت ئەو کات شایستەی ئەو (١٥) رۆژە دەبێت، بەو مانایەی گەرهاتوو فەرمانبەرێکی تازە دامەزراو کە مۆلەتی کۆکراوەی ساڵی پێشووی نەبێت، لە (٣/٢١) داوای مۆڵەتی ئاسایی بە مووچەوە کرد، ئەوا لەم

---

[١٢]ایاد عبداللطیف سالم، المصدر السابق، ص ١٣٨.

کاتەدا (١٥) ڕۆژەکە دابەشی کۆی ڕۆژەکانی ساڵی خوێندن دەکرێت و کە بۆ هەر (٢٠) ڕۆژ دەوامی ئاسایی (١) ڕۆژ شایستەی مۆڵەتی ئاسایی بە مووچەوە دەبێت کە لەم کاتەدا فەرمانبەرەکە شایستەی (١٠) ڕۆژ مۆڵەتی ئاسایی دەبێت بە مووچەوە کاتێك لە (٣/٢١) داوای مۆڵەتی ئاسایی کردووە.

٢-خۆ گەرهاتوو فەرمانبەرەکە مۆڵەتی کۆکراوەی پێشووتری هەبوو، داوای ماوەیەك مۆڵەتی کرد کە زیاتر بوو لە مۆڵەتە کۆکراوەکەی ئەوا لەم کاتەدا بەو پرۆسەیەی لە خالی یەکەمدا ئاماژەمان پێدا مۆڵەتی پێدەدرێت بە پێی شایستەبوون.

٣-یاسادانەر سەقفێکی باڵای دیاری نەکردووە بۆ کەڵەکەبوونی مۆڵەتە ئاساییەکانی فەرمانبەری زانکۆیی و تەنها هێندە نەبێت کە ئاماژەی بەوە داوە ڕێگە پێدراو نییە فەرمانبەری زانکۆیی بۆ هەر ساڵێکی خوێندن زیاتر لە (٣٠) ڕۆژی مۆڵەتی ئاسایی پێبدرێت، لەسەر ئەم بنەمایە و بە گوێرەی ڕوونکردنەوەی هاتوو لە خاڵی (١) و (٢) لای سەرەوە ، گەرهاتوو فەرمانبەرێکی ڕاژەی زانکۆیی داوای (٣٠) ڕۆژ مۆڵەتی ئاسایی بە مووچەوە کردبوو ئەوا لەم کاتەدا پێویستە ڕاژەی فیعلی دوو ساڵی خوێندنی هەبووبێت ئەو کات شایستەی وەرگرتنی ئەو مۆڵەتە دەبێت، چونکە کۆکردنەوەی مۆڵەتەکە وەك مۆڵەتی ئاسایی، پێویست بە زەمەنی شایستەبوون دەکات، واتە بۆ نمونە فەرمانبەرەکە گەربیەویت یەك ڕۆژ مۆڵەتی ئاسایی وەربگرێت ئەوا دەبێت لانی کەم (٢٠) ڕۆژ دەوامی کردبێت ئەو کات شایستەی وەرگرتنی ئەو مۆڵەتە دەبێت. بەو مانایەی مەرجی شایستەبوونی فەرمانبەرەکە بە مۆڵەتەکە هەبوونی ڕاژەی فیعلی پێشوەختەیە .

٤-هەرچەند یاسادانەر لای سەرووی کەڵەکەبوونی مۆڵەتی ئاسایی فەرمانبەری دەستنیشان نەکردووە لە حالەتی وەزیفیدا، بەلام لە کاتی کۆتایی هاتنی راژەی فەرمانبەرەکە ئیتر بە هەوالەکرانی بێت بۆ خانەنشینی یان کۆتایی هاتنی راژەکەی بێت بە رێکخستنەوەی میلاك، ئەوا رێگە پێدراو نییە کە مووچەی زیاتر لە (١٨٠) رۆژ مووچەی کۆکراوە و پشووی سالانە ی بۆ خەرج بکرێت، بەو مانایەی کە فەرمانبەری راژەی زانکۆیی هەرچەندە مۆڵەتی کۆکراوەیی هەبێت ، ئەوا رێگەنادرێت مووچەی زیاتر لە (١٢٠) رۆژی مۆلەتی کەڵەکەبووی بۆ خەرج بکرێت دیارە ئەمەش بە کۆکردنەوەی لەگەل مووچەی پشووی ساڵانەکەی کە بریتییە لە (٦٠) رۆژ و دەکاتە (١٨٠) رۆژ ، بە کورتی گەر فەرمانبەری زانکۆیی هەرچەندە راژەی زۆر بێت ئەوا لە کۆتاییدا بەسەر یەکەوە مووچەی مۆلەتی کۆکراوەی (٨) ساڵی خوێندن زیاتری بۆ خەرج ناکرێت لەگەل مووچەی پشووی هاوینەی کە شایستەی دەبێت

٥-یاسادانەر لە بڕگەی (ب)ی ماددەی (١٠/چوارەم) وەك بەدەرکردنێك و جیاواز لە مامەڵەکردنی لەگەڵ مۆڵەتی کۆکراوەی هاتوو لە یاسای راژەی شارستانی ، رێگەی داوە کە فەرمانبەری راژەی زانکۆیی داوای ئەژمارکردنی مۆڵەتە کەڵەکەبووەکانی بکات وەك راژەی خانەنشینی ، کە لێرەدا یاسادانەر جیاوازی نەکردووە لە نێوان ئەو مۆڵەتانەی کە فەرمانبەرەکە شایستەی مووچەکەی دەبێت لەگەل ئەو مۆڵەتە کەڵەکەبووانە کە فەرمانبەرەکە شایستەی مووچەکەی نابێت، لەسەر ئەم بنەمایەش پێمان وایە دەقەکە پەیوەندی بەو مۆڵەتانەوە هەیە کە فەرمانبەرەکە شایستەی مووچەکەی دەبێت نەك ئەو مۆلەتانەی دیکەی کە کۆی کردونەتەوە و زیاترن لە (١٢٠) رۆژ و شایستەی مووچەکەی

نابێت، چونكه ئەمەی دواییان به گەرانەوه بۆ بڕیاری ژماره (٢٠٥)ی ساڵی ١٩٨٨ ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆرش له بنەرەتدا بۆ مەبەستی خانەنشینی ئەژمار دەكرێت[١٣].

٦-یاسادانەر به دەق له ماددەی (١٠/چوارەم/ا) ی یاساكەی ئەوەی براندۆتەوە كه مووچەی خەرجكراو له پای مۆڵەتی كەڵەكەبووی فەرمانبەر ، بریتییە له مووچەی بنەڕەتی (الراتب الإسمى) نەك كۆی مووچە و دەرماڵەی وەرگیراو.

٧-فەرمانبەری راژەی زانكۆیی كاتێك كه شایستەی مووچەی مۆڵەتی كۆكراوەی دەبێت كه هەواڵەی خانەنشینی كرابێت و مۆلەتی كۆكراوەی هەبێت ، بەپێچەوانەوە شایستەی مووچەی مۆڵەتی كۆكراوە نابێت.

---

[١٣]د. مصدق عادل طالب، الوسيط فى الخدمه الجامعية،ط١، مكتبة السنهوري، بغداد، ٢٠١٢، ص٤٥٠.

## (١٧)
## فەرمانبەری سەرپێچیکاری راژە گوازراوە، کام وەزارەت و دائیرە تایبەتمەندە بە لێپێچینەوەکردن لەگەڵیدا ؟

بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٢٢) لە یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەولەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١، گواستنەوەی راژە یا خواستن(الإعارة) نابێتە رێگر لەبەردەم لێپێچینەوە لە فەرمانبەرەکە بە گوێرەی حوکمەکانی یاساکە، بەلام یاساکە ئاماژەی بەوە نەکردووە گەرهاتوو فەرمانبەرەکە راژەکەی گوازرایەوە بۆ سنووری وەزارەتێکی دیکە ئایا کام وەزارەت تایبەتمەند (مختص) دەبێت بە لێپێچینەوە و سەپاندنی سزا بەسەریدا لە پای ئەو سەرپێچییەی ئەنجامی داوە ، لەم بارەیەوە بیروبۆچوونی جیاواز هەیە و لەرووی کرداریشەوە بە زۆری ئەو فەرمانگەیەی کە فەرمانبەرەکەی لێ گوازراوەتەوە لێپێچینەوە دەکات و بریاری سزادان دەردەکات و دواتر ئاگاداری ئەو دائیرەیە دەکاتەوە کە فەرمانبەرەکەی بۆ گوازراوەتەوە (لە چوارچێوەی وەزارەتێکی دیکەدایە) بۆ ئەوەی سزاکە لەسەر فەرمانبەرەکە جێبەجێ بکات ، بەلام بەبروای ئێمە ئەم رێوشوێن و رێکارە دروست نیە لەبەر ئەم هۆکارانەی لای خوارەوە :

**یەکەم:** کاتێك فەرمانبەرێك راژەکەی دەگوازرێتەوە بۆ وەزارەتێکی دیکە ئەوا دەچێتە چوارچێوەی تایبەتمەندی ئەو وەزارەتەوە و لە سنووری تایبەتمەندی وەزارەتی پێشووی نامێنێ، لەم کاتەشدا بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (١/یەکەم) کە پێناسەی وەزیر کراوە ، ئاماژە بە دەستەواژەی تایبەتمەند کراوە (وزیر المتختص) ، واتە تایبەتمەندە بە چوارچێوەی وەزارەتەکەی خۆی رێگە پێدراو نییە کە لێکۆڵینەوە لەگەل

فەرمانبەرانی وەزارەتێکی دیکە بکات ، چونکە ولایەتی تەنها بەسەر وەزارەتەکەی خۆیداهەیە .

**دووەم:** کاتێك فەرمانبەرێك راژەکەی دەگوازرێتەوە بۆ وەزارەتێکی دیکە ئەوا لەم کاتە دا دەچێتە چوارچێوەی تایبەتمەندی وەزارەتێکی دیکە و لەرووی دارایی و ئیداریشەوە جیا دەبێتەوە لە وەزارەتەکەی پێشووی پەیوەندی پێوەی نامێنێ.

**سێهەم:** تایبەتمەندی (الإختصاص) لە چوارچێوەی ممارەسەرکردنی دەسەلاتدا بە تایبەت لە بواری لێپێچینەوە کردندا پێویستە بە دەقی یاسایی روون و ئاشکرا بدرێت، چونکە تایبەتمەندی بە مانای هەبوونی توانای قانونی (القدرة القانونية) بەسەر ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراوی ئیداریدا، بە پێچەوانەوە گەر هاتوو دەقی روون ئاشکرا نەبوو ئەوا لەم کاتەدا ئەو کارە ئیدارییە (لێپێچینەوەکردن لە فەرمانبەر) بەبێ هەبوونی بەلگە و سەنەدی یاسایی پیادەکراوە لەلایەن ئەو لایەنەوە و کە ئەمەش کۆی کارەکانی لەکەدار دەکات بە لەکەی نەبوونی دەسەڵات (عیب عدم اختصاص) ، چونکە لە بنەرەتدا ئەو فەرمانبەرە لە چوارچێوەی دەسەلاتیدا نەماوە.

**چوارەم:** لێپێچینەوەکردن لەلایەن دائیرەی یەکەم لەو فەرمانبەرەی راژەکەی لێی گوازراوەتەوە دەبێتە هۆی دروستبوونی فرە مەرجەعیەتی سەرۆکایەتی (المرجعية الرئاسية) ، چونکە وەزیفەی گشتی مەحکومە بە بنەمای ( مبدأ المرؤسية) کەلە سەر بنەمای ریزبەندی هەرەمی دادەمەزرێت و لوتکەکەی بە وەزیر یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت کۆتایی دێت ، هەروەك لەلایەن خۆیەوە ئەنجومەنی شورای

دەولەت لە عێراق لە بریاری ژمارە (٩٨/ ٢٠١٦ لە ٢٠١٦/٩/٧) [١٤] جەختی لەسەرکردۆتەوە کە دەسەلاتی لێپێچینەوەکردن لەگەل فەرمانبەری گشتی وەزارەتەکانی تر لەلایەن پارێزگارەوە بە گوێرەی ماددەی (٣١) لە یاسای ژمارە (٢١) فرە مەرجەعیەت و دژ یەکی دروست دەکات و پێویست بە چارەسەری بابەتەکە دەکات لەلایەن دەسەلاتی یاسادانانەوە .

لەسەر بنەمای ئەوەی لە پێشەوە باسمان کرد و لەبەر نەبوونی دەقێکی روون و ئاشکرا لەم بارەیەوە هەروەها لە پێناوی پابەندبوون بە پایەی تایبەتمەندی (ركن الإختصاص) لە چوارچێوەی کاری یاسایی ئیداریدا، باشتر وایە کە ئەو دائیرەیەی پێشتر فەرمانبەرەکەی لێ بووە و سەرپێچییەکەی تێدا ئەنجام داوە بە نوسراوێك كۆی دۆسیەی و وردەکاری سەرپێچییەکە رەوانەی ئەو دائیرەیە بکات کە راژەکەی بۆ گوازراوەتەوە لە وەزارەتێکی دیکە تا لەلایەن خۆیانەوە لێپێچینەوە لەگەل فەرمانبەرەکە بکەن و دواتر بە نوسراوێك ئاگاداری دائیرەکەی پێشووی بکەنەوە لە ئەنجامی لێپێچینەوەکە و بریارەکانییان لەو بارەیەوە و ئەگەر مافێکی ماددیش بۆ دائیرەکەی پێشوو کەوتەوە لەو بەرەنجامەوە، ئەوا پێویست دەکات بە رێگەی ئوسولی خۆی بۆیان بگەرێنرێتەوە .

---

[١٤] قرارات مجلس الدولة وفتاواه لعام ٢٠١٦، المصدر السابق، ص٢٢٣.

## (١٨)

## مۆڵەتی فەرمانبەر و مەبەستەكانی (غرض) مۆڵەت

یاسادانەر لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ و یاسا هاوپێوەندەكاندا چەند جۆرێك مۆڵەتی هێناوە لەگەل مەبەستەكانی ئەو جۆرە مۆڵەتانە، بەو مانایەی كە هەریەك لەو مۆڵەتانە بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی هاتووە و رێگە پێدراو نییە كە مەبەستی مۆڵەتێك بۆ مەبەستی مۆڵەتێكی تر بەكاربهێنرێت، لە خوارەوە بە شێوەیەكی گشتی هەندێك لەو مۆڵەتانە باس دەكەین:

**یەكەم:** مۆڵەتی ئاسایی : كە بۆ هەر (١٠) رۆژ لە راژەی فیعلی یەك رۆژە و بۆ یەك مانگ (٣) رۆژە و بۆ یەك ساڵ (٣٦) رۆژە و رێگە پێدراوە ئەم مۆڵەتە كەڵەكە ببێت تا (١٨٠) رۆژ و لە سەروو ئەو ماوەیە مۆڵەتەكە كەڵەكە نابێت و وەك مۆڵەتی ئاسایی مامەڵەی لەگەل ناكرێت، ئەم مۆڵەتە بۆ پشوودانی فەرمانبەر دانراوە و بە گوێرەی شایستەبوون فەرمانبەر مافی داواكردنی هەیە و گەرهاتوو مۆڵەتی كۆكراوەی هەبوو تا (١٨٠) رۆژ ئەوا دەتوانێت بە یەكجار (١٢٠) رۆژ مۆڵەت وەربگرێت بە مووچە و دواتر دەستبەكار ببێتەوە و پاشان داوای (٦٠) رۆژی دیكەش بكات بە موچەوە.

**دووەم:** مۆڵەتی نەخۆشی: ئەم مۆڵەتە بۆ مەبەستی نەخۆشی دەدرێت بە فەرمانبەر و ساڵانە (٣٠) رۆژە بە مووچەی تەواو و (٤٥) رۆژە بە نیو مووچە . بە گوێرەی ماددەی (٦) لە سیستمی مۆڵەتی نەخۆشی ژمارە (٧٦)ی ساڵی ١٩٥٩ گەرهاتوو فەرمانبەر لە مۆڵەتی ئاساییدا نەخۆش كەوت، ئەوا دەتوانێت مۆڵەتە ئاساییەكەی هەڵوەشێنێتەوە و پاشماوەی

مۆڵەتەکەی بکات بە مۆڵەتی نەخۆشی . ئەمەش دووپاتکردنەوەی مەبەستی مۆڵەتەکانە کە نابێت فەرمانبەر مۆلەتی ئاسایی خۆی خەرج بکات وەك مۆڵەتی نەخۆشی .هەروەك لە هەندێك باردا ئەم مۆلەتە ماوەکەی دەگاتە (٣) ساڵ.

**سێهەم:** مۆڵەتی خوێندن: ئەمەش بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی بروانامەی بەرزترە و تایبەت بە خوێندنی فەرمانبەرە و لە دەرەوەی ئەم جۆرە مۆڵەتە ڕێگە پێدراو نییە کە فەرمانبەر بە مۆلەتی ئاسایی یان بێ مووچە بخوێنێ و بروانامە بەدەست بهێنێ (بە گوێرەی بروانامەکان ماوەکەی دەگۆڕێت).

**چوارەم:** مۆڵەتی دایکایەتی: تایبەت بە خۆتەرخانکردنی فەرمانبەری دایك بۆ بەخێوکردنی منالەکەی و ڕێگە پێدراو نییە کە دایکەکە لەم جۆرە مۆڵەتەدا هیچ کارێك بکات جگە لە بەخێوکردنی مناڵەکەی (ماوەکەی یەك ساڵە بە مووچەوە).

**پێنجەم:** مۆڵەتی دووگیانی و منالبوون: کە تایبەتە بە باری تەندروستی ژنە فەرمانبەری دوو گیان و پاش لە دایکبوونی مناڵەکەی ، واتە مەبەستی ئەم مۆڵەتە بۆ خزمەت و بەرژەوەندی دایکەکەیە و نابێت لەم ماوەیەدا دایکەکە هیچ کارێك بکات (ماوەکەی ٧٢ رۆژە، ٢١ رۆژی پێش لە دایکبوون کە پێی دەگوتریت مۆلەتی دوو گیانی و ٥١ رۆژی دوای لە دایکبوون کە پێی دەگوترێت مۆلەتی لە دایکبوون ).

**شەشەم:** مۆڵەتی درێژخایەن: بە گوێرەی مادەی (٨)ی یاسای ژمارە ( ٢٢) ی ساڵی ٢٠١١ یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت کە مۆڵەتەکە بە مووچەی تەواو دەدرێت بە فەرمانبەر بۆ چاودێری کردن و خزمەتکردنی خاوەن پێداویستی تایبەت کە

هەمیشە لەگەڵیدا بێت و پێویستە لەم جۆرە مۆڵەتە فەرمانبەر جگە لە چاودێری کردن و خزمەتکردنی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکە هیچ کارێکی دیکە ئەنجام نەدات، واتە مەبەستی مۆڵەتەکە بۆ چاودێری و خزمەتکردنی خاوەن پێداویستی تایبەتەکەیە.

**حەوتەم:** مۆڵەتی عیددە: کە ماوەکەی (١٣٠) رۆژە و تایبەتە بەو خانمە فەرمانبەرەی کە هاوسەرەکەی وەفات دەکات وەك رەچاوکردنی لایەنی دەروونی ژنە فەرمانبەرەکە.

**هەشتەم:** مۆڵەتی بێ مووچە: بۆ ئەو حالەتە دەبێت کە فەرمانبەرەکە زۆر پێویستی پێی هەبێت و مۆڵەتی ئاسایی و کەلەکەبووی نەمابێت و لەرووی یاساییەوە نابێت لە ٢ ساڵ زیاتر بێت.

## (١٩)

## ئایا فەرمانبەری هەواڵەکراو بۆ لێکۆڵینەوە دەتوانێت پارێزەر دابنێت بۆ خۆی لە کاتی لێکۆڵینەوەکردن لەگەڵیدا؟

هەرچەند یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ هیچ دەقێکی روون و ئاشکرای لەم بارەیەوە نەهێناوە، بە هۆی ئەوەی کە یاسایەکی ئیجرائیی نیە بۆ چۆنیەتی جێبەجێکردنی حوکمەکانی یاساکە بە تایبەت ئەوانەی پەیوەندییان بە لێکۆڵینەوە کردنەوە هەیە، بەلام فەرمانبەر وەك مافێکی دەستوریی بە گوێرەی ماددەی (١٩/چوارەم) لە دەستوری عێراقی بەرکاری ساڵی ٢٠٠٥ و لە سۆنگەی مافی بەرگری لە خۆکردنەوە و هەروەها بەمەبەستی پیادەکردنی دادپەروەری لە کاتی لێپرسینەوە لەگەڵ کردنیدا، و بە گەرانەوە بۆ رێسا گشتییەکانی لێکۆڵینەوەی سزایی ، ئەوا فەرمانبەر دەتوانێت لە کاتی هەواڵەکردنی بۆ لیژنەی لێکۆڵینەوە پشت بە پارێزەر ببەستێ و لە کاتی لێکۆڵینەوە لەگەل کردنیدا پارێزەرەکەی ئامادەبێت بۆ ئەوەی بەرگری لێ بکات، چونکە رەنگە هەندێکجار بە هۆی نەشارەزایی و کەم ئەزموونیەوە، فەرمانبەرەکە بە هەڵە وتەیەك بدات یان دان بەشتێکدا بنێت کە بە زیان بە سەر خۆیدا بشکێتەوە ، لە هەمانکاتیشدا رەنگە بە هۆی نەشارەزایی و کەم ئەزموونی ئەندامانی لیژنەکەشەوە نەتوانرێت لێکۆڵینەوەی ورد و دروست بکرێت و دواجار فەرمانبەرەکە باجی هەڵەیەکی لەم چەشنەی لیژنەکە بدات و بە زیان بەسەریدا بشکێتەوە ، لەم روانگەیەشەوە بوونی پارێزەر لە کاتی لێکۆڵینەوە کردن لەگەڵ فەرمانبەرەکە و وشیارکردنەوە و زانیاری پێدانی کارێکی پێویستە و مافی فەرمانبەرەکەیە کە پشت بە پارێزەر ببەستێ لەم

کاتەدا ،بەلام پێویست دەکات پارێزەرەکەش رەچاوی رێککار و شێوازەکانی کاری لیژنەکە بکات و هەماهەنگی تەواو بکات لەگەل سەرۆك و ئەندامانی لیژنەکە لەکاتی ئامادەبوون و بەرگری کردن لە فەرمانبەرەکە و هەنگاوێك نەنێت کە زیان بەکاری لیژنەکە بگەیەنێت یاخود رێککارێك پێشێل بکات و پێویستە پابەند بێت بە بریار و راسپاردەی لیژنەکەوە و بێ ئاگاداری لیژنەکە هیچ رێککار و هەنگاوێك ئەنجام نەدات لە کاتی لێکۆڵینەوەکەدا..

لەسەر ئەو بنەمایەی لای سەرەوە پێویستە لیژنەکانی لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی وەلامی ئیجابی بە داواکاری فەرمانبەر بدەنەوە بۆ ئامادەبوونی پارێزەر لەگەڵیاندا و لە کاتی لێکۆڵینەوەکردن و وەرگرتنی وتەکانیان و هەر بابەتێکی دیکە کە پێویست بە هەبوونی پارێزەر بکات و فەرمانبەرەکەش پێویست دەکات بە نوسراو داوای وەرگرتنی رەزامەندی لیژنەکە بکات بۆ ئامادەبوونی پارێزەر، خۆ گەرهاتوو لیژنەیەك رێگری کرد لەوەی فەرمانبەرەکە پارێزەر دابین بکات بۆخۆی و ئەم مافەی پێ نەدا، ئەوا لەم کاتەدا فەرمانبەرەکە پێویست دەکات داواکارییە نوسراوەکەی و رەتکردنەوەی لەلایەن لیژنەکەوە لای خۆی بپارێزێت تا دواتر لەبەردەم دادگای تایبەتمەند بەرگری پێ بکات لە خۆی و تانەی پێ بدات لە بریاری سزادانەکەی لەبەردەم دادگادا، هەروەك دادگای بالای کارگێڕیی لە عێراق لە بریاری ژمارە (١٨٣/ قەزای فەرمانبەران/پێداچوونەوە/٢٠١٧ لە٢٠١٧/١/٥) [١٥] جەختی لەسەر کردۆتەوە کە رەتکردنەوەی داواکاری فەرمانبەر لەلایەن لیژنەکەوە بۆ

---

[١٥] قرارات مجلس الدولة وفتاواه لعام ٢٠١٧، المصدر السابق، ص٣٩١.

ئامادەبوونی پارێزەر لەکاتی لێکۆڵینەوەکردن لەگەڵیدا رێگە پێدراو نییە بەشێوەی سەربەخۆ تانەی لێ بدرێت چونکە بریاری لیژنەکە بە رەتکردنەوەی داوای فەرمانبەرەکە بە بریارێکی ئامادەکاریی (الإعدادية) دادەنرێت و دواتر فەرمانبەرەکە لە کاتی پەنا بردنە بەر دادگای تایبەتمەند دەتوانێت لە چوارچێوەی تانەدانی لە بریاری سزادانەکە کە لەسەر بنەمای پێشنیاری لیژنەکە سزادراوە ، پشت ببەستێ بە رەتکردنەوەی داواکارییەکەی بۆ ئامادەبوونی پارێزەر لەگەڵیداو تانەی پێبدات لە بریاری سزادانەکەی ، کە لەم کاتەشدا دادگای تایبەتمەند لە میانەی لێکۆڵینەوەکردن لە مەشروعیەتی بریاری سزا بەرزەفتکاریەکە و چاودێری کردنی گونجاوێتی سزاکە و سەرپێچی فەرمانبەرەکە (رقابە الملائمة) و هەروەها رەتکردنەوەی داوای فەرمانبەرەکە بۆ ئامادەبوونی پارێزەر لەگەڵیدا لەلایەن لیژنەکەوە ، بە هەند وەربگرێت و لەسەر ئەم بنەمایەش بریار لە کۆی بریاری سزادانەکە بدات ، ئیتر بە هەڵوەشاندنەوەی بریاری سزادانەکە بێت یان سووك کردنی سزاکە یان پەسەندکردنی سزاکە و رەتکردنەوەی تانەی فەرمانبەرەکە بێت.

## (٢٠)

## بەدەستهێنانی بڕوانامە لە کاتی وەزیفە و لێکەوتە یاساییەکانی گۆڕینی ناونیشانی وەزیفی

لەرووی یاساییەوە و بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٥٠) لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ چۆنیەتی وەرگرتنی مۆڵەتی خوێندن و مەرج و رێوشوێنەکانی دیاریکراوە ، کە لەسەر ئەو بنەمایەش فەرمانبەر رێگە پێدراوە لە کاتی وەزیفەدا بخوێنێ و بروانامەی بەرزتر لەوەی پێی دامەزراوە بەدەست بهێنێ و لەسەر ئەو بنەمایەش ناونیشانی وەزیفی گونجاوی پێ بدرێت.. لە تەنیشت ئەم ماددەیەدا و بە شێوازێکی جیاوازتر فەرمانبەر لە خوێندنی ئێواراندا دەخوێنێ و بروانامەی بەرزتر بەدەست دەهێنێ و لەم کاتەشدا داوا دەکات کە کار بە بروانامە نوێیەکەی بکرێت و لەسەر ئەو بنەمایەش هەمواری بروانامەکەی بۆ بکرێتەوە ، کە بە زۆری لەم جۆرە بروانامانەدا ، پسپۆری وەزیفی فەرمانبەرەکە و ئەو بروانامەیەی بەدەستی هێناوە یەکانگیر نابێتەوە و لێرەشەوە لێکەوتە و گرفتی یاسایی دروست دەکات ، چونکە لەم کاتەدا یان دەبێت ناونیشانی وەزیفی نوێی فەرمانبەرەکە بە گوێرەی بڕوانامە نوێیەکەی بەدەستی هێناوە بخرێتە ئاستی ئەو پلەو مەرتەبەیە کە فەرمانبەرەکەی تێدایە و ئەمەش سەرپێچی دەقی راشکاوانەی یاسایە ، چونکە هەر جۆرە بەرزکردنەوەی ناونیشانیکی وەزیفی (ترقية) فەرمانبەر دەبێت بە تێپەربوونی ماوەیی یاسایی بێت و لەرێگەی پلەبەرزکردنەوەوە (الترفيع) ەوە بێت بەو شێوەیەی لە یاسای میلاکات و رێنماییە هاوپێوەندەکاندا هاتووە، یان دەبێت پلەو مەرتەبەی فەرمانبەرەکە بهێنرێتە خوارەوە بۆ ئاستی بروانامە نوێیەکەی کە ئەمەش رێگە پێدراو نییە و ناکرێت لە پای بەدەستهێنانی بروانامەیەکی بەرزتر، فەرمانبەر پلەو

مەرتەبەی بهێنرێتە خوارەوە و مووچەکەی کەم بکات، یاخود دەبێت پلەو مەرتەبە لە ئاستێکدا بێت و ناونیشانی وەزیفیش لە ئاستێکی دیکەدا بێت کە ئەمەش رێگە پێدراو و یاسایی نییە و قەزای ئیداری لە عێراق بە تایبەت دادگای بالای کارگێڕیی و ئەنجومەنی دەولەت (مجلس الدولة) و وەزارەتی داراییش کۆکن لەسەر نایاسایی بوونی ئەم بابەتە ، چونکە بە گوێرەی یاسای مووچەی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٨ دەبێت پلەو مەرتەبە و ناونیشانی وەزیفی لە یەك ئاستدا بن، کە لەسەر ئاستی عێراق رێگری لەم بابەتە کراوە و هیچ رێنمایی و بریارێکی قەزایی نییە دەسەلاتی تەقدیری دابێت بە ئیدارە بۆ گۆرینی ناونیشانی وەزیفی فەرمانبەر بە جۆرێك کە بکەوێتە ژێر رکێفی ئەو سێ ئەگەرەی لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا، بەلام لە هەرێمی کوردستان ، دەستەی گشتی ئەنجومەنی شورای هەرێم رێگەی داوە بە دەسەلاتی کارگێڕیی بۆ گۆرینی ناونیشانی وەزیفی و ئەو بابەتەی ملکەچکردووە بۆ دەسەلاتی تەقدیری دائیرە بێ رەچاوکردنی یەکانگیربوونی ناونیشانی نوێی فەرمانبەر کە بروانامە نوێیەکەی پێی دەبەخشێت لەگەل پسپۆری وەزیفی بنەرەتی فەرمانبەرەکە و وەزارەتی دارایی هەرێمیش بۆچوون و ئاراستەی بەو جۆرە بووە کە رێگە پێدراوە پلەو مەرتەبەی فەرمانبەر لە ئاستێکدا بێت و ناونیشانەکەیشی لە ئاستێکی دیکەدا بێت کە بە گوێرەی بروانامە نوێیەکە بەدەستی هێناوە، بەو مانایەی کە ناونیشانی نوێی وەزیفی فەرمانبەرەکە لە ئاستێکدایە و پلەو مەرتەبەکەی لە ئاستێکی دیکەدایە ، کە ئەمەش دیسان لێکدابڕانی پلەو مەرتەبە و ناونیشانی وەزیفییە و وەك پێشتر گوتمان سەرپێچی حوکمەکانی یاسای مووچەی فەرمانبەرانی دەولەت و کەرتی گشتییە..

## (٢١)

## بەدەستهێنانی بڕوانامەی خوێندنی باڵا لەلایەن فەرمانبەر و لە کاتی وەزیفە و بێ وەرگرتنی مۆڵەتی خوێندن

هەندێکجار فەرمانبەر بەبێ وەرگرتنی مۆڵەتی خوێندن پەیوەندی دەکات بە زانکۆیەکەوە (لە ناوەوەی هەرێم بێت یان دەرەوە ) بەمەبەستی خوێندن لە ماستەر یان دکتۆرا بێ ئەوەی کە مۆڵەتی خوێندنی وەرگرتبێت، ئەمەش بە سوود وەرگرتنی لە سروشت و میکانیزمی ئەم جۆرە خوێندنە، بۆ ئەم مەبەستەش ڕەنگە فەرمانبەرەکە پەنا بەرێتە بەر مۆڵەتی بێ مووچە یان مۆڵەتی ئاسایی بۆ ئەو کاتانەی خوێندنەکەی کە پێویست بە مۆڵەت بکات، بەلام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە ئایا دواتر ئەو بروانامەیە بۆ فەرمانبەرەکە ئەژمار دەکرێت؟

بەبروای ئێمە و بە گەرانەوە بۆ ئەحکامی ماددەی (٥٠) لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ ی هەموارکراو هەروەها رێنمایی ژمارە (١٦٥)ی ساڵی ٢٠١١ وەزارەتی خوێندنی بالا و توێژینەوەی زانستی عێراق و رێنمایی ژمارە (٢٦)ی ساڵی ١٩٩٠ ی هەمان وەزارەت و بڕیارەکانی قەزای کارگێڕیی ، ئەو بروانامەیە ئەژمار ناکرێت لەبەر ئەم هۆکار و پاساوانەی لای خوارەوە:

**یەکەم:** بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٥٠) لە یاسای راژەی شارستانی هەموارکراو بە یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٩، یاسادانەر بەدەستهێنانی هەموو بروانامەیەکی بەرزتری لەلایەن فەرمانبەر و لە کاتی وەزیفەدا گرێداوە بە وەرگرتنی پێشوەختەی مۆڵەتی خوێندن و هەروەها هەبوونی مەرجەکانی تایبەت بە هەبوونی راژەی وەزیفی دیاریکراو و تەمەن و

پەیوەندی بروانامەکە بە پسپۆریی فەرمانبەرەکە و پێداویستی دائیرەکە بەو پسپۆرییە.. لەسەر ئەم بنەمایەش بەدەستهێنانی هەر بروانامەیەك لەلایەن فەرمانبەرەوە بێ گەرانەوە بۆ ئەم مەرجانە و بێ وەرگرتنی مۆڵەتی خوێندن، ئەوا دائیرەی فەرمانبەرەکە پابەند نابێت بە کارکردنی بە بروانامە نوێیەکەی فەرمانبەرەکە کە بەدەستی هێناوە ، تەنانەت ئەگەر دائیرەك بڕوانامەکەیشی بۆ ئەژمار بکات، ئەوا ئەم کارەی دائیرەکە بەسەرپێچی یاسایی دادەنرێت .

**دووەم:** مەبەست (غرض)ی مۆڵەتی خوێندن بەو مەرج و رێوشوێنانەی کە لە دەقی یاسای راژەی شارستانیدا هاتووەو لەلایەن یاسادانەرەوە دیاریکراوە، رێگە پێدراو نییە کە فەرمانبەر بێ گەرانەوە بۆ ئەم جۆرە مۆڵەتە (مۆڵەتی خوێندن) و بەبەکارهێنانی مۆڵەتی ئاسایی یان بێ مووچە یان مۆڵەتەکانی دیکە شان بداتە بەر خوێندن و بەدەستهێنانی بروانامەی بەرزتر، چونکە ئەوە سەرپێچی یاسایە و دواجار ئاسەواری یاسایی لێ ناکەوێتەوە. (لا اجتهاد في مورد النص).

**سێهەم:** بە گوێرەی ئەحکامەکانی رێنمایی ژمارە (٢٦)ی ساڵی ١٩٩٠ مەرجە بۆ بەدەستهێنانی بروانامەی باڵا (ماستەر و دکتۆرا و هاوتاکانیان) خوێندکار خۆی یەکلا بکاتەوە بە تەواوی (تفرغ تام) بۆ خوێندنەکەی بەمەبەستی تەواوکردن و بەدەستهێنانی بڕوانامەکەی، کە لەم کاتەدا (خوێندن بێ وەرگرتنی مۆڵەتی خوێندن) فەرمانبەرەکە ئەم مەرجەی تێدا بەدی نەهاتووە و لەسەر ئەم بنەمایەش دواتر لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە دان نانرێت بەوبروانامەیەی کە فەرمانبەرەکە بێ وەرگرتنی مۆڵەتی خوێندن و (تفرغ تام) بەدەستی هێناوە ، واتە لەروی ئەکادیمییەوە بروانامەکەی دانپێدا نراو نابێت.

**چوارەم:** کۆکردنەوەی خوێندنی باڵا لەلایەن فەرمانبەر و بەڕێوەبردنی ئەرکە وەزیفییەکەی کاریگەری نەرێنی لەسەر ئەرکە وەزیفییەکەی دادەنێت کە ئەمەش بە گوێرەی یاسا رێگە پێدراو نییە و بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٤) لە یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ سەرپێچی بەرزەفتەکاری دەخاتەوە ، چونکە بێگومان لەم جۆرە حاڵەتانەدا، فەرمانبەرەکە توانا و لێهاتووییەکانی خۆی تەرخان دەکات بۆ دوو ئەرکی وەزیفی و خوێندکاریی و ئەمەش کاریگەری لەسەر یەکتر دروست دەکەن و فەرمانبەرەکە وەك پێویست ناتوانێت ئەرکە وەزیفییەکانی راپەڕێنێ و لە هەمانکاتیشدا ناشتوانێت وەك پێویست خوێندنەکەیشی تەواو بکات.

**پێنجەم:** ئەنجومەنی دەوڵەت لە عێراق لە بریارەکانی ژمارە (١٣ / ٢٠١٦ لە ٢/ ٢ / ٢٠١٦) [١٦] و (٦٠/ ٢٠١٤ لە (٢٧/ ٥/ ٢٠١٤) [١٧] دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە بەدەستهێنانی بڕوانامەی خوێندنی باڵا لەلایەن فەرمانبەر و لە کاتی وەزیفەدا و بێ وەرگرتنی مۆڵەتی خوێندن ئەژمار ناکرێت.

لەسەر ئەو بنەمایانەی لای سەرەوە ، پێویستە فەرمانبەر لەم بارەیەوە وشیار بێت و ئاگاداری ئەوەبێت کە بۆ ئەم جۆرە هەنگاوانەی بگەرێتەوە بۆ ئەحکامەکانی یاسا بۆ ئەوەی دواتر دووچاری لێپرسینەوەی یاسایی یان زیان نەبێتەوە لە پای بەدەستهێنانی بروانامەیەك کە بەدەستی هێناوە بێ وەرگرتنی مۆڵەتی خوێندن و بۆی ئەژمار نەکراوە.

---

(١٦) قرارات مجلس الدولة وفتاواه لعام ٢٠١٦، المصدر السابق، ص٥٦.

(١٧) قرارات و فتاوى مجلس شورى الدولة لعام ٢٠١٤، ط١، منشورات مجلس شورى الدولة، بغداد، ٢٠١٥، ص١١٤.

## (٢٢)

## بەدەستهێنانی بروانامە لە خوێندنی ئێواران .. ئیشکالیەتە یاساییەکانی

لە پاش کردنەوەی کۆلیژ و پەیمانگاکانی ئێواران لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان ، دیاردەی خوێندنی فەرمانبەران لەو کۆلیژ و پەیمانگایانە دەستپێکرد و بە گوێرەی ئارەزوو توانای خۆیان ، فەرمانبەران لە یەکێك لەو کۆلیژانە یان پەیمانگایانە درێژەیان بە خوێندن دەدا و دواتر لە پاش تەواو کردنی خوێندنەکەیان ، بروانامەکەیان دەهێنایەوە بۆ دائیرەکەیان و داوای گۆرینی دەرماڵەی بروانامە و ناونیشانی وەزیفییان دەکرد و لەسەرەتاشەوە لەبەر پێداویستی زۆرێك لە فەرمانگەکان بەو پسپۆرییانەی کە ئەو فەرمانبەرانە بروانامەکانیان تێدا بەدەستهێنابوو، ناونیشانی وەزیفی فەرمانبەرەکانیان دەگۆری و بە گوێرەی بروانامەکەیشی دەرماڵەی بروانامەکانیان بۆ هەمواردەکردنەوە، لەبەر ئەوەی ئەم بابەتە لە چوارچێوەی دەقێکی راشکاوانەی یاساییدا رێکنەخراوە، بۆیە بەشی خۆی سەرنجی یاسایی هەڵدەگرێت کە لە خوارەوە بە چەند خاڵێك راو سەرنجی خۆمان لەم بارەیەوە دەخەینەروو:

**یەکەم:** ئەژمارکردنی بڕوانامەی بەدەستهاتوو لە خوێندنی ئێواران لەلایەن فەرمانبەرەوە دەکەوێتە چوارچێوەی دەسەڵاتی تەقدیری دائیرەکەی و لەم کاتەدا دەسەلاتی کارگێرِیی بە هیچ شێوەیەك پابەند نییە بە گۆرینی ناونیشانی وەزیفی فەرمانبەر لە سەر بنەمای ئەو بروانامەیەی کە لە خوێندنی ئێواراندا بەدەستیهێناوە یاخود هەموارکردنەوەی دەرماڵەی بروانامەکەی لەسەر بنەمای بروانامە بەدەستهاتووەکەی .

دووەم: لە حاڵەتی ئەژمارکردنی بڕوانامەی فەرمانبەرەکە، چەند گرفتێکی یاسایی دەکەوێتەوە کە بریتین لە:

١ـ کاتێك کە فەرمانبەرەکە بروانامەکە بەدەستدەهێنێ، ئەوا دەبێت بە گوێرەی بروانامە نوێیەکەی ناونیشانە وەزیفییەکەی پێ بدرێت کە ناونیشانەکەش پێویستە بە گوێرەی ئەو پلەبەندییە بروات کە لە یاسای میلاکاتدا هاتووە ، چونکە رێگە پێدراو نییە کە ناونیشانی وەزیفی بە یەك گوژمە بدرێت بە فەرمانبەر بێ ئەوەی بە قۆناغەکانی ئەو ناونیشانانەدا تێپەری بێت کە لە یاسای تایبەتمەندا هاتووە بۆ نمونە : گەر بێتوو فەرمانبەرەکە بروانامەی لە یاسادا بەدەستهێنابێت ئەوا دەبێت ناونیشانەکە بە ( ی. یاسایی) دەست پێبکات و دواتر ببێت بە (یاسایی) و پاشان (ی. راوێژکاری یاسایی) و ... هتد ، واتە ریگە پێدراو نییە بە گوێرەی پلەو مەرتەبەکەی ناونیشانی پێ بدرێت و رەچاوی ئەو ریزبەندییە نەکرێت کە لە گۆرینی ناونیشانەکاندا هەیە.

٢ـ گۆرینی ناونیشانی وەزیفی بە پێی پلەبەرزکردنەوە دەبێت (الترفيع) ، واتە هەموو گۆرینیك لە ناونیشانی وەزیفیدا بەبێ پلەبەرزکردنەوە رێگە پێدراو نییە ، لەسەر ئەم بنەمایەش گرفتی جیاوازی لە نێوان ناونیشانی وەزیفی و پلەو مەرتەبەی فەرمانبەرەکە دەکەوێتەوە کە ئەمەش سەرپێچی یاسای مووچەیە.

٣ـ بە گوێرەی یاسای راژەی شارستانی و پێش ساڵی ٢٠٠٣ رێگە پێدرابوو لە سنوورێکی بەرتەسکدا پلەو مەرتەبە جیاوازبێت لە ناونیشانی وەزیفی ، واتە لە دوو پلەی جیاوازدا بن، بەلام بەدەرچوونی بریاری ژمارە (٣٠)ی دەسەلاتی کاتی هاوپەیمانان لە عێراق لە سالی ٢٠٠٣ و

هەروەها دەرچوونی یاسای مووچەی فەرمانبەران ژمارە (٢٢)ی سالی ٢٠٠٨، بە تەواوی ئەم بابەتە گۆرانی بەسەردا هات بە جۆرێك کە یاساکە رێگەی بە لێکجودا کردنەوەی ناونیشانی وەزیفی و پلەو مەرتەبەی فەرمانبەر نەدا و پێویستیکرد کە دەبێت هەردووکیان پێکەوە گرێدرابن.

٤ـ لەبەر ئەوەی ناونیشانی وەزیفی لەسەر بنەمای سالانی خزمەت و خیبرە بەرزدەکرێتەوە و بەدەست دەهێنرێت لە بواری پسپۆرییەکی دیاریکراودا، کەواتە رێگە پێدراو نییە کەسێك کە پسپۆری لە بوارێکی هونەری یان تەندروستی یان ژمێریاریدا هەبێت، ئەو پسپۆرییەی وەك پسپۆری یاسایی بۆ ئەژمار بکرێت و لەسەر ئەو بنەمایەش ناونیشانی وەزیفی پێ بدرێت، کاتێکیش کە ئەمە رێگە پێدراونییە، بە هەمانشێوەش رێگە پێدراو نییە کە پلەو مەرتەبەی فەرمانبەرەکە دابەزێنرێت بۆ ئاستی ئەو پلەو مەرتەبەی کە بروانامەکەی تێدا دیاریکراوە، بۆنمونە رەنگە فەرمانبەرەکە لە پلە (٣) دابێت، بەلام ئەو ناونیشانەی پێدراوە بکەوێتە پلەی حەوتەوە کە لێرەدا فەرمانبەرەکە لەروی داراییەوە زۆر زەرەر دەکات پلەو مەرتەبەکەی بهێنرێت خوارەوە بۆ ئاستی ناونیشانەکەی کە دەکەوێتە پلەی (٧)ەوە.

**سێهەم:** رێگە پێدراویش نییە لەرووی یاساییەوە کە تەنها دەرمالەی بروانامە نوێیەکە بۆ فەرمانبەرەکە ئەژمار بکرێت و ناونیشانەکەی نەگۆرێت، بۆ نمونە رێگە پێدراو نییە کە فەرمانبەرێك ناونیشانەکەی ژمێریاری بێت یان بەرێوەبەر یان تەکنیکی،بەلام پاش بەدەستهێنانی بروانامەی زانکۆیی لە یاسادا، دەرمالەی بروانامەی یاساییەکەی بۆ ئەژمار بکرێت بێ گۆرینی ناونیشانەکەیان.

**چوارەم:** خۆ گەربێتوو فەرمانبەرەکە لە بواری پسپۆرییەکەی خۆیدا بروانامەکەی بەدەستهێنابوو بۆ نمونە دەرچووی پەیمانگا بوو بەشی کارەبا

و دواتر لە کۆلێژی ئەندازیاری بەشی کارەبا بروانامەکەی بەدەستهێنابوو، ئەوا لەم کاتەدا بە هەمان شێوە گرفتی ناونیشانەکە دروست دەبێتەوە گەرهاتوو پلەو مەرتەبە و ناونیشانەکە لە یەکتر جیاواز دەبون ، چونکە رێگە پێدراو نییە کە پسپۆریی دەرچوویەکی پەیمانگا وەك پسپۆریی دەرچوویەکی ئەندازیاری لە بواری کارەبادا ئەژمار بکرێت بۆ پێدانی ناونیشانی ئەندازیار بە فەرمانبەرەکە بەو مەبەستەی ناونیشانێکی ئەندازیاری پێ بدرێت کە لە ئاستی پلەو مەرتەبەی فەرمانبەرەکەدا بێت.

بەشێوەیەکی گشتی و لەسەر بنەمای ئەو خالانەی لای سەرەوە، دەردەکەوێت کە کۆی ئەم پرۆسەیە لە هەرێم کوردستان سەرنجی یاسایی لەسەرە و بەم هۆیەشەوە لە چەند بریارێکیدا ئەنجومەنی شورای هەرێم ئاماژەی بەم بابەتە کردووە کە بەبروای ئێمە ئەنجومەنی ناوبراو موەفەق نەبووە لە بریار و رادەربڕینەکانیدا و وەزارەتی دارایی و ئابووریش تەبەنی لێکجیاکردنەوەی ناونیشانی وەزیفی و پلەو مەرتەبەی کردووە کە ئەمەش دروست نییە و ناتەبا دێتەوە لەگەڵ حوکمەکانی یاسای مووچەی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٨ دا .

بەبروای ئێمە بۆ چارەسەرکردنی ئەم بابەتە باشتر وایە وەزارەتی دارایی و ئابووری بە پشت بەستن بە یاسای ژمارە (١٠٣)ی سالی ٢٠١٢ یاسای هەمواری یەکەمی یاسای مووچەی فەرمانبەران ژمارە (٢٢)ی سالی ٢٠٠٨ ی پەرلەمانی عێراق کە حوکمەکانی خێراکردنی تەرقیە (تسريع الترقية) تێدا هاتووە، رێنمایی پێویست دەربکات بۆ بەرزکردنەوەی ناونیشانە وەزیفییەکانی ئەو فەرمانبەرانەی کە لەم دۆخەدان و ناونیشانەکانیان بۆ بەرز بکرێتەوە بە گوێرەی حوکمەکانی یاساکە، هەرچەند لە بنەرەتدا ئەو حوکمانەی لە یاساکەداهاتوون بۆ چارەسەری یەك پسپۆریی هاتوون،

بەلام بەبرواى ئێمە لەبەر ئەوەى کێشەکە لە کوردستان جیاوازترە، ناچارین پەنا بەرین بۆ ئەم چارەسەرە بۆ ئەو حالەتانەى کە پسپۆرییەکانیش لە یەکتر جیاواز بن.

## (٢٣)

### چۆن ژمارەی ئەندامانی لیژنە لەلایەن دائیرەکانەوە دیاریدەکرێت؟

زۆر جار ئەو پرسیار دێتە پێشەوە کاتێك کە لیژنەیەك لەلایەن ئیدارەوە پێکدەهێنرێت چۆن ژمارەی ئەندامەکانی دیاری بکات؟ یاخود چ جۆرە فەرمانبەرێك لەو لیژنانە دابنێت؟ لە خوارەوە بە دوو خاڵی سەرەکی ئەم بابەتە ڕووندەکەینەوە:

**یەکەم**: ئەگەر ئەو لیژنەی دائیرەکە بە نیازبوو پێکی بهێنی ، پێشتر بە گوێرەی یاسا (بە واتا فراوانەکەی) دەسەلاتی پێکهێنانەکەی و ژمارەی ئەندامانی و پلەی وەزیفییان دەستنیشانکرابوو، ئەوا لەم کاتەدا پێویستە دائیرەکە لا نەدات لەو یاسایەی پێکهێنانی لیژنەکەی ڕێکخستووە لەڕووی دەسەلاتی پێکهێنان و ژمارەی ئەندامانی و پلەی وەزیفی ئەندامەکانیەوە، وەك ئەوەی کە یاسادانەر لە پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوەی کارگێڕیدا هێناویەتی لە (م١٠/یەکەم) لە یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١. و ئیدارەی پابەندکردووە بەوەی کە پێویستە ژمارەی ئەندامانی لیژنەکە بریتی بێت لە (٣) فەرمانبەر و یەکێك لە ئەندامانی لیژنەکە هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بێت لە یاسادا. یاخود لیژنەی تایبەت بە پلەبەرزکردنەوەی فەرمانبەران بە گوێرەی (م٧/یەکەم) لە یاسای مووچەی فەرمانبەرانی دەولەت و کەرتی گشتی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٨. کە پێویستە لیژنەکە لە (٣) ئەندام پێکهاتبێت و سەرۆکی لیژنەکە پلەی وەزیفیەکەی لە یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی(معاون مدیر عام) کەمتر نەبێت و ئەندامانی دیکەی لیژنەکەش نابێت پلەی وەزیفییان لە بەڕێوەبەر(مدیر) کەمتر بێت. یاخود

لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵی دەوڵەت (م/٨)لە یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی ماڵ و سامانی دەوڵەت ژمارە (٣٢)ی ساڵی ١٩٨٦ . کە یاسادانەر لە پێکهێنانی ئەم لیژنەیەدا چەند شکلیەتێکی داناوە کە پێویستە دەسەڵاتی کارگێڕی پێوەی پابەند بێت وەك ئەوەی دەبێت ئەندامانی لیژنە لە(٣) ئەندام پێکهاتبێت و سەرۆك و ئەندامانی لیژنەکە خاوەن شارەزایی بن و پلەکەیان لە بەڕێوەبەر یان سەرۆکی تێبینەران(رئیس الملاحظین) کەمتر نەبێت .

لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە، ئیدارە لە پێکهێنانی ئەم جۆرە لیژنانەدا دەسەلاتی کۆتوبەندکراوە لەرووی ژمارەی ئەندامانی لیژنە و پلەی وەزیفیان و بۆی نییە سەرپێچی دەقی یاساکان بکات، بە پێچەوانەوە گەرهاتوو سەرپێچی کرد، ئەوا هەر بڕیارێك لەبەرەنجامی کاری ئەم لیژنانەوە بکەوێتەوە بە پوچەڵکراوە (باطل) دادەنرێت.

**دووەم:** گەرهاتوو ئەو لیژنەیەی ئیدارە دەیویست پێکی بهێنێت یاسایەکی تایبەتمەند پێکهێنانەکەی رێکنەخستبوو، ئەوا لەم کاتەدا ئیدارە دەسەلاتی تەقدیری هەیە کە بەپێی ناوەڕۆکی بابەتی لیژنەکە ژمارەی ئەندامانی لیژنەکە دیاری بکات لەگەل دیاریکردنی پلەی وەزیفی و پسپۆری ئەندامانی لیژنەکە. واتە لێرەدا ئیدارە دەسەلاتی کۆتو بەندکراو نییە و ئازادی تەواوی هەیە، بەلام باشتر وایە ژمارەی ئەندامانی لیژنەکە تاك بێت نەك جووت گەرهاتوو بابەتی کاری لیژنەکە بە جۆرێك بوو کە بە دەنگدان پێشنیارەکانی تێدا یەکلا دەکرایەوە.

## (٢٤)

## ئایا مەرجە ئەندامی یاسایی لیژنەی لێکۆڵینەوە ناونیشانەکەی یاسایی بێت؟

سەبارەت بە ئەندامی یاسایی لە لیژنەکانی لێکۆڵینەوەی کارگێڕیدا ، زۆر جارڕووبەرووی ئەو پرسیارە دەبینەوە کە ئایا پێویستە ئەو فەرمانبەرە ناونیشانە وەزیفییەکەی یاسایی بێت بە گوێرەی ناونیشانەکانی هاتوو لە یاسای میلاکاتدا، یان تەنها هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بێت لە یاسادا، ئیتر با ناونیشانی وەزیفی نەگۆڕابێت و ناونیشانێکی دیکەی وەزیفی هەبێت؟ لەلایەن خۆیەوە یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەران ئەم بابەتەی یەکلا نەکردۆتەوە ، بەڵام بەگەڕانەوە بۆ قەزای کارگێڕیی، ڕەنگە وەڵامی ئەم پرسیارەمان دەست بکەوێت.

لەلایەن خۆیەوە ئەنجومەنی دەولەی عێراقی لە بڕیاری ژمارە (٦٢/٢٠١٧ لە ٤/٥/٢٠١٧) [١٨] بۆ ئەوە ڕۆیشتووە کە: " .. مەبەستی یاسادانەر لە مەرجی هەبوونی هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی لە یاسا بۆ زامنکردنی هەبوونی شارەزایی و زانیاری لیژنەکەیە بە یاساکە لە میانەی ئەو فەرمانبەرەی هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆییە لە یاسادا و بەشداریکردنیەتی لە بەڕێوەبردنی لێکۆڵینەوەکە، ئەم زەمانەتەش بەدیدێت کە یاسادانەر مەبەستی بووە بەهەبوونی ئەو ئەندامە لە لیژنەکەدا کاتێك کە هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی دان پێدانراوبێت لە یاسادا، لەسەر ئەم بنەمایەش ڕێگەپێدراوە کە لیژنەی لێکۆڵینەوە لە سەرۆکێك و دوو ئەندام پێك بێت بەو مەرجەی یەکێکیان بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی لە

---

[١٨] قرارات مجلس الدولة وفتاواه لعام ٢٠١٧، المصدر السابق، ص١٧٧.

یاسادا بەدەستهێنابێت ، بێ ئەوەی ناونیشانە وەزیفییەکەی لەو ناونیشانە وەزیفیانە بێت کە مەرجە بۆ دامەزراندن تیایدا کەسەکە بروانامەی زانکۆیی لە یاسا بەدەستهێنابێت یان دەرماڵەی بروانامەکەی وەرنەگرێت ".
بەبروای ئێمە ئەم بۆچوونەی ئەنجومەنی ناوبراو، ناکۆك دێتەوە لەگەل ئەو مەرجەی کە یاسادانەر لەئەندامانی لیژنەکەدا دایناوە وەك مەرجی شکلی کە ئەویش بریتییە لەوەی پێویستە ئەندامانی لیژنەکە خاوەنی شارەزایی (ذوی الخبرة) بن، چونکە فەرمانبەرێك کە هەڵگری بروانامەی زانکۆیی بێت لە یاسادا و ناونیشانەکەی یاسایی نەبێت و لە بواری یاسادا کارنەکات، بێگومان شارەزایی ئەوتۆی نابێت بە وردەکارییەکانی لێکۆڵینەوەکردن، چونکە کاری لێکۆڵینەوەی کارگیری کارێکی یاساییەو پێویست دەکات فەرمانبەرە یاساییەکە سەرەرای شارەزایی لە یاسای بەرزەفتەکردن، ئاگاداری و شارەزایی لە یاسا رێککارییە تایبەتمەندەکانی دیکەش هەبێت وەك یاسای بنەما دادگاییە سزاییەکانی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧١ و یاسای سەلماندن و یاسای دادبینی شارستانی و ... لەبەر ئەوە بەبروای ئێمە هەرچەند یاساکە بە دەقی راشکاوانە ئەم بابەتەی یەکلا نەکردۆتەوە بەلام باشتر وایە ئەو فەرمانبەرە یاساییەی دەبێتە ئەندامی لیژنەکە، ناونیشانەکەی یاسایی بێت و لە بواری یاسادا کار بکات بەمەبەستی زامنکردنی مافی هەردوولایەنی دەسەلاتی کارگێڕیی و فەرمانبەرەکەش لە لێکۆڵینەوەکە.

## (٢٥)

## وەرگرتنەوەی مووچە و دەرماڵەی ئەو فەرمانبەرەی کە بڕوانامەی ساختەی پێشکەشکردووە

دەربارەی ئەو فەرمانبەرانەی کە دەرکەوتووە بڕوانامەکانیان ساختەیە، شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا ، لەرووی گرتنە بەری رێککاری یاسایی و لێوەرگرتنەوەی جیاوازی مووچە و دەرمالەکانیان ، لە خوارەوە بە دوو خالی سەرەکی روونکردنەوەی یاسایی دەدەین:

**یەکەم:** ئەو فەرمانبەرانەی کە لە بنەرەتەوە لەسەر بنەمای بڕوانامەیەکی ساختە دامەزراون .

ئەم جۆرە فەرمانبەرانە پێویست دەکات بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٦٢) لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ مامەڵەیان لەگەل بکرێت و بە پێی ماددەی ئاماژە پێکراو ئەم جۆرە فەرمانبەرانە دەستبەجێ لە وەزیفە دەردەکرێن (اقصاء) و لەرێگەی دادگای تایبەتمەندەوە سکالای یاساییان لەسەر تۆمار دەکرێت، چونکە ئەمانە لەبەر ئەوەی لەسەر بنەمای بڕوانامەیەکی ساختە دامەزراون، لەگەل ئاشکرابوونی بڕوانامە ساختە کەیان سیفەتی فەرمانبەریتی لەدەستدەدەن و رێگە پێدراو نییە بە گوێرەی حوکمەکانی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەولەت لیژنەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر پێکبهێنرێت، بەلام ئەو مووچەی و دەرمالەی بۆیان خەرجکراوە لێیان وەرناگیریتەوە و وەك کرێی کارکردن بۆیان ئەژمار دەکرێت، هەروەك لەلایەن خۆیانەوە ئەنجومەنی شورای دەولەت لە بریاری ژمارە (٢٠١١/٧ لە ٢٠١١/١/٣١)

دوپاتیکردۆتەوە[19] :"ان قرارات التعيين في الوظائف المستندة الى وثائق ثبت انها مزورة تعد من القرارات المعدومة و جزاؤها سحب القرار و لا تسترد الرواتب و المخصصات التي تسلمها الموظف طيلة مدة خدمته في الدائرة".

**دووەم:** ئەو فەرمانبەرانەی لە کاتی وەزیفەدا بڕوانامەی ساختە پێشکەشدەکەن بەمەبەستی زیادکردنی مووچە و دەرماڵەکانیان ئەم جۆرە فەرمانبەرانە لەبەر ئەوەی بڕیاری دامەزراندنەکەیان دروستبووە و سیفەتی فەرمانبەرێتیان هەبووە، ئەوا لیژنەی لێکۆڵینەوەی کارگێڕییان لەسەر پێکدەهێنرێن و دواتر لەسەر بنەمای ئەو کارەی ئەنجامیان داوە هەواڵەی دادگای تایبەتمەند دەکرێن و بڕیاری لەکارلادان (العزل) لە دژیان دەردەکرێت، سەبارەت بە لێوەرگرتنەوەی مووچە و دەرماڵەش، ئەوا جیاوازی مووچە و دەرماڵەی نێوان بڕوانامە دروستەکەیان و بڕوانامە ساختەکەیان لێ وەردەگیرێتەوە هەروەك لەلایەن خۆیەوە ئەنجومەنی شورای دەولەت لە بڕیاری ژمارە (٢٠١٥/١٢٧ لە ٢٠١٥/١٢/٢٠)[20] دووپاتیکردۆتەوە :" يسترد الفرق بين الراتب والمخصصات التحصيل العلمي الصحيح للموظف المعزول و الراتب والمخصصات التى تقاضاها بناء على شهادة مزورة دون مضاعفة المبلغ".

---

[19] قرارات وفتاوى مجلس شورى الدولة لعام ٢٠١١، ط١، منشورات مجلس شورى الدولة، بغداد، ٢٠١٢، ص٦٢.

[20] قرارات وفتاوى مجلس شورى الدولة لعام ٢٠١٥، المصدر السابق، ص٢٥٠.

## (٢٦)

## پێوەرەکانی گواستنەوەی راژە بەلای قەزای کارگێڕیی هەرێمەوە

لەبەرەنجامی ئەو تانوتانەی لە بریاری گواستنەوەی راژەکانیان دەدرێت لەلایەن فەرمانبەرانەوە و بابەتەکە دەبرێتە بەردەم دەستەی بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی هەرێم و بەسەرنجدان لەو بڕیارە تەمییزیانەی کە لەم بارەیەوە لەلایەن دەستەی گشتی ئەنجومەنی شورای هەرێمەوە دەرچوون، دەستەی گشتی لەو بریارە تەمییزیانەی خۆیدا لەسەر کۆمەڵێك بنەما یان مەرج سەقمگیر بووە سەبارەت بە گواستنەوەی راژەی فەرمانبەر کە لە خوارەوە روونیی دەکەینەوە:

**یەکەم:** نابێت گواستنەوەی راژەی فەرمانبەر کاریگەری بخاتەوە لەسەر کەمکردنەوەی مووچەی فەرمانبەرەکە کە بە گوێرەی یاسا و رێنماییەکان شایستەی بووە.

**دووەم:** نابێت کاریگەری دروست بکات لەسەر پلە وەزیفیەکەی بە جۆرێك کە گواستنەوەی راژەکەی پلە وەزیفییەکەی دابەزێنێ و بیخاتە پلەیەکی وەزیفی دیکەوە کە کەمتر بێت لەو پلە وەزیفییەی کە لە دۆخێکی یاسایی تەندروستدا بەدەستی هێناوە و بووەتە مافێکی بەدەستهاتوو بۆ فەرمانبەرەکە.

**سێیەم:** نابێت بریاری گواستنەوەی راژەکە خەرجی و کرێی زیاد بکات بۆ سەر باری دارایی فەرمانبەرەکە وەك ئەوەی راژەکەی لە شارێکەوە بگوازرێتەوە بۆ شارێکی دیکە و ببێتە هۆی دروستبوونی قورسایی لەسەر باری دارایی فەرمانبەرەکە وەك دانی کرێی هاتووچۆ یان بەکرێ گرتنی خانوو.

**چوارەم:** نابێت لە روكنی مەبەست (الغاية) ی بریاری گواستنەوەی راژەكەدا خراپ بەكارهێنانی دەسەلات هەبێت (اساءة استعمال السلطة)، بەو مانایەی وەك سزایەك دەرهەق بە فەرمانبەرەكە بەكارهاتبێت كە ئەمەش لە حالەتی پەنا بردنە بەر دادگا ، فەرمانبەرەكە دەتوانێت بە هەموو رێگاكانی سەلماندن ئەو دۆخە بسەلمێنێت.

**پێنجەم:** نابێت بریاری گواستنەوەی راژەكە ببێتە هۆی پێشێلكردنی ئەحكامی یاسای میلاكات وەك دروستكردنی چۆڵبوونی میلاك یان زیادبوونی میلاك.

لەسەروو هەموو ئەمانەشەوە لەبەر ئەوەی دەسەلاتی ئیدارە لە گواستنەوەی راژەی فەرمانبەر دەسەڵاتێكی تەقدیرییە، ئەوا ئەم دەسەڵاتە ملكەچە بۆ چاودێری قەزای كارگێڕیی و هەر كات بریاری گواستنەوەكەی لە ماوەی یاساییدا تانەی لێدرا ئەوا قەزای كارگێڕیی لەسەر یەك بە یەكی ئەو مەرجانە و هەروەها روكنەكانی بریاری كارگێڕی لە بریاری گواستنەوەی راژەكەدا دەوەستێتەوە و گەر هاتوو لەكەیەك(عیب) لە روكنەكاندا هەبوو یان ئەو مەرجانەی تێدا بەدی نەهاتبوو ئەوا بریار دەدات بە هەلوەشاندنەوەی بڕیاری گواستنەوەی راژەكە.

ئەوەی پێویستە لەم جۆرە حالەتانەدا فەرمانبەر ئەنجامی بدات ئەوەیە كە پێویستە لەگەل پێراگەیاندنی بە فەرمانی گواستنەوەی راژەكەی ، لە ماوەی (٣٠) رۆژدا لە رۆژی تەبلیغەوە داوا لەبەردەم دستەی بەرزەفتەكردنی فەرمانبەرانی هەرێم لە شاری هەولێر تۆمار بكات پاڵپشت بە ئەحكامی ماددەی (پەنجاو نۆیەم/٣) لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی سالی ١٩٦٠ پێویست بە پێشكەشكردنی (تظلم) ناكات و

خۆگەرهاتوو تا کاتی دادبینی لەکارتزاران و دەستبەکاربوونی نەکردبوو، ئەوا بەبروای ئێمە دەتوانێت لە یەکەم دانیشتنی دەستەکەدا داوای راگرتنی جێبەجێکردنی بریاری گواستنەوەی راژەکەی(وقف تنفیذ القرار) بکات تا کاتی یەکلابونەوەی دۆسیەکە لەبەردەم دەستەی ناوبراو .. بەلام نابێت فەرمانبەر خۆی بگرێتەوە (امتناع ) لە جێبەجێکردنی فەرمانی گواستنەوەی راژەکەی گەرهاتوو هێشتا بەرواری دادبینی زۆری مابوو، چونکە دووچاری گرفتی یاسایی دەبێتەوە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی (سی و حەوتەم /١) لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی سالی ١٩٦٠.

## (٢٧)

## كێ دەسەلاتی سزادانی فەرمانبەری هەیە؟

یاسای بەرزەفتكردنی فەرمانبەرانی دەولەت و كەرتی گشتی لە ماددەی (١)ی یاساكەدا بەروونی ئەوانەی دەستنیشانكردووە كە دەسەلاتی سەپاندنی سزایان هەیە بەسەر فەرمانبەردا كە بریتین لە:

**یەكەم:** وەزیر و سەرۆكی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت كە پلەكەیان وەزیرە.

**دووەم:** بریكاری وەزارەت و بەرێوەبەرە گشتییەكان و ئەو پلە تایبەتانەی كە پلەكەیان بریكاری وەزارەتە و پێكهاتەیەكی ئیداری بەرێوەدەبەن وەك پارێزگار و سەرۆكی زانكۆ ، لەگەڵ ئەو فەرمانبەرەی كە وەزیر دەسەلاتی سەپاندنی سزای بەرزەفتكاری پێدەدات .

لەبەر رۆشنایی ئەوەی لاسەرەوە و پاڵپشت بە رادەربڕینی ژمارە (٢٠١٥/٤ لە٢٠١٥/٢/٢٢)ی[٢١]ئەنجومەنی شورای هەرێم لە خوارەوە چەند روونكردنەوەیەكی پێویست دەخەینە بەردەست:

١ـ هەریەك لە وەزیر و سەرۆكی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت كە پلەكەی وەزیرە دەسەلاتی سەپاندنی هەموو ئەو سزایانەیان هەیە كە لە ماددەی (٨)ی یاساكەدا هاتووە.

٢ـ هەریەك لە بریكاری وەزارەت و ئەوانەی لە پلەی بریكاری وەزارەتدان و پێكهاتەیەكی ئیداری بەرێوەدەبەن و بەرێوەبەرە گشتییەكان. بە حوكمی یاسا دەسەلاتی سەپاندنی چوار سزای هاتوو لە برگەكانی

[٢١]بڕیارێكی بلاوكراوە

(یەکەم و دووەم و سێهەم و چوارەم)ی ماددەی (٨)ی یاسای بەرزەفتکردن راستەوخۆ لە یاساکەوە وەردەگرن تەنانەت ئەگەر وەزیری تایبەتمەندیش دەسەلاتەکەیان پێنەدات یان کەمتر لەو دەسەلاتەیان بداتێ.
٣ـ ئەو فەرمانبەرەی کە وەزیر دەسەلاتی سەپاندنی سزا بەرزەفتکارییەکانی پێدەدات.

٤ـ تەنها وەزیر دەتوانێت دەسەلاتی (تخویل) سەپاندنی سزای بەرزەفتکاری بدات بە فەرمانبەرانی وەزارەتەکەی و بریکاری وەزارەت و ئەوانەی لە پلەی بریکاری وەزارەتدان و بەرێوەبەرە گشتییەکان بە هیچ شێوەیەك ناتوانن ئەم دەسەلاتە بدەن بە هیچ فەرمانبەرێکی دیکە ، واتە ئەمانەی دوایی بە حوکمی قانون دەسەلاتەکە وەردەگرن ، بەلام یاساکە رێگەی پێنەداون کە دەسەلاتەکە دابەزێنن بۆ خوار خۆیان. با لە وەزارەتیشەوە فەرمانیان پێکرابێت یان دەسەلاتیان پێدرابێت.
٥ -هەریەك لە جێگری بەرێوەبەری گشتی و بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتییە لاوەکییەکان لەسەر ئاستی قەزاکان وەك بەرێوەبەرایەتی پەروەردە یان تەندروستی یان کارەبا و هەروەها بەرێوەبەری فەرمانگە لاوەکییەکان و بەرێوەبەری قوتابخانە و نەخۆشخانە و ئەو دامەزراوانەی لەو ئاستانەدا... تاد ، ئەمانە گەرهاتوو راستەوخۆ دەسەلاتەکەیان لە وەزیر و بە فەرمانی وەزاری وەرنەگرتبوو ئەوا هەر سزایەك بسەپێنن بەسەر فەرمانبەردا بە پوچەڵکراوە (باطل) دادەنرێت لەبەر ئەوەی بریاری سزادانەکەیان لەکەدارە بە لەکەی نەبوونی دەسەلات(عیب عدم الاختصاص)، با لە لایەن بەرێوەبەری گشتییەوە دەسەلاتەکەیان بۆ دابەزێنرابێت .

٦ـ هەریەك لە بریکاری وەزارەت و ئەوانەی لەو پلەیەدان و پێکهاتەیەکی ئیداری بەرێوەدەبەن و بەرێوەبەرەگشتییەکان دەسەلاتی دەستپێکێشانەوە

(سحب اليد) و پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە و هەواڵە کردنی فەرمانبەر بۆ دادگایان هەیە ، راستەوخۆ ئەم دەسەلاتانە لە دەقی یاساکەوە وەردەگرن با وەزیریش دەسەلاتەکەی پێ نەدابن و دەتوانن مومارەسەی بکەن، بەلام ناتوانن ئەم دەسەلاتە دابەزێنن بۆ خواری خۆیان.

٧- دەسەلاتی پێدانی سوپاس و پێزانین یاساکە تەنها بە وەزیری داوە و هەریەك لە بریکاری وەزارەت و ئەوەی لە پلەی بریکاری وەزارەتدا و بەرێوەبەری گشتی بە حوکمی یاسا دەسەلاتەکە وەرناگرن و دەبێت وەزیر دەسەلاتەکەیان بۆ دابەزێنێ.

٨- پێدانی(تخویل) دەسەلاتەکانی سزادان و دەستپێکێشانەوە و هەوالەکردنی فەرمانبەر بۆ دادگا و سوپاس و پێزانین و پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە تەنها تایبەتە بە وەزیر و جگە لە وەزیر کەس ناتوانێت ئەم دەسەلاتانە دابەزێنێ.

٩- ئەو برگەیەی کە لە زۆربەی فەرمانە وەزارییەکاندا هاتووە بەوەی کە بریکاری وەزارەت یان بەرێوەبەرە گشتییەکان دەتوانن بەشێك لە دەسەلاتەکانیان بۆ خوارەوەی خۆیان دابەزێنن بە هیچ شێوەیەك دەسەلاتەکانی سزادان و دەستپێکێشانەوە و هەوالەکردنی فەرمانبەر بۆ دادگا و سوپاس و پێزانین و پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە ناگرێتەوە چونکە لێرەدا دەقی یاساکە رێگرە لە دابەزاندنی ئەو دەسەلاتانە با وەزیریش پێداگری لەسەر کردبێتەوە کە دابەزێنرێت.

## (٢٨)

## رایيكردنی مامەڵەی خانەنشينی فەرمانبەری فەسلكراو يان عەزلكراو يان بەدەستلەكارهەڵگرتوو دانراو (مستقيل)

یاسادانەر لە ماددەی١/ پێنجەمی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٢٧) سالی ٢٠٠٦ دا دەقی لەسەر ئەوە هێناوە کە عەزلکردنی فەرمانبەر یان فەسڵکردنی یان وازهێنانی لە خزمەتی وەزیفی لەبەر هۆکاری ناچاری جگە لەو دەستلەکارکێشانەوەیەی کە بێ ڕەزامەندی فەرمانگەکەی کردوویەتی یان ئەوەی لە حوکمی ئەوەدایە، نابنە ڕێگر لە شایستەبوونی بە مافەکانی خانەنشینی و لەم حاڵەتەشدا مووچەی خانەنشینی خەرجناکرێت مەگەربێتوو فەرمانبەرەکە تەمەنی پەنجا ساڵی تەواو بکات.

ئەم ماددەیە لەرووی جێبەجێکردنەوە مشتومڕی ئەوەی بە دوای خۆیدا هێناوە کە ئایا دەکرێت مامەڵەی خانەنشینی بۆ فەرمانبەرەکە بکرێت و مووچەی خانەنشینی بۆ خەرجنەکرێت تا تەمەنی ٥٠ سالی تەواو دەکات یاخود دەبێت مامەڵەی خانەنشینییەکەی بۆنەکرێت تا ئەو کاتەی کە تەمەنی ٥٠ سالی تەواو دەکات بەو پاساوەی کە مەنتیق نیە کەسێك خانەنشین کرابێت بەلام مووچەی خانەنشینی وەرنەگرێت؟

بە گەرانەوە بۆ حوکمی ماددەی (٧/ پێنجەم/أ) لە یاسای ناوبراو هاتووە کە :"مووچەی خانەنشینی خەرجناکرێت بۆ خانەنشینکراو گەرهاتوو تەمەنی (٥٠) پەنجا ساڵی تەواو نەکردبێت و هەروەها لە هەموو بارەکاندا مووچە لەبەرامبەر ئەو ماوەیەی پێش تەواوکردنی تەمەنی ئاماژەپێکراوە بۆ خەرجناکرێت "

لەبەرەنجامی ئەم دەقەوە دەکرێت بڵێین فەرمانبەرەکە دەتوانێت مامەڵەی خانەنشنییەکەی پێش تەواوکردنی تەمەنی پەنجا سالی تەواو بکات نەك چاوەرێ بکات تا تەمەنی پەنجا ساڵی تەواو دەکات بەم هۆکارانەی لای خوارەوە:

**یەکەم:** یاسادانەر دەستەواژەی خانەنشنیکراوی بەکارهێناوە نەك فەرمانبەر، کاتێك کە دەڵێت ((مووچەی خانەنشینی خەرجناکرێت بۆ خانەنشینکراو گەرهاتوو تەمەنی (٥٠) پەنجا ساڵی تەواو نەکردبێت )) خانەنشینکراویش بریتییە لەو کەسەی کە لە پای راژە وەزیفییەکەی شایستەی مافی خانەنشینی یان پاداشتی دەبێت بە گوێرەی حوکمەکانی یاساکە. بێگومان ئەمەش دوای ئەوە دێت کە مامەڵەی خانەنشینییەکە رایی دەکرێت و فەرمانگەی تایبەتمەند دڵنیا دەبێتەوە لە هەموو مەرجەکانی خانەنشینبوون، لەسەر ئەم بنەمایەش سیفەتی خانەنشینبووی پێدەدرێت.

**دووەم:** کاتێك کە یاسادانەر لە دەقی ماددەی (٧/پێنجەم/أ) جەخت لەوە دەکاتەوە کە((لە هەموو بارەکاندا مووچە لەبەرامبەر ئەو ماوەیەی پێش تەواوکردنی تەمەنی ئاماژەپێکراوە بۆ خەرجناکرێت)) بەلگەیە لەسەر ئەوە کە مامەڵەی خانەنشنیبوونەکە رایی کراوە و کۆتایی هاتووە و بۆ ئەوەی فەرمانبەرەکە داوای مووچەی خانەنشینی نەکات بەو پاساوەی کە خانەنشینکراوە بۆیە بە دەقی راشکاوانە جەخت لەوە دەکاتەوە کەمووچەی خانەنشینیی لەبەرامبەر ئەو ماوەیەی دەکەوێتە پێش تەواوکردنی تەمەنی پەنجا سالی خەرجناکرێت.بەلام ئەگەر فەرمانبەرەکە مامەلەی نەکردبیت ئەوا مافی ئەوەی نییە داوای ئەو مووچەیە بکات چونکە خۆی بە خانەنشینکراو نازانێت گەرهاتوو مامەلەی خانەنشینی نەکردبێت و بریاری کۆتایی لێ نەدرابێت .

**سێهەم:** رایيكردنی مامەڵەی خانەنشينی پێش تەواوكردنی پەنجا ساڵی جۆرێكە لە زەمانەت بۆ فەرمانبەرەكە بەو شێوەيەی كە زامنی مافەكانی خانەنشنيبوونی كردووە و چاوەڕێ دەكات كە تەمەنی پەنجا سالی تەواو بكات ئەو كات لەگەل تەواوكردنی تەمەنی پەنجا سالی بە رۆژ و مانگ و سال، شايستەی مووچەی خانەنشينی دەبێت بە حوكمی قانون . خۆگەرهاتوو پێش تەواوكردنی تەمەنی پەنجا ساڵی فەرمانبەرەكە وەفاتيكرد ئەوا لەم كاتەدا بە گوێرەی حوكمی ماددەی (٧/ پێنجەم/ ب)ی هەمان ياسا ئەوانەی لە پاشی بەجێ دەمێنن شايستەی مووچەی خانەنشينی دەبن و مووچەی خانەنشينيان بۆ خەرجدەكرێت لەبەرواری وەفاتكردنيەوە نەك تەواوكردنی تەمەنی (٥٠) پەنجا ساڵی وەفاتيكرد بوو.

لەبەرەنجامی ئەوەی لای سەرەوە بەبروای ئێمە لەبەر ئەوەی ياسادانەر بە دەق باسی لە خەرجكردنی مووچەی خانەنشينی كردووە و گرێی نەداوە بە رایيكردنی مامەڵەی خانەنشينكردنەكەوە و هەروەها بۆ زامنكردنی مافی فەرمانبەرەكە لە مووچەی خانەنشينبوون، ئەوا فەرمانبەرەكە پێش تەمەنی پەنجا سالی دەتوانێت مامەڵەی خانەنشنييەكەی تەواو بكات ، بەلام سەبارەت بە خەرجكردنی مووچەكەی، ئەوا بە حوكمی ياسا شايستەی دەبێت لە پاش تەواوكردنی تەمەنی پەنجا سالی بە رۆژ و مانگ و سال هەروەك لە لايەن خۆشيەوە دادگای بالای كارگێڕيی لە بڕياری ژمارە (٦٩٤/٥٠٣/ قەزای فەرمانبەران/٢٠١٤ لە ٢٠١٦/٦/١٦)[٢٢]تەواوكردنی مامەڵەی هەواڵەكرانی فەرمانبەرێك بۆ خانەنشينی و شايستە نەبوونی فەرمانبەرەكەی بە وەرگرتنی مووچە تا پاش

---

[٢٢] قرارات مجلس الدولة وفتاواه لعام ٢٠١٦، ط١، المصدر السابق، ص٣٥٩.

تەواو کردنی تەمەنی (٥٠) ساڵی وەك ڕێککارێکی دروستی جێبەجێکردنی حوکمی یاساکە وەرگرتووە و هیچ سەرنجێکی لەم بارەیەوە تۆمارنەکردووە.

## (٢٩)

## ئاراستەکردنی سوپاس و پێزانین چ ئاسەوارێکی یاسایی دەخاتەوە لەسەر پێگەی فەرمانبەرانی گرێبەست پاش دامەزراندنیان وەك فەرمانبەر هەمیشەیی ؟

هەندێکجار لە فەرمانگە و وەزارەتەکان ئەوە بەدی کراوە کە سوپاس و پێزانین ئاراستەی فەرمانبەرانی گرێبەست کراوە یاخود داوا دەکرێت کە سوپاس و پێزانینیان ئاراستە بکرێت، لێرەدا دەکرێت ئەو پرسیارە بێتە ئاراوە کە ئایا لە حالەتی ئاراستەکردنی سوپاس و پێزانین بۆ فەرمانبەری گرێبەست، چ ئاسەوارێکی قانونی دەخاتەوە لەسەر پێگەی یاسایی فەرمانبەرەکە بۆ پاش دامەزراندنی وەك فەرمانبەری هەمیشەیی و هەروەها فەرمانبەرە گرێبەستەکە چ سوودێکی لێ وەردەگرێت؟

بە گەرانەوە بۆ پێناسەی فەرمانبەری گشتی لە هەریەك لە یاساکانی راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ و یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەولەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ ، بۆمان دەردەکەوێت کە فەرمانبەرانی گرێبەست ئەو پێناسانەیان بەسەردا جێ بەجێناکرێت و ملکەچ نابن بۆ ئەو ماف و لێکەوتانەی کە ئەو یاسایانە داویانە بە فەرمانبەرانی هەمیشەیی ، چونکە پێگەی یاسایی فەرمانبەرانی گرێبەست و بنەمای رێکخستنی پابەندی و مافەکانیان جیاوازە و زیاتر مەحکومە بەو گرێبەستەی کە لەگەڵیاندا ئەنجامدراوە.

لەسەر ئەم بنەمایەش پێگەی یاسایی فەرمانبەری گرێبەست دەست نادات بۆ خستنەوەی ئەو ئاسەوارانەی کە سوپاس و پێزانین لەسەر پێگەی یاسایی فەرمانبەرانی هەمیشەیی دەیخاتەوە بە هەردوو ئاسەواری پێشخستن

(القدم) بەگوێرەی حوکمی مادەی (٢١/ یەکەم)ی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەران و هەروەها هەڵوەشاندنەوەی سزا بەرزەفتکارییەکان یان کەمکردنەوەی دواخستنی پلەبەرزکردنەوەیان (الترفیع) بە گوێرەی ئەوەی کە یاسادانەر لە ماددەی (٢١/ دووەم)ی یاسای بەرزەفتکردندا دەقی لەسەر هێناوە .

لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە دەتوانین بڵێین کە ئاراستەکردنی سوپاس و پێزانین بۆ فەرمانبەرانی گرێبەست هیچ ئاسەوارێکی یاسایی لەسەرپێگەیی یاساییان ناخاتەوە لە پاش دامەزراندنیان وەك فەرمانبەری هەمیشەیی بە گوێرەی ئەوەی کە لە حوکمی ماددەی (٢١) ی یاسای بەرزەفتکردن لە هەردوو بڕگەکەیدا هاتووە ، هەروەك لەلایەن خۆشیەوە ئەنجومەنی دەولەی عێراق لەبریاری ژمارە (٢٠١٦/٧٧ لە ٢٠١٦/٨/٩)[٢٣]جەختی لەسەر ئەم بابەتە کردۆتەوە.

بەلام بەبروای ئێمە دەکرێت لەو حالەتانەی کە رکابەری دروست دەبێت بۆ پڕکردنەوەی وەزیفەیەکی چۆل بە شێوەی دامەزراندنی هەمیشەیی لە نێوان چەند فەرمانبەرێکی گرێبەستدا ، دەکرێت وەك یەکێك لە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن بۆ ئەو فەرمانبەرانە لەلایەن ئیدارەوە ، رەچاوی ئەو سوپاس و پێزانینانە بکرێت کە ئاراستەیان کراوە لەلایەن فەرمانگەکانیانەوە و ئەفزەلیەت بدرێت بەو فەرمانبەرەیان کە زۆرترین سوپاس و پێزانینی ئاراستەکراوە لە پای دلسۆزی و شارەزایی و لێهاتوویی لەو ئەرکەی کە ئەنجامی داوە وەك فەرمانبەری گرێبەست.

[٢٣] قرارات مجلس الدولة وفتاواه لعام ٢٠١٦، ط١، المصدر السابق، ص١٨٠.

## (٣٠)
## مۆڵەتی نەخۆشی درێژخایەن

یاسادانەر لە ئەحکامی ماددەی (چل و شەشەم)ی یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ دا ، لە بڕگەکانی (یەکەم و دووەم و سێهەم) دا بەروونی شایستەیی فەرمانبەری بە وەرگرتنی مۆڵەتی نەخۆشی روونکردۆتەوە و ئاماژەی بەوەداوە کە فەرمانبەر لە ماوەی پێنج ساڵی راژەدا شایستەی وەرگرتنی مۆڵەتی نەخۆشی دەبێت بۆماوەی ١٨٠ رۆژ بە مووچەی تەواو و ١٨٠ رۆژیش بە نیو مووچە، بە مەرجێك کە لە هەر نۆرە نەخۆشییەکیدا زیاتر لە ١٢٠ رۆژ بە سەر یەکەوە وەرنەگرێت ، هەروەها ئەوەیشی روونکردۆتەوە کە گەرهاتوو هەر نەخۆشیەکە بەردەوام بوو ، فەرمانبەرەکەش رەسیدی مۆلەتی نەخۆشی و ئاسایی نەمابوو ـ واتە هەمووی وەرگرتبوو ـ ئەوا لەم کاتەدا رێگەپێدراوە کە ١٨٠ رۆژ مۆڵەتی دیکەی پێ بدرێت بەبێ مووچە و گەر دوای ئەوە هەر چاك نەبوویەوە هەواڵەی خانەنشینی دەکرێت.

بەلام بەدەر لە حوکمی بڕگەکانی پێشوو لە بڕگەی چوارەمی ماددەکەدا ، یاسادانەر وەك بەدەرکردن (استثناء) هەندێك نەخۆشی دەستنیشان کردووە وەك شێرپەنجە و سیل و هەر نەخۆشییەکی دیکە کە چاکبونەوەیان نیە یان ماوەی چارەسەرکردنەکەیان زۆری دەخایاند،ئەوا بە پشتگیری لایەنی تایبەتمەند مۆڵەتی نەخۆشی پێ دەدرێت بۆ ماوەی دوو ساڵ بە مووچەی تەواو و گەرهاتوو دوای ئەو ماوەیە چاك نەبوویەوە ئەوا هەوالەی خانەنشینی دەکرێت..

بەلام دواتر بە گوێرەی یاسای پەککەوتنی تەندروستی ژمارە (١١)ی ساڵی **١٩٩٩** ماوەی مۆڵەتەکەی کرا بە **(٣)** ساڵ و وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمیش بە گشتاندنی ژمارە **(٢)**ی ساڵی **٢٠١٣** جەختی لە ماوەی **(٣)** ساڵەکە کردۆتەوە لەبەر رۆشنایی یاسای ئاماژە پێکراو، لەسەر بنەمای ئەم یاسایە ، فەرمانبەرەکە بەم جۆرە مۆڵەتەکە وەردەگرێت:

**یەکەم:** بەدەر لە لیژنەی پزیشکی تایبەتمەند کە بە گوێرەی رێنماییە بەرکارەکان مۆڵەتی نەخۆشی دەدەن بە فەرمانبەر و دەسەلاتیان لە **(٩٠)** رۆژ زیاتر نیە، لیژنەیەکی تایبەتمەند بۆ مەبەستەکانی یاسای پەککەوتنی تەندروستی پێکدێت و ئەو لیژنەیە مۆڵەتەکە دەدات.

**دووەم:** بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی **(٤)** لە رێنمایی ژمارە **(١٤)**ی ساڵی **٢٠٠٠** رێنمایی جێبەجێکردنی یاسای پەککەوتەیی تەندروستی ، فەرمانبەرەکە و دائیرەکە بۆیان هەیە هەر شەش مانگ جارێك داوا بکەن کە فەرمانبەرەکە بدرێتەوە بە لیژنەکە لە ماوەی مۆڵەتەکەدا بۆ هەڵسەنگاندنی باری تەندروستییەکەی و گەرهاتوو دۆخی تەندروستی جێگیر بوو رێگەی بەوەدا دەدات فەرمانبەرەکە دەستبەکاربێتەوە ئەوا دەتوانێت بگەرێتەوە سەر وەزیفەکەی، یان باری تەندروستی رێگەی پێدەدات بگەرێتەوە سەر وەزیفەکەی بەلام پێویست دەبوو سروشتی وەزیفەی فەرمانبەرەکە بگۆردرێت، ئەوا لەم کاتەدا تەنسیب دەکرێت بۆ وەزیفە نوێیەکەی، یاخود گەرهاتوو چاك نەبووبوو ئەوا بەردەوام دەبێت لە مۆڵەتەکەی تا کۆتایی هاتنی ماوەی **(٣)** ساڵەکە.

**سێهەم:** لە پاش کۆتایی ماوەی (٣) ساڵی مۆڵەتەکە، جارێکی دیکە فەرمانبەرەکە دەدرێتەوە بە لیژنەکە و لەسەر ئەم بنەمایە بەم سێ بژاردەیە مامەڵەی لەگەل دەکرێت:

١ـ گەرهاتوو دۆخی تەندروستی چاك بووبوو ئەوا دەگەرێتەوە سەر وەزیفەکەی.

٢- گەرهاتوو دۆخی تەندروستی چاك بوو بوو بەلام نەیدەتوانی مومارەسەری وەزیفە بنەرەتییەکەی خۆی بکات، ئەوا تەنسیب دەکرێت بۆ وەزیفەیەکی دیکە کە لەگەل باری تەندروستی فەرمانبەرەکەدا گونجاو بێت.

٣- گەرهاتوو باری تەندروستی فەرمانبەرەکە شیاو نەبوو بۆ دووبارە گەرانەوە بۆ وەزیفە، ئەوا لەم کاتەدا هەوالەی خانەنشینی دەکرێت و گەرهاتوو خزمەتەکەی لە ١٥ سالی کەمتر بوو، ئەوا خزمەتەکەی بۆ دەکرێت بە ١٥ ساڵ و دەبەخشرێت لە لێبرینی خانەنشینی (التوقیفات التقاعدیة).

## (٣١)

## پێدانی دەسەلاتی دادنوسی بە فەرمانبەرانی یاسایی

یاسادانەر لە یاسای دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ دا، لە ماددەی (٩)ی یاساکەدا بەدەرکردنێکی هێناوە لەسەر ئەسڵی یاساکە و دەسەڵاتی دادنوسی تایبەت بە پەسەندکردنی (گرێبەست و دەستەبەری و بەڵێننامە)ی داوە بە بەرێوەبەری کاروباری یاسایی وەزارەتەکان یان ئەوەی دەسەلاتی پێدەدات لەو کاتانەی کە گرێبەست و بەڵێننامە و دەستەبەرییەکان پەیوەندییان بە وەزارەتەکەیەوە هەبێت. کە بێگومان ئەمەش کارێکی زۆر باشە و فشار و قورسایی لەسەر فەرمانگە دادنوسیەکان کەمدەکاتەوە و لە هەمانکاتیشدا ئەو سێ جۆرە مامەڵەیە لەلایەن وەزارەتەکانەوە کە ئەنجامدەدرێن، ئەوا دەتوانن لە نزیکەوە وردەکاری دارشتنی ناوەرۆکەکانیان رێکبخەن بە شێوەیەك کە مەبەستی سەرەکی وەزارەت یان فەرمانگەکە بەدیبهێنێ، لە سەر ئەم بنەمایەش لە خوارەوە چەند سەرنجێك دەخەینەڕوو:

**یەکەم:** بەرێوەبەری کاروباری یاسایی وەزارەت یان دەستە نەبەستراوەکان بە وەزارەت بە حوکمی قانون دەسەلاتە دادنوسیەکە وەردەگرێت وەك دەسەڵاتێکی شەخسی، کە جگە لە بەرێوبەری کاروباری یاسایی وەزارەتەکان کەس ناتوانێت پیادەی ئەم دەسەلاتە بکات.

**دووەم:** تەنها بەرێوەبەری کاروباری یاسایی وەزارەت مافی پێدانی ئەم دەسەلاتەی هەیە بۆ فەرمانبەرانی سنووری وەزارەتەکەی ، لەم کاتەشدا پێدانی دەسەڵاتەکە دەبێت بە واژۆی بەرێوەبەری یاسایی وەزارەت بێت نەك واژۆی وەزیر یان بریکاری وەزارەت یاخود بەرێوەبەری گشتی

دیوان کە لە هەندێك لە وەزارەتەکاندا بەم جۆرەی دوایی دابەزێنراوە ، واتە لەبری بەرێوەبەری کاروباری یاسایی وەزارەت ، وەزیر یان بریکاری وەزارەت یان بەرێوەبەری گشتی دیوان دەسەڵاتەکەی دابەزاندووە کە ئەمەش رێگە پێدراونییە .

**سێهەم:** دابەزاندنی دەسەلاتەکە لە بەرێوەبەری کاروباری یاسایی وەزارەتەکانەوە بۆ فەرمانبەری یاسایی فەرمانگەکانی خوارەوە، بەشێوەی (تخویل) هاتووە، کە لەم جۆرە حاڵەتەشدا دابەزاندنی دەسەلات بەشێوەی بەشی (جوزئی) و کاتی (وقتی) دەبێت، واتە هەندێك لەدەسەلاتەکە دەدات نەك هەمووی، بەلام بەبروای ئێمە لە حالەتی پێدانی دەسەلاتەکانی هاتوو لە ماددەی (٩)ی یاسای دادنوسی، پێویست دەکات هەر سێ دەسەلاتەکە دابەزێنرێت بۆ فەرمانبەری یاسایی خوارەوە ، چونکە ناکرێت هاولاتی بۆ ئەو بەشە دەسەلاتەی دانەبەزێنراوە سەردانی وەزارەت بکات بەمەبەستی بەرێکردنی مامەڵەکانی، لە هەمانکاتیشدا گەربێتوو بەشێوەی جوزئی بێت، ئەوا رەنگە ئامانجی خوازراو لەلایەن یاسادانەرەوە لە دانانی ئەم ماددەیە نەپێکێ .

سەبارەت بە پێدانی دەسەلاتەکە و بەستنەوەی بە کاتێکی دیاریکراوەوە لەرووی زەمەنیەوە ، بەهەمان شێوەش باشتر وایە کە کاتی تێدا دەستنیشان نەکرێت، واتە بۆ کاتێکی دیاریکراو نەبێت، چونکە گەربێتوو بەم شێوەیە دەسەلاتەکە دابەزێنرێت، ئەوا رەنگە بە هۆی رۆتینی ئیداری لە دابەزاندنی دەسەلاتەکە و نوێکردنەوەی، فەرمانبەری یاسایی بکەوێتە فەراغی ماوەی زەمەنی لە روکنی تایبەتمەندی کە ئەمەش دەبێتە هۆی لەکەداربوونی مامەڵەکە لەرووی تایبەتمەندێتییەوە.

**چوارەم:** یاسادانەر ئاستی دابەزندانی دەسەلاتەکەی لەلایەن بەرێوەبەری کاروباری یاسایی وەزارەتەوە گرێ نەداوە بە ئاستی ئەو فەرمانگەیەی کە فەرمانبەرە یاساییەکەی تێدایە وەك بەرێوەبەرایەتی گشتی ، بەڵکو گرێی داوە بە خودی فەرمانبەرە یاساییەکەوە ، لەسەر ئەم بنەمایەش بەرێوەبەری کاروباری یاسایی وەزارەت دەتوانێت دەسەلاتەکە بدات بە فەرمانبەرێکی یاسایی وەزارەتەکەی لە بچوکترین پێکهاتەی کارگێڕیی سنووری وەزارەتەکەی.

## (٣٢)

## گرنگی نوسینی هۆکار(تسبیب) له بڕیاری سزادانی فەرمانبەردا.

بڕیاری سزادانی فەرمانبەر وەك هەر بڕیارێکی دیکەی کارگێڕیی پێویسته تەواوی پایەکانی (ارکان)ی تێدا بەدیهاتبێت ، بەپێچەوانەوە بڕیاری سزادانەکە بەنایاسایی دادەنرێت ، بەلام یاسادانەر بەدەر لەبوونی ئەو پایانه (أرکان) له بڕیاری سزادانەکەدا، مەرجی نوسینی هۆکاری(تسبیب) له ناو بریاری سزادانەکەدا وەك مەرجێکی شکلی جەوهەری هێناوە و پێویسته دەسەلاتی کارگێڕیی پابەندبێت به نوسینی هۆکاری سزادانەکه له دەقی بڕیارەکەیدا، کەئەمەش له قەزای کارگێڕیدا پێی دەگوترێت (تسبیب)، واته خستنەرووی هۆکاری سزادانەکه که لەبنەرەتدا پایەی(أرکان) بریارەکەشه له ناو دەقی بریارەکەدا که لەم کاتەدا پێی دەگوترێت (تسبیب)، لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە چەند خاڵێك لەسەر گرنگی نوسینی هۆکار لەبریاری سزادانیدا تۆمار دەکەین :

**یەکەم:** نوسینی هۆکاری سزادانی فەرمانبەر (تسبیب) لەدەقی بریاری سزادانەکەدا، مەرجێکی شکلی جەوهەرییه و یاسادانەر دەقی لەسەر هێناوە لەحوکمەکانی ماددەی (٨)ی یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەولەتدا و رەچاونەکردنی ئەم مەرجه لەلایەن دەسەلاتی کارگێڕییەوە دەبێته هۆی پوچەڵبونەوەی (بطلان)بریارەکه یان هەڵوەشاندنەوەی لەلایەن قەزای تایبەتمەندەوە .

**دووەم:** نوسینی هۆکاری سزادان لە دەقی بریاری سزادانەکەدا، وادەکات کە فەرمانبەرەکە بزانێت لەسەرچی سزادراوە بۆ ئەوەی خۆی لێ بەدوور بگرێت لەداهاتوودا و دووبارەی نەکاتەوە و هەڵسوکەوتەکانی لەسەر ئەم بنەمایەش راستبکاتەوە .

**سێهەم:** نوسینی هۆکاری سزادان لەدەقی بریاری سزادانەکەدا کارئاسانی دەکات بۆ قەزای تایبەتمەند تا بەئاسانی لێکۆڵینەوە بکات لە بوونی ئەو سەرپێچییەی کە دراوەتەوە پاڵ فەرمانبەرەکە و لەسەر ئەو بنەمایەش سزادراوە .

**چوارەم:** نوسینی هۆکاری سزادان لە بڕیاری سزادانی فەرمانبەر دەبێتە رێخۆشکەر بۆ قەزای تایبەتمەند تا بتوانێت چاودێری پێکەوە گونجاوێتی (رقابە الملائمة) بکات لە نێوان توندی سزاکە و قورسی ئەو سەرپێچییەی کە فەرمانبەرەکە ئەنجامی داوە.

**پێنجەم:** نووسینی هۆکاری سزادان لە بڕیاری سزادانەکەدا یارمەتی فەرمانبەر دەدات تا بتوانێت باشتر بەرگری لەخۆی بکات لەبەردەم قەزای تایبەتمەندا.

**شەشەم:** لەبەر ئەوەی نە نووسینی هۆکاری سزادان لە بڕیاری سزاداندا بە لەکەیەکی (عیب) رواڵەتی (شکلی) دادەنرێت لە بڕیارەکەدا، ئەوا لەم کاتەدا، قەزای تایبەتمەند لەسەر بنەمای ئەم لەکەیە بڕیاری سزادانەکە هەڵدەوەشێنێتەوە و ناچێتە ناو بابەتی (موضوعی) داواکەوە ، لەسەر ئەم بنەمایەش قەزای کارگێڕیی لە عێراق لەسەر ئەوە سەقامگیر بووە کە هیچ

ڕێگرییەك لەبەردەم دەسەڵاتی کارگێڕیی نیە تا جارێکی دیکە بڕیاری سزادان دەرهەق بە فەرمانبەرەکە دەربکاتەوە و لەبڕیارە تازەکەیدا تەنها دەتوانێت هۆکاری سزادانەکە (تسبیب) بنوسێت بێ گۆڕانکاری و دەستبردن بۆ ناوەرۆکی بڕیارەکە، کە لەم کاتەشدا فەرمانبەرەکە جارێکی دیکە دەتوانێت تانە لەبڕیاری سزادانەکە بداتەوە بە گوێرەی هاتوو لە ئەحکامی ماددەی (١٥)ی یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەتدا ، ئەو کات قەزای تایبەتمەند لەرووی بابەتییەوە لێکۆڵینەوە لە ناوەرۆکی بڕیاری سزادانی فەرمانبەرەکە دەکات و بڕیاری خۆی لە بارەیەوە دەردەکات هەروەك دادگای باڵای کارگێڕیی لە عێراق لە بڕیاری ژمارە (٢٢٠/ بەرزەفتەکردن /پێداچونەوە/٢٠١٣ لە ٢٠١٣/٧/٢٣)[٢٤] دووپاتیکردۆتەوە.

---

[٢٤] قرارات مجلس الدولة وفتاواه لعام ٢٠١٧، المصدر السابق، ص٣٢٣.

## (٣٣)

## گرنگترین حوکمەکانی درێژکردنەوەی راژەی فەرمانبەر پاش تەواوکردنی تەمەنی وەزیفی

یاسادانەر لە ماددەی (١/سێهەم) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦دا بەدەرکردنێکی (استثناء) هێناوە لەسەر تەواوکردنی تەمەنی (٦٣) بەمەبەستی درێژکردنەوەی (تمدید) راژەی وەزیفی فەرمانبەر لەم بارەیەشەوە لە ماددە و بڕگەی ئاماژە پێکراودا هاتووە:" بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران هەیە بە پێشنیارکردن لەلایەن وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت کە خزمەتی وەزیفی فەرمانبەر درێژ بکاتەوە بۆ ماوەیەك کە زیاتر نەبێت لە (٣) سێ ساڵ لە کاتی تەواوکردنی تەمەنی یاسایی هەواڵەکردنی بۆ خانەنشینی لەگەڵ رەچاوکردنی دەگمەنی پسپۆڕی و جۆری وەزیفەکە و پێداویستی فەرمانگەکە بە خزمەتەکانی فەرمانبەرەکە". لێرەدا و لەبەر رۆشنایی حوکمی بڕگە و ماددەی لای سەرەوە، چەند خاڵێك دەخەینەڕوو :
**یەکەم:** هەرچەند لێرەدا دەقەکە بە رەها وشەی فەرمانبەری بەکارهێناوە و کۆت و بەندی نەکردووە بە پلەیەکی دیاریکراوەوە ، بەڵام ئەمینداریێتی گشتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق داواکاری درێژکردنەوەی راژەی وەزیفی کورت کردۆتەوە لەوانەی کە لە پلەی بەرێوەبەری گشتی بەرەو سەروەدان لەگەڵ ئەندامانی دەستەکانی وانەبێژی لە زانکۆکان و هەروەها پزیشکە پسپۆڕەکان و ئەو کادیرە گرنگانەی کە هەڵگری بڕوانامەی

پسپۆرین[٢٥].

**دووەم:** بەگوێرەی ناوەرۆکی دەقی ماددەی و بڕگەی ئاماژە پێکراو، پێویستە ئەوەی کە داوای درێژکردنەوەی راژەی وەزیفییەکەی دەکات، دەبێت سێ مەرجی سەرەکی لەو فەرمانبەرەدا هەبێت بە شێوەی کۆکراوەیی ، بەو مانایەی پێویست ئەم سێ مەرجە پێکەوە لە فەرمانبەرەکەدا هەبێت بۆ ئەوەی ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری درێژکردنەوەکەی بۆ بدات:

١-رەچاوکردنی دەگمەنی پسپۆڕییەکەی.

٢-جۆری وەزیفەکەی.

٣-پێداویستی فەرمانگەکە بە راژەی ئەو فەرمانبەرەی کە داوای درێژکردنەوەی وەزیفەکەی بۆ دەکرێت.

**سێهەم:** دەسەڵاتی درێژ کردنەوەکە بەشێوەی جەوازی دراوە بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و لە تایبەتمەندییە (حصر) ییەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانە و پێویستە لەسەر بنەمای داواکاری وەزیر یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت بێت و هەروەها بە گوێرەی ئەو مەرجانە بێت کە یاساکە دەقی لەسەرهێناوە، بەو مەرجەی کە ماوەی درێژکردنەوەکە زیاتر نەبێت لە (٣) سێ ساڵ وەك ئەوەی یاساکە دەقی

---

[٢٥] إياد عبداللطيف سالم، في القانون الخدمة المدنية النقل والإعارة و انتهاء الخدمات، ط١، بغداد، ٢٠٠٩ ، ص ١٧٥.

لەسەر هێناوە و کۆت و بەندی کردووە. هەروەك دەکرێت لە حالەتی هەبوونی هەرسێ مەرجەکەشدا سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەند نەبێت لەسەر درێژکردنەوەکە.

**چوارەم:** ئەو سێ مەرجەی یاسادانەر هێناویەتی وەك پاساوێك بۆ درێژکردنەوەی ڕاژەی فەرمانبەرەکە، پەیوەندی بە دائیرەی فەرمانبەرەکەوە هەیە و لەسەر بنەمای ئاتاجی دائیرەکە پێویستە داواکارییەکە بەرز بکرێتەوە نەك لەسەر بنەمای داواکاری فەرمانبەرەکە بێت، چونکە ئەم بەدەرکردنەی کە یاسادانەر هێناویەتی لە بنەرەتەدا بۆ بەرژەوەندی دائیرە هاتووە نەك فەرمانبەرەکە.

**پێنجەم:** ئەو فەرمانگەیەی کە داوای درێژکردنەوەی ماوەی ڕاژەی وەزیفی فەرمانبەرەکە دەکات، پێویستە پێش ماوەیەکی گونجاو لە تەواوکردنی تەمەنی وەزیفی فەرمانبەرەکە (٦٣ ساڵ) داواکاری درێژکردنەوەکە(طلب التمديد) بەرز بکاتەوە بۆ لایەنی پەیوەندیدار، کە وەزارەتی دارایی لە نوسراوی ژمارە (٨٣٧٣ لە ٢٠٠٩/٢/٩١) بە (٣) مانگ دەستنیشانی کردووە چونکە ڕێگە پێدراو نییە بە پاساوی چاوەڕێکردنی گەڕانەوەی وەڵامی داواکاری درێژکردنەوەکە، فەرمانبەرەکە لە پاش تەواوکردنی تەمەنی (٦٣)ساڵی بە ساڵ و مانگ و ڕۆژ ، لە وەزیفەدا بهێڵرێتەوە، چونکە مانەوەی فەرمانبەر لەم کاتەدا، پێچەوانەی یاسایە و فەرمانگەکەی ڕووبەرووی بەرپرسیارێتی یاسایی دەکاتەوە. هەروەك نوسراوی ئاماژە پێکراوی لای سەرەوەی وەزارەتی دارایی عێراق دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە لە حالەتی نەگەرانەوەی وەڵامی ئەنجومەنی وەزیران لە کاتی خۆیدا بە درێژکردنەکەوە، ئەوا لەم کاتەدا پێویستە

دائیرەکە لەگەل تەواوی بوونی تەمەنی یاسایی فەرمانبەرەکە، دەستبەجێ لە کارترازانی بۆ بکات و لە وەزیفەدا نەیهێڵێتەوە،چونکە یاسادانەر زاراوەی درێژکردنەوە (تمدید)ی بەکارهێناوە، ئەمەش واتای ئەوەیە کە پێویستە پێش کۆتایی هاتنی تەمەنی یاسایی فەرمانبەرێتی رەزامەندییەکە گەرابێتەوە .

شەشەم: سەبارەت بەو ماوەی بۆ فەرمانبەرەکە درێژدەکرێتەوە کە ئایا وەك راژەی خانەنشینی ئەژمار دەکرێت بۆ فەرمانبەرەکە یان ئەژمارناکرێت، ئەوا بەگوێرەی بڕیاری ژمارە (٤٠/ ٢٠٠٨ لە ٢٠٠٨/٣/١١) [٢٦] ئەو ماوەیە بە راژەی خانەنشینی ئەژمار دەکرێت و پێویستە راگیراوەکانی خانەنشینی لە فەرمانبەرەکە ببڕدرێت و ماوەی دریژکراوەکە دواتر دەچێتە سەر کۆی راژەی خانەنشینی فەرمانبەرەکە و بۆی ئەژمار دەکرێت.

---

[٢٦] قرارات وفتاوى مجلس شورى الدولة لعام ٢٠٠٨، ط١، منشورات مجلس شورى الدولة، بغداد، ٢٠٠٩، ص١٢٢.

## (٣٤)

## ڕێککاری یاسایی بۆ هەواڵەکردنی فەرمانبەر

## بۆ دادگای تایبەتمەند

ڕەنگە لە ژیانی وەزیفیدا، فەرمانبەر هەندێك کار ئەنجام بدات کەتاوان (جریمة) بخاتەوە ئیتر ئایا لەبەرەنجامی وەزیفەکەیەوە ئەنجامی دابێت یاخود بە سیفەتە رەسمییەکەی و بەم هۆیەشەوە شایستەی ئەوە بێت کە هەواڵەی دادگای تایبەتمەند بکرێت، لەم جۆرە حاڵەتانەشدا پێویستە دەسەڵاتی کارگێڕیی بە وریاییەوە کار بکات و رەچاوی یاسای تایبەتمەند بکات و ئەو رێککار و شکلیەتە دیاریکراوە پەیرەو بکات کە یاسای تایبەتمەند بۆی دەستنیشانیکردووە ، لەم بارەیەشەوە بە پێی ماددەی (١٠/ سێهەم) لە یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەولەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ یاسادانەر دەقی راشکاوانەی هێناوە و جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە گەرهاتوو لیژنەی لێکۆڵینەوەکە بۆی دەرکەوت کە ئەو کارەی فەرمانبەرەکە ئەنجامی داوە تاوانێك پێکدێنێت لەبەرەنجامی وەزیفەکەیەوە یاخود بە سیفەتە رەسمییەکەی ئەنجامی دابێت، ئەوا پێویستە پێشنیار بکات بە هەواڵەکردنی فەرمانبەرەکە بۆ دادگا تایبەتمەندەکان.

لەم کاتەشدا یاساکە دەسەلاتی داوە بە وەزیر یان سەرۆکی فەرمانگە کە کار بکەن بە پێشنیاری لیژنەکە و فەرمانبەرەکە هەواڵەی دادگای تایبەتمەند بکەن، لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە، چەند سەرنجێکی یاسایی لە خوارەوە تۆمار دەکەین:

**یەکەم:** لە مادده و بڕگەی ئاماژە پێکراوی لای سەرەوەدا، یاساکە سنورێکی دیار و روونی کێشاوە بۆ جیاکردنەوەی سەرپێچی کارگێڕیی و تاوانی سزایی و دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە گەرهاتوو لیژنەکە بۆی دەرکەوت کە ئەو کارەی فەرمانبەرەکە ئەنجامی داوە تاوانێك (جريمة ) دەخاتەوە کە لەبەرەنجامی وەزیفەکەیەوە یاخود بە سیفەتە رەسمییەکەی ئەنجامی دابێت، ئەوا پێویستە لێکۆڵینەوە لەو تاوانە سزاییە رابگرێت و فەرمانبەرەکە هەواڵەی دادگای تایبەتمەند بکات و تەنها کار لەسەر سەرپێچی بەرزەفتکاری بکات .

**دووەم:** یاساکە دەستەواژەی تاوان (جریمە)ی هێناوە ، کە دەستەواژەیەکی فراوانە و هەریەك لە سەرپێچی سزایی (المخالفة الجزائية) و کەتن (الجنحة) و تاوان (الجناية) دەگرێتەوە، کە یاسای بەرزەفتەکردن تایبەتمەند نییە بە لێکۆڵینەوەکردن و سزادانی فەرمانبەر لەسەر ئەم جۆرە تاوانە سزاییانە و دەچێتە چوارچێوەی تایبەتمەندی دادگای تایبەتمەندەوە.

**سێهەم:** یاسادانەر هەواڵەکردنی فەرمانبەری بۆ دادگای تایبەتمەند لەرێگەی پێشنیاری لیژنەی لێکۆڵینەوە بە تاکە شکلیەتی جەوهەری داناوە و رێگە پێدراو نییە کە دەسەلاتی کارگێڕیی جگە لە رێگەی لیژنەی لێکۆڵینەوە و پێشنیارکردن بەهەواڵەکردنی فەرمانبەر بۆ دادگای تایبەتمەند، فەرمانبەر هەواڵەی دادگای تایبەتمەند بکات یان داوای سزایی لە دژ بجولێنرێت بە شێوە و رێگەی دیکە جیا لەوەی ئاماژەمان، چونکە رێککاری هەواڵەکردنی فەرمانبەر بۆ دادگای تایبەتمەند بەدیاریکراوی (حصر)بەم جۆرە هاتووەو یاساکە وەك شکلیەتێکی جەوهەری دایناوە و رێگە پێدراو نیە دەسەلاتی کارگێڕی سەرپێچی

بکات، هەروەك لەلایەن خۆیەوە دادگای بالای کارگێڕی لە عێراق لە بریاری ژمارە (٢٨٧/ قەزای فەرمانبەران/ پێداچوونەوە /٢٠١٤ لە ٢٠١٥/٩/٢٣) [٢٧] دووپاتیکردۆتەوە.

[٢٧] قرارات وفتاوى مجلس شورى الدولة لعام ٢٠١٥، المصدر السابق، ص٣٠٩.

## (٣٥)

## فەرمانبەری گرێبەست و ئەژمارکردنی بڕوانامە لە حاڵەتی بوونی بە فەرمانبەری هەمیشەیی

هەندێکجار ڕەنگە ئەوە ڕوو بدات کە فەرمانبەری دامەزراو بەگرێبەست لەبەر پێداویستی زۆری بەدامەزراندن، ئاماژە بەو بڕوانامەیە نەکات کەبەدەستی هێناوە و لە هەندێك پیشە دابمەزرێت بەشێوەی گرێبەست کە ڕەنگە پێویستی بەبڕوانامە نەبێت وەك شوفێری یان کارگوزاری یان پاسەوانی یان دامەزراندنەکەی بە گرێبەست پێویستی بەبڕوانامەیەکی نزم هەبێت و فەرمانبەرەکەش بڕوانامەی بەرزتری هەبێت، بەلام بۆ ئەوەی دابمەزرێت بڕوانامە بەرزەکەی ناخاتە ڕوو وەك ئەوەی کە ئاماژە بەوە بکات دەرچووی شەشەمی ئامادەییە یان دەرچوو ئامادەیی پیشەییە، بەلام لە ڕاستیدا بڕوانامەی بەکارلۆریۆسیشی هەیە ، واتە فەرمانبەرە گرێبەستەکە لەسەر بنەمای بڕوانامەکەی دانامەزرێت، لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کەئایا چارەنووسی بڕوانامەکەی چی لێ دێت گەرهاتوو دواتر سیفەتی دامەزراندنەکەی لە گرێبەستەوە گۆڕا بۆ هەمیشەیی ؟ ئایا کار بەبڕوانامەکەی دەکرێت و لەسەر ئەو بنەمایەش بۆی ئەژمار دەکرێت و ناونیشانی پێی دەگۆڕێت یان پشتگوێ دەخرێت و کاری پێناکرێت؟

بە گوێرەی بڕیاری ژمارە (٢٠١٥/١٥ لە ٢٠١٥/٥/١٠)ی[٢٨] ئەنجومەنی دەوڵەتی عێراق (مجلس الدولة في العراق) لەم جۆرە حاڵەتانە فەرمانبەرەکە بڕوانامەکەی بۆ ئەژمار ناکرێت چونکە لەکاتی دامەزراندنی

(٢٨) قرارات وفتاوى مجلس شورى الدولة لعام ٢٠١٥، المصدر السابق، ص١٠٨.

وەك گرێبەست ئاشكرای نەكردووە و ئەو لەنێو داواكاری و بەرایيەكانی دامەزراندنيدا دەسەلاتی كارگێڕيی لێ ئاگادار نەكردۆتەوە وەك لە بڕيارەكەی ئەنجومەنی ناوبراودا هاتووە :" لايجوز احتساب شهادة الموظف التی لم يعين بموجبها" چونكە بەبڕوای ئەنجومەن پێشكەشكردنی بڕوانامەيەكی نزمتر لەو بڕوانامەی كە بەدەستهێناوە لەلايەن فەرمانبەرەكەوە لەكاتی دامەزراندنەكەيدا، واتە رازی بوونە بەو مەرجانەی كە پێشتر راگەيەنراوە بۆ پڕكردنەوەی ئەو وەزيفەيە بە گرێبەست و لە نێويشياندا ناونيشانی وەزيفی و مووچەكەی، ئەمەش بەجۆرێك لە بە فيرۆدانی مافی خۆی دادەنرێت لە دامەزراندن بەگوێرەی بڕوانامە بەرزەكەی.

لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە دوو سەرنجی ياسايی تۆمار دەكەين:

**يەكەم:** فەرمانبەر لە كاتی پێشكەشكردنی بۆ هەر جۆرە دامەزراندنێك لە روانگەی بەرزترين بڕوانامەی بەدەستهاتووی خۆيەوە پێشكەشكردنەكە بكات و بڕوانامەكەی نەشارێتەوە و ئاگاداری لايەنی بەرامبەريش بكاتەوە بەو بڕوانامەيە، چونكە لانی كەم لەم كاتەدا ئەگەر دواتر بوو بە فەرمانبەری هەميشەيی دەتوانێت (تمسك) بەوە بكات كە لە كاتی دامەزراندنيدا بە گرێبەست لايەنی ئيدارەی ئاگاداركردۆتەوە لە بڕوانامەكەی و وێنەيەكی بڕوانامەكەی هاوپێچی داواكارييەكەی كردووە گەرهاتوو لەم كاتەدا ئيدارە ئامادەنەبوو كار بە بڕوانامەكەی بكات، ئەوا دەتوانێت لەبەردەم قەزای تايبەتمەند وەك بەڵگە بەكاری بهێنێ.

**دووەم:** بەبڕوای ئێمە باشتر وايە فەرمانبەر هەوڵبدات بە شێوەی گرێبەست لە وەزيفەيەك دانەمەزرێت كە نزمتر بێت لەو ناونيشانەی كە

بروانامەکەی خۆی پێی دەدات، بوڵکو باشتر وایە هەوڵبدات ددان بە خۆیدا بگرێت و خۆی نەخاتە ئەم گێژاوەوە کە دواتر مافی خۆی لە دەست بدات لە ئەژمار کردنی بروانامە بەرزەکەی.

## (٣٦)
## ئایا وەزیر دەتوانێت دەسەڵاتی پێدانی مۆڵەتی بێ مووچە دابەزێنێ بۆ بەرێوەبەرە گشتییەکان؟

مۆڵەتی بێ مووچە ریشەکەی دەگەرِێتەوە بۆ ئەحکامی ماددەی (چل و سێهەم/٤) لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراو کە یاسادانەر پێدانی ئەم مۆڵەتەی بە فەرمانبەر گرێداوە بەو حاڵەتەی کە فەرمانبەرەکە مۆڵەتی کەڵەکەبووی نامێنێ و لەهەمانکاتدا زۆر پێویستی بە وەرگرتنی مۆڵەت دەبێت(کە ئەمانەش مەرجی شکلی جەوهەرین بۆ پێدانی مۆڵەتی بێ مووچە بە فەرمانبەر) ، ئەوا لەم کاتەدا رێگە پێدراوە ماوەی (٦٠) رۆژ مۆڵەتی بێ مووچەی پێ بدرێت. بەڵام دواتر بەپێی بریاری ژمارە (٤١٨)ی ساڵی ١٩٨٧ ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرِش (هەڵوەشاوە)ماوەی مۆڵەتەکەی کرا بە (٢) ساڵ و بە گوێرەی بریاری ژمارە (١٠٧/ ٢٠١٠ لە ٢٠١٠/٩/٦) [٢٩] مەجلیسی دەولەی عێراقی ئەم مۆڵەتە لە ژیانی وەزیفیدا فەرمانبەر دەتوانێت یەکجار لێی سوودمەند بێت ..

لەلایەن خۆشیەوە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم بە گوێرەی برِیاری ژمارە (٣٨)ی ساڵی ٢٠١٥ ماوەی مۆڵەتەکەی کردووە بە پێنج ساڵ و بواریشی داوە کە دووبارە ببێتەوە، واتە دەکرێت دووبارە فەرمانبەر هەمان مۆلەت بۆ هەمان ماوە لە ژیانی وەزیفی خۆیدا وەربگرێتەوە کە ئەمەش

[٢٩] قرارات وفتاوى مجلس شورى الدولة لعام ٢٠١٠، ط١، منشورات مجلس شورى الدولة، بغداد، ٢٠١١، ص٢٤٦.

پێچەوانەی دەقی بڕیاری تەشریعی ژمارە (٤١٨)ی ئاماژە پێکراوە..
ئەوەی لێرەدا دەمانەوێت ئاماژە پێ بکەین بریتییە لەدەسەلاتی پێدانی مۆڵەتەکە کە لەبڕیاری تەشریعی ژمارە (٤١٨) ی ئاماژە پێکراو و بڕیارەکەی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم و هەروەها ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٥ ی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێم، کە دەسەلاتەکەیان داوە تەنها بە وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت ، تەنانەت ئەگەر مۆڵەتەکە بۆ یەك هەفتەش بێت ئەوا بەڕێوەبەری گشتی یان بریکاری وەزارەت دەسەلاتی پێدانی مۆڵەتەکەی نییە و دەسەلاتەکە گرێدراوە بە شەخسی وەزیرەوە.

بەگەڕانەوە بۆ حوکمی ماددەی (چل و سێهەم/٨) لە یاسای ڕاژەی شارستانی کە وەزیری تایبەتمەند یان ئەوەی کە دەسەلاتی پێدەدات یان سەرۆکی فەرمانگە (بە گوێرەی ئەو پێناسەیەی کە لە ماددەی (دووەم)ی یاساکەدا هاتووە، دەتوانن مۆڵەتەکانی هاتوو لە ئەحکامی ماددەی (چل و سێهەم) بدەن بە فەرمانبەر کە لە نێویشیاندا مۆڵەتی بێ مووچەی تێدایە، لەبەر ئەوە ئەم دەسەلاتە وەك دەسەڵاتێکی شەخسی وەزیر سەیر ناکرێت چونکە لەبنەرەتدا پێدانی مۆڵەتی ئاسایی لە دەسەلاتە شەخسیەکانی وەزیر نییە و پێدانی مۆڵەت بڕیارێکی مەترسیدار و کاریگەر نییە بە جۆرێك کە تەنها وەزیر بتوانێت پیادەی بکات و لە هەمانکاتیشدا لەڕووی لۆژیکییەوە جێگەی پرسیارە کە بەڕێوەبەرێکی گشتی دەسەلاتی پێدانی مۆڵەتی بە مووچەی تەواوی هەبێت بۆ ماوەی زیاتر لە (٣٠) ڕۆژ بەلام دەسەلاتی پێدانی مۆڵەتی بێ مووچەی نەبێت بۆ ماوەی یەك هەفتە ، لەبەر ئەوەیشی کە لە بنەرەتدا دەسەلاتەکە بە گوێرەی حوکمی ماددەی (چل و

سێهەم/٨) دراوە بە وەزیر و هەروەها وەزیریش دەتوانێت بەشێك لە دەسەلاتەکانی لەم بارەیەوە شۆربکاتەوە و لە نێویشیاندا مۆلەتی بێ مووچە، لە هەمانکاتدا لەلایەن خۆشیەوە مەجلیسی دەولەی عێراقی لە بریاری ژمارە (٩٦/ ٢٠١٥ لە ٢٠١٥/٩/٩ ) [٣٠] دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە دەکرێت وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بەشێك لە دەسەلاتی تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی بێ مووچە شۆر بکاتەوە بۆ خوارەوە ، لەبەر ئەوە بروامان وایە کە دەکرێت وەزیر دەسەلاتی پێدانی مۆڵەتی بێ مووچە لانی کەم بۆ ماوەی (٦٠) رۆژ بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (چل و سێهەم /٤ و ٨) شۆربکاتەوە بۆ بەرێوەبەرە گشتییەکان.

---

[٣٠] قرارات وفتاوى مجلس شورى الدولة لعام ٢٠١٥، المصدر السابق، ص١٨٦.

## (٣٧)

## ئایا بە بریکارنامەی گشتییەوە دەکرێت بەڵێننامەی شەخسی بدرێت؟

مەجلیسی دەولەی عێراقی لە بنەمای قانونی ژمارە (٩٣/ ٢٠١٥ لە ٢٠١٥/٩/٣ ) [٣١] دا دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کەدانی بەڵێننامەی شەخسی بەبریکارنامەی گشتی (الوکالة العامة)رێگە پێدراو نییە (لایجوز توکل الغیر فی التعهد الشخصی)، بەگوێرەی بنەما یاساییەکەی ئەنجومەنی ناوبراو ئەو جۆرە بەڵێننامەی کەسروشتێکی شەخسی هەبێت و دواتر ئاسەواری شەخسی بخاتەوە لەسەر خودی برێگرتە (اصیل)، ئەوا پێویستە خودی برێگرتە خۆی ئامادەبێت لەبەردەم دادنووسدا بۆ ئەوەی بەڵێننامەکە بدات نەك بریکارەکەی کە بریکارنامەی گشتی بۆ کردۆتەوە..

لەبەر ئەوە بەبروای ئێمە ئەو فەرمانبەرە یاساییانەی کە هەڵدەستن بە کارەکانی دادنووسی لە فەرمانگەکانیان بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٩) لە یاسای دادنوسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ ، لە حاڵەتی وەرگرتنی بەڵێننامە بە بریکارنامەی گشتی و لەبەر ئەوەی بەڵێنندان کارێکی قانونیە و ئاسەواری قانونی دەخاتەوە لەسەر پێگەی تاکەکان یان ماڵ و سامانەکانیان ، بۆیە باشتر وایە رەچاوی ئەم دوو خاڵەی لای خوارەوە بکەن :

---

[٣١] قرارات وفتاوی مجلس شوری الدولة لعام ٢٠١٥، المصدر السابق، ص١٨١.

**یەکەم:** دڵنیا ببنەوە لەوەی کە لە دەقی بریکارنامەکەدا ، بە راشکاوی (صراحة) دەستەواژەی پێدانی مافی واژۆکردنی بەڵێننامە لە لایەن برێگرتەوە (الموکل) درابێت بە بریکار (الوکیل).

**دووەم:** ئەو بەڵێننامەیەی کە بریکار لە بری برێگرتە دەیدات ، سروشتێکی زاتی (طبیعه شخصیه)ی نەبێت، واتە ئاسەواری شەخسی لەسەر برێگرتەکەی نەخاتەوە وەك ئەوەی برێگرتەکە لە کۆمەڵە مافێکی شەخسی بێبەشت بکات یان رێککاری یاسایی دەرهەق بە شەخسی برێگرتە بگیرێتە بەر لە حاڵەتی سەرپێچیکردن لە پابەندییەکانی بەڵێننامەکە، خۆ گەرهاتوو ئاسەواری شەخسی خستەوە ئەوا دەبێت خودی برێگرتەکە (الموکل) خۆی ئامادەبێت بۆ واژۆکردنی بەڵێننامەکە نەك بریکارەکەی واژۆی بکات، بەڵام گەرهاتوو بەڵێننامەکە ئاسەواری دارایی بخاتەوە ئەوا ئەمەیان گرفتی نییە، ئەمەش پاش رەچاوکردنی خاڵی یەکەمی لای سەرەوە .

# (٣٨)
## پلەتایبەتەکان (بەڕێوەبەری گشتی) و دامەزراندنیان بە وەکالەت.

لە هەرێمی کوردستان جۆرێك لە عورف پەیڕەو دەکرێت کە بەبڕوای ئێمە دژ یەك دەوەستێتەوە لەگەڵ یاسا و بەر یەککەوتن دروستدەکات، ئەویش ئەوەیە کەلە کاتی دامەزراندنی فەرمانبەری پلەتایبەت ئیتر چ وەك بەرێوەبەری گشتی بێت یان راگری پەیمانگا یان کۆلیژەکان یان هاوشێوەکانیان، سەرەتای دامەزراندنەکە پاشکۆی (بەوەکالەت)ی لەگەڵ دادەنرێت و فەرمانبەرە پلە تایبەتەکە بەم شێوەیە ماوەی چەند ساڵێك بەرێ دەکات و دواتر پۆستەکەی بۆ دەکرێت بە ئەساڵەت.. لەسەر ئەم بابەتە بە پێویستی دەزانین لە خوارەوە چەند سەرنجێکی یاسایی تۆمار بکەین.

**یەکەم:** بە گوێرەی دەقی بڕگەی دووەمی ماددەی (٨)ی یاسای راژەی شارستانی و هەروەها دەقی ماددەی (٨) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم ، دەسەلاتی دامەزراندنی ئەم فەرمانبەرانە دراوە بە ئەنجومەنی وەزیران و لەم ماددەیەدا ئاماژە بەوە نەکراوە کە سەرەتا دامەزراندنەکە بە وەکالەت دەبێت بۆ ماوەی ئەوەندە ساڵ و دواتر دامەزراندنەکە دەبێت بە ئەساڵەت.

**دووەم:** جێبەجێکردنەکانی بەرێوەبردنی پۆست بە وەکالەت وەك بەدەرکردن (استثناء) هاتووە لەسەر ئەسڵ، چونکە لە بنەرەتدا پێویستە خاوەنی دەسەلاتی بنەرەتی (الأصیل) مومارەسەی دەسەلاتەکانی خۆی بکات، بەلام گەرهاتوو ئەصیل لەبەر هەر هۆکارێك نەیتوانی مومارەسەی دەسەلاتەکانی خۆی بکات، ئەوا بەفەرمانی سەروو خۆی فەرمانبەرێکی

دیکە هەمان دەسەلات ومومارەسە دەکات بەوەکالەت بۆ ئەو ماوەیەی کە ئەصیل ناتوانێت ئامادەیی هەبێت لە فەرمانگەکەی بۆ مومارەسەرکردنی دەسەلاتەکانی ، لەبەر ئەوە بەپێی بنەمای یاسایی (لایجوز التوسع فی الإستثناءات)، ناکرێت ئەم جۆرە فەرمانبەرانە بە وەکالەت دابمەزرێن بۆ ماوەی چەندین ساڵ لەکاتێکدا مەرجەکانی پەیرەوکردنی مومارەسەکردنی دەسەلات بە شێوەی وەکالەت لەم جۆرە حالەتانە بوونیان نییە و بە دینەهاتوون، چونکە وەکالەت لە بنەرەتدا (استثنایە) و ناکرێت حوکمی ئەسڵی لەسەر دابنریت.

**سێهەم:** بە گوێرەی بڕیاری ژمارە (٩٢ /٢٠١٦ لە ٢٩ / ٨ /٢٠١٦)ی[٣٢] مەجلیسی دەولەی عێراقی ئەو فەرمانبەرەی کە بەشێوەی وەکالەت پۆستی بەڕێوەبەری گشتی و بەرەو سەر بەڕێوەدەبات و ئەصیل نییە، ئەوا لەم حالەتەدا نابێت سەرمووچەی پلەتایبەتی بۆ ببەسترێت لە کاتی تەواوکردنی ساڵێك لە خزمەتەکەی لەو پۆستەی بەڕێوەی دەبات، بەڵکو سەرمووچەی راستەقینەی ئەو پلەیەی بۆ خەرجەکرێت کە پێش دەستبەکاربوونی وەك پلە تایبەت بە وەکالەت تیایدا بووە.
لەسەر بنەمای ئەو خالانەی لای سەرەوە ، پێویست دەکات دەسەلاتی جێبەجێکردن لە کاتی دەرکردنی بڕیاری دامەزراندنی پلە تایبەتەکان ، رەچاوی دەقی یاسا بەرکارەکان بکات و بڕیارێك دەرنەکات کە ئاسەواری نایاسایی بخاتەوە . هەروەك پێویستە ئەم جۆرە نەریت و عورفانە لە مومارەسەکردنی وەزیفەی گشتی بەریەککەوتن دروست نەکات لەگەل دەقی یاسا بەرکارەکان..

---

[٣٢] قرارات مجلس الدولة وفتاواه لعام ٢٠١٦، المصدر السابق، ص٢٠٨.

## (٣٩)

## دەربارەی مۆڵەتی خوێندن بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی (بەکالۆیۆس)

یاسادانەر بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٥٠) لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ هەستاوە بە رێکخستنی مۆڵەتی خوێندن لەسەر هەردوو ئاستی دەرەوە و ناوەوەی وڵات و مەرجەکانی دەستنیشانکردووە و هەروەها وەرگرتنی مۆڵەتەکەی کردووە بەمەرج بۆ ئەژمارکردنی ئەو بڕوانامەیەی کەفەرمانبەر لەکاتی وەزیفەدا بەدەستی دەهێنێ، لێرەدا و بەمەبەستی بەرچاو روونی زیاتر بۆ فەرمانبەران، بەتایبەت ئەو فەرمانبەرانەی کە لەناوخۆی وڵات دەخوێنن، دوو مەرجی گرنگی مۆڵەت پێدانەکە شیدەکەینەوە کە لە حوکمەکانی ماددەی (٥٠) و رێنمایی ژمارە (١٦٥)ی ساڵی ٢٠١١ی وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراق هاتووە.

**یەکەم:** یاسادانەر بەدەستهێنانی بڕوانامەی دبلۆم و بەکارلۆریۆسی گرێداوە بەناوخۆی وڵات و لەسەر ئەم بنەمایەش مۆڵەتی خوێندنی رێکخستووە، واتە حوکمەکانی مۆڵەتپێدان بەفەرمانبەر بەمەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دبلۆم (پەیمانگا) و بەکالۆریۆس (خوێندنی زانکۆیی بەرایی) گرێداوە بە خوێندن لە ناوەوەی وڵات ، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت کە فەرمانبەر دەبێت ئاگاداری ئەوەبێت کە رێگە پێدراو نییە بەمەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس یان دبلۆم مۆڵەتی خوێندن وەربگرێت تا بتوانێت لە دەرەوەی ولات هەریەك لەو دوو جۆرە

بڕوانامەیە بەدەستبهێنیێ و بەڵکو پێویستە ئەم دوو جۆرە بڕوانامەیە لە ناوخۆی ولات بەدەستبهێنیێ گەربیەوێت مۆڵەتی خوێندنی بۆ وەربگرێت.

**دووەم:** بە گوێرەی حوکمی مادەی (پەنجا/یەکەم /أ) لە یاسای راژەی شارستانی ، مەرجە ئەو فەرمانبەرەی کە دەیەوێت لە دەرەوەی وڵات بڕوانامەی بەرزتر بەدەستبهێنیێ لە کاتی وەزیفەدا، دەبێت بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی یان بەرزتری هەبێت و دووساڵی خزمەتی فیعلی هەبێت لەپاش بەدەستهێنانی دواین بروانامە، کەئەمەش ئەوەمان بۆ دووپاتدەکاتەوە وەرگرتنی مۆڵەت بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس یان دبلۆم لە دەرەوەی وڵات رێگە پێدراو نییە و پێدانی مۆڵەتی خوێندن بە فەرمانبەر بۆ خوێندن لە دەرەوەی وڵات تەنها بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی باڵایە لەسەروو بەکالۆریۆس ، نەك بۆ بەدەستهێنانی بروانامەی بەکالۆیۆس بێت.

**سێهەم:**یاسادانەر ماوەی مۆڵەتپێدانی بۆ مەبەستی بەدەسهێنانی بروانامەی بەکالۆریۆس دیاریکردووە بە (٤) چوار ساڵ، وەك لە حوکمی ماددەی (پەنجایەم/ دووەم/ ج)ی یاسای راژەی شارستانیدا هاتووە ، بەپێچەوانەی حوکمەکانی پێدانی مۆڵەتی خوێندن بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی بروانامە لە دەرەوەی ولات کە لەم جۆرەیاندا یاسادانەر ماوەکەی بەدەق دیارینەکردووە و ئاماژەی بەوە داوە کە مۆڵەتی خوێندن دەدرێت بە فەرمانبەر بۆ ئەو ماوەیەی کەبەدەستهێنانی بروانامەکە پێویستیەتی لە خوێندن وفێربوونی زمان.

لەسەر بنەمای ئەوەی ئاماژەمان پێدا، ئەوا فەرمانبەر لەم کاتەدا تووشی گرفتی یاسایی دەبێتەوە لە حاڵەتی وەرگرتنی مۆلەتی خوێندن بۆ بەدەستهێنانی بروانامەی بەکالۆریۆس لەو کۆلیژانەی کە خوێندن تیایاندا زیاترە لە (٤) ساڵە وەك کۆلیژەکانی ڤێتێرنەری و دەرمانسازی و بەم دواییانەش کۆلیژی یاسا. لەبەر ئەوەی لە حاڵەتەدا درێژکردنەوەی(تمدید) ماوەی مۆڵەتەکە بۆ زیاتر لە چوار ساڵ پێویستی بە هەموارکردنەوەی دەقی یاساکە هەیە، هەروەك لەلایەن خۆیەوە مەجلیسی دەولەی عێراقی لە بریاری ژمارە ( ٢٠١١/٦٣ لە ٢٠١١/٥/٢٩) [٣٣] پێداگری لەسەر ئەوە کردۆتەوە لەم کاتەدا پێویستە یاسادانەر دەستوەربداتە بابەتەکە و چارەسەری بکات و دەسەلاتی جێبەجێکردن پابەندە بەو ماوەی مۆلەتە کە دیاریکراوە و ناتوانێت کەم و زیادی بکات .

---

[٣٣] قرارات وفتاوى مجلس شورى الدولة لعام ٢٠١١، المصدر السابق، ص١٤٧.

## (٤٠)

## دەربارەی مومارەسەرکردنی دەسەلاتەکانی دادنوسی لەلایەن فەرمانبەرانی یاسایی وەزارتەکانەوە.

بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (٩) لە یاسای دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و وەك بەدەرکردنێك (استثناء) و لە بەرپێداویستی هەندێك لەو مامەڵانەی کە لە وەزارەتەکاندا ئەنجام دەدرێت و دەیخوازێت، یاسادانەر هەستاوە بەپێدانی دەسەلاتەکانی پەسەندکردنی ئەو بەڵێننامە (التعهد) و دەستەبەری (الکفالة) و گرێبەستانەی (العقد) کە پەیوەندیدارن بەوەزارەتەکان و فەرمانگە میرییەکان بە بەرێوەبەری کاروباری یاسایی وەزارەتەکان و لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەتەکان یاخود ئەو فەرمانبەرانەی کە بەرێوەبەری کارویاسایی وەزارەتەکان دەسەڵاتی پەسەندکردنی ئەو مامەڵانەیان پێدەدەن لەبری دادنوس، بەمەبەستی بەرچاو روونی لەم بارەیەوە ، لە خوارەوە چەند سەرنجێکی یاسایی تۆمار دەکەین:

**یەکەم:** ئەم دەسەلاتپێدانە وەك ئاماژەمان پێدا بەدەرکردنە لەسەر ئەسڵێك کە لە یاسای دادنوسیدا هاتووە و تەنها تایبەتە بە پەسەندکردنی هەر سێ مامەڵەی بەڵێننامە و دەستەبەری و گرێبەست و رێگە پێدراو نییە کەبەدەر لەو سێ مامەڵە، فەرمانبەرانی یاسایی وەزارەتەکان مومارەسەی هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی دادنوسی بکەن لەچوارچێوەی یاساکەدا.

**دووەم:** لە هەر سێ مامەڵەی ئاماژەپێکراودا خودی وەزارەت یان فەرمانگە میرییەکە محەلی ئیعتیبارە، بە چاوپۆشیکردن لەوەی بەڵێننامەکە یان دەستەبەیەرییەکە یان گرێبەستەکەی بۆ پەسەند دەکرێت، واتە

تایبەتمەندی فەرمانبەری دەسەڵاتپێدراو تایبەتە بە پەسەندکردنی ئەو گرێبەست و بەڵێننامە و دەستەبەرییانەی پەیوەندیدارە بە فەرمانگەکەی یان وەزارەتەکەی، ئیتر فەرمانبەرێکی دائیرە یان وەزارەتەکەی خۆی بیدات یان هاوڵاتیەکی ئاسایی یان کۆمپانیایەك یان فەرمانبەری وەزارەت یان دائیرەیەکی دیکە. گرنگ ئەوەیە بەڵێننامە و دەستەبەری و گرێبەستەکە بە دائیرە یان وەزارەتەکەی بدریت یان لەگەل وەزارەتەکەیدا رێکخرابێت.

**سێهەم:** مۆمارەسەکردنی ئەم دەسەلاتە لەلایەن بەرێوەبەری کاروباری یاسایی وەزارەت یان فەرمانبەری یاسایی دەسەڵاتپێدراو ، نابێتە هۆی وەرگرتنی سیفەتی دادنوس و تەنها وەك بەدەرکردنێك دەمێنێتەوە و گواستنەوەی بەشێکە لە دەسەلاتی دادنوسی بە حوکمی یاسا بۆ بەرێوەبەری یاسایی وەزارەت یان فەرمانبەری یاسایی دەسەلات پێدراو و پێویستە لەم چوارچێوەیەدا مومارەسەی بکات نەك بە سیفەتی دادنووس و بەمۆر و واژۆی دادنووس و رەنگی پێنووسی بەکارهێنراو لەلایەن دادنوسەکانەوە، چونکە مەرجە دادنووس بە گوێرەی ماددەی (چوار)ی یاساکە فەرمانی وەزاری لەلایەن وەزیری دادەوە بۆ دەرکرابێت وخولی تایبەت بە دادنوسی لە پەیمانگای قەزایی تەواوکردبێت.

**چوارەم:** ئەم دەسەلاتی دادنووسییە راستەوخۆ یاساکە داویەتی بە بەرێوەبەری کاروباری یاسایی وەزارەت و بە حوکمی قانونەکە وەری دەگرێت و پێویستە هەر خودی بەرێوەبەری کاروباری یاسایی وەزارەتەکان بە فەرمانێك دەسەلاتەکە بدەن بەو فەرمانبەرە یاساییانەی وەزارتەکانیان کە پێویستە مومارەسەی ئەم دەسەلاتە بکەن، واتە لێرەدا ئەم بابەتە لە تایبەتمەندی و دەسەلاتەکانی وەزیری تایبەتمەند یان

بریکاری وەزارەتەکان یان بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتەکان نیە و نابێت لەلایەن ئەمانەوە دەسەلاتەکە بدرێت بە فەرمانبەری یاسایی وەزارەتەکە .[٣٤].

---

[٣٤] لە نووسینی ئەم وتارەدا سوود وەرگیراوە لە کتێبی (شرح قانون الكتاب العدول رقم ٣٣ لسنه ١٩٩٨)ی عبدالله غزای العزاوی ، چاپی دووەم، ٢٠١٢، لاپەڕەی (١٧).

## (٤١)

## مۆڵەتی بێ مووچە لەبەر رۆشنایی حوکمەکانی یاسادا

بەپێی حوکمی ماددەی (چل وسێهەم/٣) لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراو گەرهاتوو فەرمانبەرشایستەی مۆڵەتی ئاسایی نەبوو ـ واتە مۆڵەتی ئاسایی کەڵەکەبووی نەمابوو ـ هەروەها پێویستی زۆری بە پێدانی مۆڵەتیش دەبوو، ئەوا رێگە پێدراوە بۆ ماوەی (٦٠) رۆژ مۆڵەتی بێ مووچەی پێ بدرێت. هەروەها بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (چل وچوار /٤/أ)ی هەمان یاسا کە باس لە پێدانی هاوڕێیەتی (المصاحبە) دەکات بۆ دەرەوەی وڵات ، یاساکە ئاماژەی بەوە داوە کە فەرمانبەرەکە مۆڵەتە شایستەکانی خۆی پێ دەدرێت کە بە مووچەی تەواوەوە هەیەتی ـ مۆڵەتی کەڵەکەبووەکانی ـ و لەسەرو ئەو ماوەیەشەوە بە بێ مووچە مۆلەتی پێدەدرێت. لەلایەکی دیکەوە بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی چل و شەشەم بەندی (٣) هەمان یاسا رێگە پێدراوە بەو فەرمانبەرەی کە هەموو مۆڵەتەکانی نەخۆشی و مۆڵەتە ئاساییە شایستەکانی پێ دراوە ـ مۆڵەتی کەڵەکەبووەکانی ـ کە مۆڵەتی بێ مووچەی وەربگرێت تا سەد و هەشتا رۆژ.

لەبەرەنجامی ئەو دەقانەی لای سەرەوە کە ئاماژەیان بە مۆڵەتی بێ مووچە کردووە، دەگەینە ئەم دەرەنجامانەی لای خوارەوە:

**یەکەم:** پێویستە فەرمانبەر لە حاڵەتی وەرگرتنی مۆڵەتی بێ مووچە سەرجەمی مۆڵەتە ئاساییەکانی بە مووچەوە وەرگرتبێت و هیچ جۆرە مۆڵەتێکی کەڵەکەبووی نەمابێت، واتە ئەگەر فەرمانبەر مۆڵەتی

کەڵەکەبووی مابوو ئەوا ڕێگەپێدراو نییە کە دائیرەکەی مۆڵەتی بێ مووچەی بداتێ لەبەر ڕاشکاوانەی دەقە ئاماژەپێکراوەکانی لای سەرەوە لەسەر ئەم بابەتە.

**دووەم:** دەبێت زەرورەتێك هاتبێتە پێشەوە بۆ فەرمانبەرەکە کە واپێویست بکات ئەو مۆڵەتە بێ مووچەیەی پێ بدرێت، ئەم زەرورەتەش پێویستە فەرمانبەر بۆ دائیرەکەی بسەلمێنێت و دائیرەکەی قەناعەتی پێی هەبێت و وا بخوازێت فەرمانبەرەکە مۆڵەتی پێ بدرێت.

**سێهەم:** ڕێگە پێدراوە کە مۆڵەتی بێ مووچە بدرێت بە فەرمانبەر بۆ ماوەیەك کە لە دوو ساڵ زیاتر نەبێت، ئەوەش بە پێی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش (هەلوەشاوە) ژمارە (٤١٨)ی ساڵی ١٩٨٧ کە بریارێکی تەشریعیە و لە دەسەلاتی یاسادانانەوە کاتی خۆی دەرچووە و هەمواری ماوەی مۆڵەتی بێ مووچەی کردووە کە لە ئەحکامی ماددەی (چل و سێهەم/٣)ی یاسای ڕاژەی شارستانیدا هاتووە.

**چوارەم:** بە گەرانەوە بۆ ئەحکامی ماددەی (٢٠/یەکەم/ب) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٤ ی بەرکار لە عێراق و ماددەی (٥/ یەکەم) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ بەرکار لە هەرێمی کوردستان ، ماوەی مۆڵەتی بێ مووچە لە حوکمی (غیابات) دایە و بۆ مەبەستی خانەنشینی ئەژمار ناکرێت.

## (٤٢)

### دەربارەی کارکردنی فەرمانبەرانی گشتی لە دەرەوەی دەوام

**یەکەم:** بەگوێرەی ئەحکامەکانی یاسای بەرزفتەکردنی فەرمانبەرانی دەولەت و کەرتی گشی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ فەرمانبەرانی گشتی ریگەیان پێنادرێت کە لەدەرەوەی دەوامی خۆیان کار بکەن بۆ بەرژەوەندی خۆیان یان بۆ بەرژەوەندی کەسێکی دیکە، واتە ئەم قەدەغەکردنە دەگەرێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩١ و بەشێوەی گشتی هاتووە نەك تەنها تایبەت بێت بە کاری شوفێری تاکسی یان کارێکی دیاریکراوی دیکە و لە ئەسڵدا یاسادانەر کارکردنی فەرمانبەرانی لە دەرەوەی دەوامی فەرمی خۆیان قەدەغەی کردووە نەك دەسەڵاتی جێبەجێکردن و قەدەغەکردنەکەش کشتگیرە و تەنها پەیوەندیدار نییە بەکارێکی دیاریکراو.

**دووەم:** بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (٦/یەکەم) لە یاساکە ئەو فەرمانبەرەی کە وەزیفەیەکی وەرگرتووە لە سنووری پلەی حەوت لە پلەکانی یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ ی هەموارکراو یان هاوتاکەی و بەرەو خوار دەتوانێت لە دەرەوەی کاتەکانی دەوامی فەرمی بۆ خۆی یاخود لای غەیری خۆی کار بکات بەو مەرجەی ساڵانە فەرمانگەکەی ئاگادار (اشعار ) بکاتەوە بە شوێن و سروشتی کارەکەی و مەرجە ئەو کارکردنەی کاریگەری دروستنەکات لەسەر ئەرکە وەزیفییەکانی . واتە ئەم فەرمانبەرانە تەنها دائیرەکەیان ئاگادار دەکەنەوە لە سروشت و شوێنی ئەو کارەی کە لەدەرەوەی

دەوامی فەرمی خۆیان دەیکەن و پێویستیان بەوە نییە ڕەزامەندی وەربگرن لەسەروو خۆیانەوە، بەو مەرجەی کارکردنەکەیان کاریگەری لەسەر ئەرکە وەزیفییەکانیان نەبێت .

**سێهەم:** بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٦/دووەم) ئەو فەرمانبەرانەی کە پلەکانیان لە نێوان پلەی (١ بۆ ٦) بەئیزنی وەزیری تایبەتمەند یان ئەو فەرمانبەرەی کە وەزیر دەسەڵاتی پێدەدات دەتوانن لە دەرەوەی کاتی دەوامی فەرمی خۆیان کار بکەن بۆ ماوەی یەك ساڵ کە مایەی تازەکردنەوە بێت. واتە لێرەدا کارکردن لە دەرەوەی دەوام ئەوا بە ئیزنی وەزیری تایبەتمەند یان ئەو فەرمانبەرەی کە وەزیر دەسەڵاتی پێدەدات ڕێگە پێدراوە و دەسەلاتی جێبەجێکردنی ناتوانێت ئەم مافە لە فەرمانبەر زەوت بکات و بە تەواوی قەدەغەی بکات .

**چوارەم:** وەرگرتنی بەڵێننامە لە فەرمانبەران لەم بارەیەوە هیچ بنەمایەکی یاسایی نییە و دەقی قانونەکە لە بنەڕەتدا ڕێگەی نەداوە بەکارکردن لە دەرەوەی دەوامی فەرمی جگە لەو دوو بەدەرکردنەی لای سەرەوە ، دەسەلاتی جێبەجێکردن دەتوانێت بێ وەرگرتنی بەڵێننامە ڕێککاری یاسایی پێویست بگرێتە بەر بەرامبەر بە فەرمانبەری سەرپێچیکار پاڵپشت بە حوکمەکانی یاساکە ، لەبەر ئەوە وەرگرتنی بەڵێننامە هیچ جەدوایەکی قانونی نییە.

**پێنجەم:** بەبروای ئێمە هەر جۆرە ڕێنمایی و پێرەو بڕیارێك لە دەسەلاتی جێبەجێکردنەوە دەربچێت و ڕەچاوی حوکمەکانی ماددەی (٦)ی یاساکەی تێدا نەکرابێت بە نایاسایی دادەنرێت و ڕێگە پێدراو نییە کە

یاسا مافێك بدات بە فەرمانبەر بەلام دەسەلاتی جێبەجێکردن فەرمانبەری لێ بێبەش بکات یان مافێکی پێنەدابێت دەسەڵاتی جێبەجێکردنی بیداتێ.

## (٤٣)

## چۆنیەتی جێبەجێکردن لەسەر مووچەی خانەنشینی  قەرزار

هەندێکجار فەرمانبەری خانەنشینکراو بە هۆی بارودۆخێکەوە دەکەوێتە ژێر باری قەرزی دەوڵەتەوە و لەم کاتەشدا  لەلایەن دائیرەی خاوەن قەرزەوە داوای قەرزەکەی لێدەکرێتەوە، دەربارەی چۆنیەتی جێبەجێکردن لەسەر مووچەی خانەنشینی قەرزار ،  لە خوارەوە بە چەند خاڵێك روونکردنەوەی یاسایی دەخەینەڕوو:

**یەکەم:** بە گوێرەی ماددەی (٢٢/دووەم) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ یان ماددەی (٣٣/سێهەم) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٩)ی ٢٠١٤ ، رێگە پێدراو نییە کە دەستبەسەراگرتن بخرێتە سەر مووچەی خانەنشین لە پای وەرگرتنەوەی قەرزێك، مەگەربێتوو قەرزەکە قەرزی دەوڵەت بێت یان نەفەقەی شەرعی، بەمەرجێك دەستبەسەراگرتنەکە (٥٠%) ی مووچەی خانەنشینکراوەکە تێپەڕ نەکات .

**دووەم:** بەگوێرەی هەردوو ماددەی ئاماژەپێکراو و کە لە هەردوو یاسای ناوبراودا هاتوون، رادەی دەستبەسەراگرتنەکە بەدەرکراوە لە حوکمەکانی یاسای جێبەجێکردن ژمارە (٤٥)ی ساڵی ١٩٨٠ کە بۆ حالەتی دەستبەسەراگرتنی مووچەی فەرمانبەر رێژەی (پێنج یەك) دەستنیشانکراوە کە نابێت دەستبەسەراگرتنی مووچەی فەرمانبەر پێنج یەکی مووچە و دەرماڵەکەی تێپەڕێنێ ، بەلام لێرەدا کار بە حوکمەکانی هەردوو یاسای

خانەنشینی ناوبراو دەکرێت، چونکە یاسای خانەنشینی سەبارەت بە یاسای جێبەجێکردن یاسایەکی تایبەتە، هەروەك لەلایەن خۆیەوە دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی رەسافە لە داوای ژمارە (٤٢٥/ت/٢٠١٢ لە ٢٠١٢/١٠/٣) [٣٥]جەختی لەسەر کردۆتەوە.

**سێهەم:** گەرهاتوو خانەنشین لە ژیاندا نەما و وەفاتیکرد، ئەوا لەم کاتەدا ، رێگە پێدراو نییە کە جێبەجێکردن لەسەر مووچەی شوێنگرەکانی خانەنشینی (خلف المتقاعد) ئەنجام بدرێت، چونکە ئەو مووچەیە وەك میراتی مامەڵەی لەگەل ناکرێت و ملکەچ نییە بۆ لێ وەرگرتنەوەی قەرزەکانی خانەنشینە قەرزارە کۆچکردووەکە، بەڵکو مافێکی شەخسیی میراتگرەکانی خانەنشینە کۆچکردووەکەیە و یاسا بە مەبەستی بژێوی و ژیان و گوزەرانیان پێیداون، هەروەك دادگای پێداچونەوەی عێراق لە بڕیاری ژمارە (١٩/دەستبەسراگرتن /١٩٨١ لە ١٩٨١/٢/٢٦ [٣٦]پێداگری لەسەر کردۆتەوە و دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانیش لە بریاری ژمارە (١٨٣/ت/٢٠١٠ لە ٢٠١٠/٨/٨) [٣٧] بە هەمان شێوە جەختی لەسەرکردۆتەوە.

---

[٣٥] د. عصمت عبدالمجيد بكر، شرح أحكام قانون التنفيذ، مكتبة السنهوري، بغداد، ٢٠١٩، ص٣٥١.

[٣٦] قرار منشور في موقع مجلس قضاء الأعلي العراقي https://www.hjc.iq/qview.70/

[٣٧]دادوەر جەمال سەدرەدین، شرۆڤەی یاسای جێبەجێکردن ژمارە٤٥ ی ساڵی ١٩٨٠، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ(DHRD)، سلێمانی، ٢٠١٣ . لاپەڕە ٨٨.

**چوارەم:** لەبەرەنجامی خاڵی سێهەمی لای سەرەوە ، ئەوا پێویستە لەم کاتەدا دائیرەی خاوەن قەرز بگەڕێتەوە بۆ سەر لێبەجێماو (ترکە)ی خانەنشینە قەرزارەکە کە دراوە بە میراتبەرەکانی هەر یەکەیان بە قەدەر ئەو پشکەی کە لە میراتی وەریان گرتووە، خۆ گەرهاتوو بەشی دانەوەی قەرزەکەی نەکرد، ئەوا لەم کاتەدا ئەو بەشەی دەمێنێتەوە دەکوژێنرێتەوە لەبەر ئەوەی جێبەجێکردن دەبێتە مەحاڵ .

## (٤٤)

## چارەنووسی خزمەتی وەزیفی ئەو فەرمانبەرەی کە حوکم دەدەرێت بە سزای بەندکردن یان زیندانیکردن و دواتر حوکمەکەی هەڵدەوەشێتەوە (نقض)؟

به پێی ئەحکامی ماددەی (٨/ حەوتەم/ب) له یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ گەرهاتوو فەرمانبەر حوکمدرا بە بەندکردن یان زیندانیکردن لەسەر تاوانێك کە ئابڕوبەر نەبوو (غیر مخلة بالشرف) ئەوا لەم کاتەدا دائیرەکەی پاڵپشت بەبریارەکەی دادگا بڕیاری فەسڵکردنی بۆدەردەکات ، بەلام گەرهاتوو دواتر حوکمەکەی دادگا لەلایەن فەرمانبەرەکەوە پێداچونەوەی پێداکرا لەبەردەم دادگای پێداچونەوە (محکمه التمییز) ولەم بەرەنجامەشەوە حوکمەکەی دادگای تاوانەکان هەڵوەشایەوە (نقض) ، ئایا چارەنووسی ئەو ماوەی کە فەرمانبەرەکە فەسڵکراوبووە بە هۆی زیندانیکردنەوە چی لێ دێت؟

لە خوارەوە و بە چەند خاڵێك سەرنجی یاسای تۆماردەکەین:

**یەکەم:** بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (٨/حەوتەم/ب) کاتێك کە فەرمانبەرێك حوکم دەدرێت بەبەندکردن یان زیندایکردن لەلایەن دادگای تایبەتمەندەوە، ئەوا لەبەرەنجامی حوکمەکەی دادگاوە دائیرەکەی پێویستە (واته وجوبیه) بەفەرمانێکی ئاشکراکار (قرار کاشف) فەرمانبەرەکە فەسڵ بکات، چونکە یاساکە بە رەهایی دەقەکەی هێناوەو ئاماژە بەبریاری کۆتایی نەکردووە، هەربۆیە دائیرەکەی چاوەرێی

پێداچونەوە(تمییز) بڕیاری حوکمدانەکە ناکات و لە هەمانکاتیشدا لەبەر ئەوەی سزاکە دەستبەجێ لەسەر فەرمانبەرەکە جێبەجێ دەکرێت و فەرمانبەرەکە لە وەزیفە دادەبڕێ. هەر بۆیە دائیرەکەی ناچار دەبێت کە فەرمانی فەسڵکردنەکەی بۆ دەربکات بەمەبەستی تەکییف کردنی ماوەی دابرانەکەی بەو جۆرەی کە یاساکە دەقی لەسەر هێناوە.

**دووەم:** لەبەرەنجامی پێداچونەوە بەحوکمی بەندکردن یان زیندانیکردنی فەرمانبەرەکە لەبەردەم دادگای پێداچونەوە دەکرێت حوکمەکە هەڵبوەشێنرێتەوە (نقض) و فەرمانبەرەکە ئازاد بکرێت، کە لەم کاتەشدا بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (٢٥٩) لە یاسای بنەماکانی دادگاییە سزاییەکان حوکمی (منقوض) وەك ئەوەیە حوکمە هەڵوەشاوەکە لە بنەرەتدا نەبووبێت و هیچ ئاسەوارێکی لێ ناکەوێتەوە . واتە لەم کاتەدا فەرمانبەرەکە بێتاوان دەردەچێت لەو تۆمەتەی ئاراستەی کراوە.

**سێهەم:** لەبەرەنجامی بێتاوان دەرچوونی فەرمانبەر بەپێی حوکمی دادگای پێداچوونەوە و هەڵوەشاندنەوەی حوکمی دادگای تاوانەکان و ئازادکرانی فەرمانبەرەکە، ئەوا لەم کاتەدا سەرەرای ئەوەی فەرمانبەرەکە دەگەرێتەوە سەر وەزیفەکەی لە هەمانکاتدا فەرمانبەرەکە شایستەی مووچەی ئەو ماوەیە دەبێت کە لە زیندان بووە و هەروەها ماوەی زیندانیکردنەکەی بەخزمەتی وەزیفی بۆی ئەژماردەکرێت، هەروەك ئەنجومەنی دەولەی عێراقی لە بڕیاری ژمارە (٢٠١٥/١٣٣ لە ٢٠١٥/١٢/٢٠) [٣٨] جەختی لەسەر

---

[٣٨] قرارات وفتاوى مجلس شورى الدولة لعام ٢٠١٥، المصدر السابق، ص٢٥٨.

کردۆتەوە ، چونکە فەرمانبەرەکە لەم کاتەدا بە ئیرادە و ویستی خۆی لە وەزیفەی دانەبڕاوە و پاساوی بەجێی(عذر المشروع) هەبووە.

**چوارەم:** لەبەرەنجامی ئەوانەی لای سەرەوە گەرهاتوو فەرمانبەرەکە پێشتر راگیرابوو (توقیف) بەم هۆیەشەوە دەستپێکێشانەوەی(سحب الید) بۆ کرابوو، ئەوا شایستەی وەرگرتنەوەی ئەو نیوموچەیەش دەبێت کە لە ماوەی راگیرانەکەیدا بۆی خەرجنەکراوە و دائیرەکەی رای گرتووە و لەم بەرەنجامەشەوە ئەو خزمەتە وەزیفییەی کە لە ماوەی راگیراندابووە و تیایدا دەستپێکێشانەوەی بۆ کراوە بەخزمەتی تەواو بۆ هەموو مەبەستەکان بۆی ئەژمار دەکرێت.

## (٤٥)

## ماوەكانی دادخوازی (التظلم) و تانەلێدان (الطعن) لە بڕیاری سزای بەرزەفتكاری لەلایەن فەرمانبەرەوە

بەگوێرەی ئەحكامی ماددەی (١٥) لە یاسای بەرزەفتەكردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و كەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١، یاسادانەر (٣) ماوەی داوە بە فەرمانبەر و دەسەڵاتی كارگێڕیی تا هەریەكەیان بە گوێرەی ئەوەی كە یاساكە بۆی دەستنیشان كردووە ، كەڵك لەو ماوانە وەربگرن بەو شێوەیەی كە یاساكە دەقی لەسەر هێناوە ، لە خوارەوە چەند سەرنجێكی یاسایی تۆمار دەكەین:

**یەكەم:** لەپاش پێراگەیاندنی بڕیاری سزاكە بە فەرمانبەری سزادراو، ئەوا یاسادانەر ماوەی (٣٠) رۆژی داوە بەفەرمانبەرەكە تا لەو ماوەیەدا دادخوازی لەبریاری سزادانەكەی پێشكەشی ئەو لایەنە بكات كە بڕیاری سزاكەی داوە ، لەسەر ئەم بنەمایەش دەتوانین بڵێین:

١- ماوەی (٣٠) رۆژەكە لە رۆژی پێراگەیاندنی فەرمانبەرەكە بە سزاكە دەستپێدەكات ، واتە ئەو رۆژەش لەسەر فەرمانبەر ئەژمار دەكرێت كە سزاكەی پێراگەیەنراوە، ماوەكەش بە ژمارەی رۆژ دیاری كراوە نەك بە مانگ.

٢ -ئەم ماوەیە بە تەواوی لە ئیختیاری فەرمانبەردایە و فەرمانبەرەكە ئازادە لە رۆژی یەكەمی ماوەكەدا دادخوازییەكەی پێشكەش دەكات یان لە

کۆتایی هەمین رۆژدا، گرنگ ئەوەیە کە دادخوازییەکە لە چوارچێوەیەی (٣٠) رۆژەکە پێشکەش کرابێت و ئەو ماوەی تێنەپەڕاندبێت.

٣ -ماوەی (٣٠) رۆژەکە کۆتایی پێدێت لەو رۆژەی کە فەرمانبەرەکە دادخوازییەکە پێشکەش بەو لایەنە دەکات کە سزاکەی داوە، واتە ئەگەر فەرمانبەرەکە لە دەهەمین رۆژدا دادخوازییەکەی پێشکەشکرد ئەوا ئەو بیست رۆژەی کە ماوەی دەکەوێت واتە ـ سقوط ـ دەکات.

**دووەم:** یاسادانەر ماوەی (٣٠) رۆژی داوە بەو لایەنەی کە سزای فەرمانبەرەکەی داوە بۆ وەلامدانەوەی دادخوازیی فەرمانبەرەکە لەو رۆژەی کە دادخوازییەکەی تۆمار دەکات لەبەردەم ئەو لایەنەدا ، لەسەر ئەم بنەمایەش دەتوانین بڵێین:

١ -یاسادانەر ئەم ماوەیەی خستۆتە ئیختیاری دەسەلاتی کارگێڕی و لەم بوارەشدا دەسەلاتی کارگێڕیی ئازادە لەوەی لە رۆژی وەرگرتنی دادخوازییەکە دەستبەجێ دادخوازییەکە رەتدەکاتەوە (کە ئەمەش پێی دەگوترێت رەتکردنەوەی دادخوازی بە شێوەی حەقیقی ) یان بێدەنگ دەبێت و وەلام ناداتەوە تا ماوەکە تێپەڕ دەکات.

٢ -یاسادانەر مافی داوە بە دەسەلاتی کارگیری لە ماوەی (٣٠) رۆژەکەدا بێدەنگ بێت و وەلامی دادخوازییەکە نەداوەتەوە کە لەم کاتەشدا ئەم بێدەنگی و وەلام نەدانەوە بە رەتکردنەوەی حوکمی دادخوازییەکە دادەنرێت. (کە ئەمەش پێی دەگوترێت رەتکردنەوەی دادخوازی بە شێوەی حوکمي )

**سێهەم:** یاسادانەر ماوەی (٣٠) رۆژی داوە بە فەرمانبەر بۆ تانە دان لە بریاری سزادانەکەی لەبەردەم دادگای تایبەتمەند لە رۆژی رەتکردنەوەی دادخوازییەکەی لەلایەن ئەو لایەنەی کە سزای فەرمانبەرەکەی داوە ، ئیتر ئایا رەتکردنەوەی بە شێوەیەی حەقیقی بێت یام بە شێوەی حوکمی وەك پێشتر روونمان کردەوە ، لەسەر ئەم بنەمایەش دەتوانین بڵێین:

١ -فەرمانبەرە سزادراوەکە ئازادە لەوەی کە تۆمارکردنی تانەکەی لەبەردەم دادگای تایبەتمەند لە رۆژی رەتکردنەوەی دادخوازییەکەی دەکات یان دواهەمین رۆژی ئەو (٣٠) رۆژەی کە یاسا پێیداوە.

٢ -گەرهاتوو دائیرەکە وەلامی فەرمانبەرەکەی نەدایەوە و بێدەنگ بوو ئەوا پێویستە فەرمانبەرەکە چاوەری بکات کە ماوەی (٣٠) رۆژی پێدراو بە دەسەلاتی کارگێڕیی تەواو دەبێت ئەو کات دەتوانێت تانە لە بریاری سزادانەکەی بدات لەبەردەم دادگای تایبەتمەند.

٣ -گەرهاتوو دائیرەی فەرمانبەرەکە وەلامی تانەکەی بە شێوەی (حقیقی) نەدایەوە ، و فەرمانبەرەکەش پێش کوتایی هاتنی ماوەی (٣٠) رۆژەکە تانەی لەبریاری سزادانەکەیدا، ئەوا لەم کاتەدا تانەدانەکەی لەرووی شکلیەوە رەتدەکرێتەوە ، چونکە چاوەریی کۆتایی هاتنی ماوەی (٣٠) رۆژەکەی نەکردووە.

لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە دەتوانین بڵێین:

١- لە کۆی ئەو سێ ماوەیە کە هەر یەکەیان بریتین لە (٣٠) رۆژ، یاسادانەر دوو ماوەیانی بە فەرمانبەرەکە داوە ـ واتە ماوەی ٣٠ رۆژی یەکەم و سێهەم ـ و تەنها یەك ماوەی بە دەسەلاتی کارگێڕیی داوە ـ واتە ماوەی ٣٠ رۆژی دووەم ـ .

٢- هەر سێ ماوەی ئاماژە بۆکراو لە نیزامی گشتین و رێگە پێدراو نییە کە رەچاو نەکرین و پێویستە هەریەك لە فەرمانبەر و ئیدارە پێوەی پابەند بن.

٣- تێپەربوونی ئەو ماوانەی کە یاسادانەر بە فەرمانبەری داوە بێ ئەوەی سوودیان لێ وەربگریت بە ماوەی کەوتن( سقوط)ی مافی فەرمانبەرەکە دادەنرێت ئیتر بۆ پێشکەشکردنی دادخوازی بێت یان تانەلێدانە.

**(٤٦)**

## ئایا ئەو راژەی کە فەرمانبەر دەیهێنێتەوە و بە خزمەت بۆی ئەژمار دەکرێت مۆڵەتی کەڵەکەبووی ئاسایی و نەخۆشی لێ دەکەوێتەوە ؟

هەندێکجار فەرمانبەر لە ژیانی وەزیفیدا راژەی جیاوازی دیکە دەهێنێتەوە بۆی ئەژمار دەکرێت بە گوێرەی یاسا و رێنماییەکان، وەك راژەی سەربازی یان پێشمەرگایەتی یان هە جۆرە راژەیەکی ، پرسیارێك کە لێرەدا سەر هەڵدەدات ئەوەیە کە ئایا ئەو راژەیەی کە فەرمانبەرەکە هێناویەتی مۆڵەتی کەڵەکەبووی لەسەر ئەژمار دەکرێت بۆ فەرمانبەرەکە؟ بێگومان سەرچاوەی مۆڵەتی کەڵەکەبوو دەگەڕێتەوە بۆ ئەحکامی مادەکانی (چل و سێهەم) و (چل و شەشەم) ی یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ ی هەموارکراو کە بە گوێرەی هەردوو ماددەی ئاماژە پێکراو ، فەرمانبەر شایستەی مۆڵەتی ئاسایی و نەخۆشی دەبێت بە گوێرەی ئەو وردەکارییەی کە لە حوکمی هەردوو ماددەکەدا هاتووە و ئەم مۆڵەتانەش کە فەرمانبەرەکە شایستەی دەبێت گەرهاتوو لە کاتی خۆیدا کەلکی لێ وەرنەگرت ئەوا بۆی کەڵەکە دەبێت بە مەرجێك لە (١٨٠) رۆژ تێپەڕ نەکات ، لەلایەکی دیکەشەوە دیکەشەوە بە گوێرەی برگەی (١) لە ماددەی یەکەمی یاساکەش ، حوکمەکانی یاسای راژەی شارستانی بەسەر فەرمانبەری گشتی جێبەجێدەکرێت کە لە فەرمانگە حکومیەکان دەوام دەکەن و مووچە لە بودجەی گشتی وەردەگرن .

لەسەر ئەم بنەمایەش هەر جۆرە راژەیەك کە فەرمانبەر لە کاتی وەزیفەدا بیهێنێتەوە و بۆی ئەژمار بکرێت گەرهاتوو راژەیەك بوو کە لە کاتی

خۆیدا بە گوێرەی حوکمەکانی یاسای راژەی شارستانی نەبوویێت ئەوا مۆڵەتی کەڵەکەبووی لێ ناکەوێتەوە وەك راژەی سەربازی یان پێشمەرگایەتی یان ئەندازیاری ، چونکە ئەم جۆرە راژانە لە بنەرەتدا ملکەچ نەبوون بۆ حوکمەکانی راژەی شارستانی تا مۆڵەتی کەڵەکەبووی لێ بکەوێتەوە، لە هەمانکاتیشدا مۆڵەتی کەڵەکەبووی ئاسایی یان نەخۆشی لەبەرەنجامی راژەی وەزیفی فیعلی دروست دەبێت کە فەرمانبەر لەبەر رۆشنایی یاسای راژەی شارستانی پیادەی دەکات هەروەك لەلایەن خۆیەوە ئەنجومەنی دەولەی عێراقی لە بریاری ژمارە (١/ ٢٠١٣ لە ١٠/ ١/ ٢٠١٣) [٣٩] دووپاتی کردۆتەوە.

لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە ، پێویستە لە کاتی ئەژمارکردن و پێدان یان خەرجکردنی مووچەی مۆڵەتی کەڵەکەبووی ئاسایی یان مۆڵەتی نەخۆشی بۆ فەرمانبەر، دەسەلاتی کارگێڕیی تەنها ئەو مۆڵەتە کەڵەکەبووانە ئەژمار بکات کە فەرمانبەرەکە شایستەی بووە بە گوێرەی خزمەتە وەزیفییە فیعلییەی کە لەبەرەنجامی دەوامکردنیەوە لە فەرمانگە حکومییەکان ئەنجامی داوە بە سیفەتی فەرمانبەرێتی گشتی.

[٣٩] قرارات وفتاوى مجلس شورى الدولة لعام ٢٠١٣، ط١، منشورات مجلس شورى الدولة، بغداد، ٢٠١٤، ص١٨.

## (٤٧)

## ئایا خانمە فەرمانبەر لە كاتی وەرگرتنی مۆڵەتی دایكایەتیدا شایستەی پلەبەرزكردنەوە (الترفیع) دەبێت؟

مۆڵەتی دایكایەتی یەكێكە لەو مۆڵەتانەی كە خانمە فەرمانبەر لە تەمەنی وەزیفیی خۆیدا بۆ مەبەستی بەخێوكردنی مناڵە تازە لە دایكبووەكەی شایستەی دەبێت، ئەم مۆڵەتە لە هەموو تەمەنی وەزیفیدا بۆ چوار جار دەدرێت بەخانمە فەرمانبەر و مۆڵەتێكی جەوازییە و دەكرێت خانمە فەرمانبەرەكە وەری بگرێت و دەشكرێت كە سوودی لێ وەرنەگرێت و بگەرێتەوە سەر كارەكەی ، ئەم مۆڵەتە تا ئێستاش لە عێراقدا شەش مانگی یەكەمی بەمووچەی تەواوە و شەش مانگی دووەمی بە نیو موچەیە، بەلام لە هەرێمی كوردستان بە گوێرەی یاسای ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٣ پەرلەمانی كوردستان هەموو ساڵەكە بەمووچە و دەرمالەی تەواوە مۆڵەتەكە دەدرێت، لێرەدا ئەوەی مەبەستمانە روونكردنەوەی لە بارەوە بدەین ئەوەیە كە ئایا لە ماوەی ئەم مۆڵەتەدا خانمە فەرمانبەر شایستەی پلەبەرزكردنەوە (الترفیع) دەبێت؟

بە گەرانەوەی بۆ حوكمە گشتییەكانی پلەبەرزكردنەوە كە هەریەك لە ماددەكانی هەژدەی یاسای راژەی شارستانی و ماددە (٦)ی یاسای مووچەی فەرمانبەرانی دەولەت و كەرتی گشتی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٨ دەستنیشیانیانكردووە و بریتین لە هەبوونی ماوەی خزمەتی وەزیفی داواكراو لە یاسادا بۆ شایستەبوون بە پلەبەرزكردنەكە و فەرمانبەرەكە سەرجەم مەرج و لێوەشاوەییە داواكراوەكانی تێدا بەدی هاتبێت بۆ

پڕکردنەوەی ئەو وەزیفیەی بۆی پاڵێوراوە تا بۆی بەرزبکرێتەوە سەرەرای سەلمێنرانی توانا و لێهاتوویی فەرمانبەر لەسەر بەرێوەبردنی ئەو وەزیفەیەی کە بۆی بەرزدەکرێتەوە بە راسپاردەی سەرۆکە راستەوخۆکەی و پەسەندکردنی سەرۆکە باڵاکەی و لە هەمانکاتدا بوونی وەزیفەی چۆل لەو پلەیەی کە بریارە فەرمانبەرەکەی بۆ بەرزبکرێتەوە، ئەوا لەم کاتەدا فەرمانبەر مافی خۆیەتی کە پلەبەرزکردنەوەکەی بۆ ئەنجام بدرێت بەو رێککار و میکانیزمەی کە یاساکە دەقی لە بارەوە هێناوە ، تەنانەت با فەرمانبەرەکە لەو کاتەشدا لە ماوەی مۆڵەتی دایکایەتیشدا بێت، هەروەك لەلایەن خۆیەوە دادگای باڵای کارگێڕیی لە عێراق و لەبریاری ژمارە (٢٦٣/ قەزای فەرمانبەران/پێداچونەوە/٢٠١٤ لە ١٩/ ٦ / ٢٠١٤ جەختی لەسەرکردۆتەوە و لەم بارەیەشەوە دادگای ناوبراو ئاماژەی بەوەداوە کە لەحاڵەتی هەبوونی مەرجەکانی پەلەبەرزکردنەوە بەو جۆرەی کە لە دەقی یاسای پەیوەندیداردا هاتووە و هەروەها لەو روانگەیەی کە خانمە فەرمانبەرەکە مووچەی تەواوی وەرگرتووە و ئەو ماوەیەشی بە خزمەتی وەزیفی دادەنرێت بۆ مەبەستی پلەبەرزکردنەوە ، لەبەر ئەوە پێدانی مۆڵەتی دایکایەتی نابێتە رێگر لەبەردەم پلەبەرزکردنەوەی خانمە فەرمانبەرەدا و مافی خۆیەتی وەك هاوتاکانی لە وەزیفە پلەبەرزکردنەوەی بۆ ئەنجام بدرێت .

## (٤٨)

## هۆكارنووسین (تسبیب) وەك مەرجی شكلی جەوهەری لەبڕیاری گواستنەوەی ڕازەی فەرمانبەر

بەگوێرەی ئەحكامی ماددەی (سی و شەشەم) لە یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە(٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ی هەمواركراو لەحاڵەتی گواستنەوەی ڕاژەی فەرمانبەر لەبەر بەرژەوەندی گشتی یان زەرورەتی تەندروستی، پێویستە دەسەلاَتی كارگێڕیی هۆكارەكە لە نێو دەقی بریاری گواستنەوەی ڕاژەی فەرمانبەرەكەدا بنووسێت، لەسەر بنەمای ئەمەش لە خوارەوە چەند سەرنجێكی یاسایی تۆماردەكەین:

**یەكەم:** یاسادانەر لە دەقی ماددەی (سی و شەشەم)ی یاسای ڕاژەی شارستانی بە دەق جەختی لەسەر نووسینی هۆكاری گواستنەوەی ڕاژەی فەرمانبەركردۆتەوە و پێویستە دەسەلاتی كارگێڕیی پێوەی پابەندبێت، لەبەر ئەوەی یاسادانەر لەم كاتەدا دەسەلاتی كارگێڕیی كۆت و بەندكردووە بەنوسینی هۆكارەكانی گواستنەوەی ڕاژەی فەرمانبەرەكە و لەم بوارەدا دەسەلاتی كارگێڕیی دەسەلاتی تەقدیری نییە و ڕێگە پێدراو نییە كە لە ژێر سێبەری دەستەواژەی بەرژەوەندی گشتی و زەرورەتی كاری ئیداری و ئەم جۆرە دەستەواژانەدا بڕیاری گواستنەوەی ڕاژەی فەرمانبەر دەربكات.

**دووەم:** كاتێك یاسادانەر هۆكار نووسینی (تسبیب) ی لە بریاری گواستنەوەی ڕاژەی فەرمانبەری وەك مەرجێكی شكلی جەوهەری داناوە بۆ ڕاستی و دروستی بریارەكە، ئەوا لەم كاتەدا، گەرهاتوو ئەم مەرجە

نەبوو، کۆی بڕیاری گواستنەوەی راژەکە دەخاتە ژێر پرسیارەوە لەرووی چاودێری مەشروعیەتەوە و تەنانەت رەنگە هەر لە بنەڕەتدا پایەی هۆکار (رکن السبب) لە بریارەکەشدا لەکەدار بێت و پاساوی دەرکردنی بڕیاری گواستنەوەی راژەکە بوونی نەبێت، لەسەر ئەم بنەمایەش گەرهاتوو دەسەلاتی کارگێڕیی بە وردی و بەو شێوەیەی کە یاساکە دەقی لەسەر هێناوە هۆکاری دەرکردنی بریاری گواستنەوەی راژەکەی دروست نەبێت و لە هەمانکاتیشدا نەنووسینی هۆکارەکەش لەدەقی بریارەکەیدا، ئەوا بریارەکە بەم چەشنەی لای خوارەوە بەپوچەڵکراوە دادەنرێت لەبەر هەبوونی دوو لەکەی یاسایی (العیب القانونی):-

أ- نەبوونی هۆکار کە ئەمەش لەکەیە لە پایەی (رکن) بریاری گواستنەوەی راژەکەدا و بریارەکە پوچەڵدەکاتەوە لەرووی پایەکانی بریاری کارگێڕییەوە.

ب - نەنووسینی هۆکاری گواستنەوەی راژەکەش لە نێو دەقی بریارەکەدا، پشتگوێ خستنی مەرجێکە لە مەرجە شکلییەکان کە یاسادانەر بە دەقی راشکاوانە جەختی لەسەر نووسینی کردۆتەوە و لەم کاتەشدا بریارەکە بە پوچەڵکراوە دادەنرێت لەبەر نەبوونی مەرجێکی شکلی جەوهەری لە بریارەکەدا.

**سێهەم:** لەلایەن خۆیەوە دادگای دادوەری فەرمانبەران (محکمە قضاء الموظفین) لە بریارەکانی ژمارە (٢٧١٩/م/٢٠١٨ لە ٢٠١٩/٢/١١) و (٢٣٢٦/م/٢٠١٧ لە ٢٠١٨/١٢/١٣) و پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی (سی و شەشەم) لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ ی

هەموارکراو نوسینی هۆکار (تسبیب)ی وەك شکلیەتێکی جەوهەری لە بڕیاری گواستنەوەی ڕاژەی فەرمانبەر داناوە و لە ڕوانگەی نیزامی گشتییەوە سەیری کردووە ، لەسەر ئەم بنەمایەش بڕیاری گواستنەوەی فەرمانبەرانی نێو هەردوو بڕیاری ئاماژەپێکراوی هەڵوەشاندۆتەوە و دووپاتی کردۆتەوە کە بڕیارەکان لەرووی یاساییەوە دروست نەبوون لەبەر ئەوەی لە دەقی بڕیارەکاندا هۆکاری گواستنەوەی ڕاژەی فەرمانبەرەکان نەهاتووە کە ئەمەش وا دەکات بڕیارەکان لەکەدار بن بە لەکەی شکل(معیب بعیب الشکل).

لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە و بۆ ئەوەی دەسەلاتی کارگێڕیی بڕیارێکی ڕاست و دروستی یاسایی دەربکات لە بواری گواستنەوەی ڕاژەی فەرمانبەر و هەروەها فەرمانبەرەکەش بزانێت لەبەر چی ڕاژەکەی گوازراوەتەوە و بۆ ئەو مەبەستەیشی کە دادگای تایبەتمەند دڵنیابێت لەوەی بڕیاری گواستنەوەی ڕاژەکە لە نێو هەناویدا سزایەکی شاراوەی لە خۆنەگرتبێت، پێویستە دەسەلاتی کارگێڕیی بە وردی ئەو هۆکارانە لە دەقی بڕیارەکەیدا بنوسێت کە بە هۆیەوە ڕاژەی فەرمانبەرەکەی گواستۆتەوە، بەپێچەوانەوەی دادگای تایبەتمەند بڕیاری گواستنەوەی ڕاژەی فەرمانبەرەکە هەڵدەوەشێنێتەوە.

## (٤٩)

## گرنگترین جۆرەکانی تەنسیبکردنی فەرمانبەر

تەنسیب وەك ئەسڵ و بنەرەت و بەگوێرەی رێنمایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧٩ بریتییە لە پڕکردنەوەی وەزیفەیەك لە لایەن فەرمانبەرەوە کە هاوشێوەی وەزیفەکەی خۆیەتی و ئەمەش وەك وەسیلەیەکی بەپەلە و بەدەرکراو (استثناء) بەکاردەهێنرێت لەلایەن ئیدارەوە بۆ ئەو حاڵەتانەی کە پڕکردنەوەی ئەو وەزیفە چۆڵە بەشێوەکانی دیکەی دامەزراندن (التعیین) و دووبارە دامەزراندن(اعادة التعیین) و گواستنەوەی راژە (النقل) و پایەبەرزکردنەوە (الترقیة) مەحاڵ بێت. لەسەر ئەو بنەمایەش تەنسیب بەدەرکردنە لەسەر ئەسڵ و نابێت زیادەرەوی تێدا بکرێت و دەبێت ئیدارە پابەند بێت بەبنەما گشتییەکانی و ماوە و مەبەستەکانی.

گەر بگەرێیینەوە بۆ یاساکانی پەیوەندیدار بەوەزیفەی گشتی ، بۆمان دەردەکەوێت لە زۆر جێگادا ، یاسادانەر زاراوەی تەنسیبی بەکارهێناوە ، کە مەرج نییە بۆ هەمان ئەو مەبەستە بووبێت کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا و هەندێکجار وەك بڕیار بەکاری هێناوە و هەندێکجاریش وەك ئینابە یاخود ئینتیداب بەکاری هێناوە[٤٠]، کە لێرەدا بواری باسکردنیان نییە، بەلام ئەوەی بەلامانەوە گرنگە سەرەرای خودی تەنسیب بەو شێوەیەی کە لە رێنمایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧٩ دا هاتووە، ئاماژە بە دوو

---

(٤٠) د.خالد رشید علي، مفهوم تنسیب الموظف العام في القانون العراقي، بحث منشور في مجلة العلوم القانونیة والسیاسیة التی تصدرمن کلیة القانون بجامعة دیالی، المجلد الرابع، العدد الثاني، ٢٠١٥ ص٥٥.

جۆری دیکە دەکەین لە تەنسیب کە جێبەجێکردنیان لە وەزیفەی گشتی ئەگەرێکی کراوەیە لەبەردەم ئیدارەدا.

**یەکەم:** بەگوێرەی رێنمایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧٩ رێنمایی وەزیفە چۆڵەکان و میلاکە پەسەندکراوەکان ، وەك لەسەرەتاوە روونمان کردەوە تەنسیب چارەسەرکردنێکی کاتییە بۆ پڕکردنەوەی وەزیفەیەکی چۆڵ کە پڕکردنەوەی ئەو وەزیفە چۆڵە بەرێگە ئاساییەکانی دیکەی وەك دامەزراندن و دووبارە دامەزراندن و گواستنەوەی راژە و پایەبەرزکردنەوە مەحاڵ بێت. کەواتە لەم جۆرە تەنسیبەدا هۆکاری سەرەکی بریتییە لە چۆڵبوونی وەزیفەیەك کە رێنماییەکە بۆ ئەم دۆخە ماوەی تەنسیبەکەی دیاریکردووە وەك زەرورەتێکی هەنووکەیی دایناوە وەزیفەکەش هەمان وەزیفەی فەرمانبەرەکەیە.

**دووەم:** بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٧/یەکەم) لە یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەران ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ لە حالەتی دەستپێکێشانەوەی (سحب الید) فەرمانبەر بۆ ماوەی (٦٠) رۆژ گەرهاتوو فەرمانبەر هێشتا لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدا بوو ئیتر چ لێکۆڵینەوەی سزایی بێت یان بەرزەفتکاریی و گەرهاتوو ماوەی دەستپێکێشانەوەکە کۆتایی هاتبوو هێشتا لێکۆڵینەوەکە تەواو نەبووبوو هەروەها مانەوەی فەرمانبەرەکەش لە وەزیفەکەی ترسی هەبوو زیان بخاتەوە، ئەوا لەم کاتەدا فەرمانبەرەکە تەنسیب دەکرێت بۆ وەزیفەیەکی دیکە ، لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە تەنسیبکردنە هۆکارەکەی دەگەرێتەوە بۆ زەرورەتی لێکۆڵینەوە و ترس لەوەی بەرژەوەندی گشتی زیان لێ بکەوێت و لێرەدا فەرمانبەرەکە تەنسیب دەکرێت بۆ وەزیفەیەکی دیکە بێ ئەوەی ماوەی

تەنسیبەکە دیاریکراوبێت، یاخود وەزیفەکە هەمان وەزیفەی فەرمانبەرەکە بێت.

**سێهەم:** بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی (٢/دووەم) لە یاسای پەککەوتنی تەندروستی فەرمانبەران (قانون العجز الصحی) ژمارە ١١ی سالی ١٩٩٩، گەرهاتوو فەرمانبەر پاش تەواوبوونی ماوەی مۆڵەتی (٣) ساڵی نەخۆشیەکەی ، دۆخی تەندروستییەکەی باش بووبوو، بەلام نەیدەتوانی وەزیفە ئەسڵییەکەی خۆی ببێنێ، ئەوا لەم کاتەدا تەنسیب دەکرێت بۆ وەزیفەیەکی دیکە کە بگونجێت لەگەل دۆخی تەندروستیدا، لەسەر ئەم بنەمایەش دەتوانین بڵێین هۆکاری ئەم جۆرە تەنسیبەکە زەرورەتی باری تەندروستی فەرمانبەرەکەیە، کەماوەکەی دیارینەکراوە و تا ئەو کاتەی کە دۆخی تەندروستی فەرمانبەرەکە بخوازێت لەو وەزیفەیەدا دەمێنێتەوە کە بۆی تەنسیبکراوە ، کە رەنگە هەمیشەیی بێت.

## (٥٠)

### چۆن فەرمانبەر سزا دەدرێت؟

هەندێکجار ئەو پرسیارەمان لێکراوە کە ئایا دەکرێت بەڕێوەبەرێك یان سەرپەرشتیارێکی پەروەردەیی یان کارگێڕیی یاخود هەر لێپرسراوێکی دیکەی ئیداری پێشنیاری سزادانی فەرمانبەر بەرز بکاتەوە بۆ سەروو خۆی تا فەرمانبەرەکە سزا بدرێت ؟ لە خوارەوە و لەم بارەیەوە روونکردنەوەی یاسایی دەخەینەڕوو:

یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ تاکە یاسای تایبەتمەندە بە دیاریکردنی دەسەلاتی تایبەتمەند و رێککار و سزادانی فەرمانبەرانی گشتی و لەم بارەیەشەوە یاساکە بە دەق و بەشێوەی دیاریکراو (حصر) و بە دەسەڵاتێکی کۆتوبەندکراو (سلطة مقيدة) رێککارەکانی سزادانی فەرمانبەرانی دەستنیشان کردووە، هەر لە دیاریکردنی ئەو لایەنانەی کە دەسەلاتی سەپاندنی سزایان هەیە بەسەر فەرمانبەردا یان خودی سزا بەرزەفتەکارییەکان و ئاسەوارەکانیان و هەروەها ئەو رێککارانەی سزاکەی لە رێگەوە دەسەپێنرێت تا دەگاتە رێگاکانی هەڵوەشاندنەوەی سزاکان کە هەموو ئەمانەش بە دەسەلاتی کۆت و بەندکراو بە شێوەی (حصر) لە یاساکەدا هاتووە .

دەربارەی رێککارەکانی سزادانی فەرمانبەران بە پێی یاساکەش، ئەوا بە گەرانەوە بۆ ئەحکامی ماددەی (١٠) لە یاسای ناوبراو ، یاسادانەر

ڕێگاکانی سزادانی فەرمانبەری بە دیاریکراوی دەستنیشانکردووە و ڕێگە پێدراو نییە کە بەدەر لەو دوو ڕێگەیە ، فەرمانبەر سزا بدرێت یان پێشنیاری سزای بۆ بکرێت، کە ڕێگاکانیش بریتین لە سزادانی فەرمانبەر لەڕێگەی لیژنەی لێکۆڵینەوە بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٠/ یەکەم و دووەم) کە یاساکە بە دەق هەم دەسەلاتی تایبەتمەندی بۆ پێکهێنانی لیژنەکە دیاریکردووە و هەم کۆمەڵە شکلیەت و ڕێککارێکی بۆ ئیدارە و لیژنەکە دیاریکردووە کە پێویستە هەردوولایان پێوەی پابەندبن، بەپێچەوانەوە سزادانەکە بە پوچەڵکراوە کراوە دادەنرێت کە لێرەدا بواری باسکردنیان نییە ، بەدەر لەم ڕێگەیەش یاساکە ڕاستەوخۆ دەسەلاتی داوە بە وەزیر و سەرۆکی فەرمانگە ( واتە بریکاری وەزارەت و ئەوەی پلەی بریکاری وەزارەتی هەیە و پێکهاتەیەکی کارگێڕیی بەڕێوە دەبات وەك سەرۆکی زانکۆ یان پارێزگار ، هەروەها بەڕێوەبەری گشتی لەگەل ئەو فەرمانبەرەی کە وەزیر دەسەلاتی سەپاندنی سزادانی پێ دەدات) ئەمانە دەتوانن بە گوێرەی ئەحکامی ماددەی (١٠/چوارەم) ڕاستەوخۆ لێپرسینەوە لە فەرمانبەر بکەن و سزای بدەن بەدەر لەڕێگەی لیژنەی لێکۆڵینەوە و کە بەم ڕێگەیە دەتوانرێت تەنها سزاکانی (سەرنجراکێشان و ئینزار و مووچە برین) بسەپێنرێت بەسەر فەرمانبەرەکەدا .

لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە ، بەدەر لەو دوو ڕێگەیە کە لیژنەی لێکۆلینەوەیە وەك ئەسڵ و لێپرسینەوەی ڕاستەوخۆیە (الإستجواب) وەك بەدەرکردن (استثناء) لەلایەن ئەوانەی ناومان هێنان، ئەوا هیچ ڕێگەیەکی دیکە نییە بۆ سزادانی فەرمانبەر و دەسەلاتی پێشنیارکردنی سزا بۆ فەرمانبەر بە شێوەی حصر و دیاریکراو لە تایبەتمەندنی لیژنەی

لێکۆڵینەوەیە و هیچ بەرێوبەر و سەرپەرشتیار و لێپرسراوێکی کارگێڕیی ڕێگەی پێنەدراوە بە گوێرەی یاساکە پێشنیاری سزادانی فەرمانبەر بکات بۆ سەروو خۆی.

# سەرچاوەکان

١ـ إياد عبداللطيف سالم، في القانون الخدمة المدنية النقل والإعارة و انتهاء الخدمات، ط١، بغداد، ٢٠٠٩ .

٢ـ اياد عبداللطيف سالم، الإجازات الإعتيادية، ط١، بغداد،٢٠٠٩.

٣ـ عبدالله غزاى العزاوى ، شرح قانون الكتاب العدول رقم ٣٣ لسنه ١٩٩٨ ط٢، ٢٠١٢.

٤ـ د. عصمت عبدالمجيد بكر، شرح أحكام قانون التنفيذ، مكتبة السنهوري، بغداد، ٢٠١٩.

٥ـ د. مصدق عادل طالب، الوسيط فى الخدمه الجامعية،ط١، مكتبة السنهوري، بغداد، ٢٠١٢.

٦ـ قرارات وفتاوى مجلس شورى الدولة لعام ٢٠٠٨، ط١، منشورات مجلس شورى الدولة، بغداد، ٢٠٠٩.

٧ـ قرارات و فتاوى مجلس شورى الدولة لعام٢٠٠٩ ،ط١، منشورات مجلس شورى الدولة، بغداد، ٢٠١٠.

٨ـ قرارات وفتاوى مجلس شورى الدولة لعام ٢٠١٠، ط١، منشورات مجلس شورى الدولة، بغداد، ٢٠١١.

٩ـ قرارات وفتاوى مجلس شورى الدولة لعام ٢٠١١، ط١، منشورات مجلس شورى الدولة، بغداد، ٢٠١٢.

١٠ـ قرارات وفتاوى مجلس شورى الدولة لعام ٢٠١٣، ط١، منشورات مجلس شورى الدولة، بغداد.

١١ـ قرارات و فتاوى مجلس شورى الدولة لعام ٢٠١٤، ط١، منشورات مجلس شورى الدولة، بغداد، ٢٠١٥.

١٢ـ قرارات و فتاوى مجلس شورى الدولة لعام٢٠١٥ ،ط١، منشورات مجلس شورى الدولة، بغداد، ٢٠١٦.
١٣ـ قرارات مجلس الدولة و فتاواه لعام٢٠١٦ ،ط١، منشورات مجلس الدولة، بغداد، ٢٠١٧.
١٤ـ قرارات مجلس الدولة وفتاواه لعام ٢٠١٧، ط١، منشورات مجلس الدولة، بغداد، ٢٠١٨.
١٥ـ دادوەر جەمال سەدرەدين، شرۆڤەی یاسای جێبەجێکردن ژمارە٤٥ ی ساڵی ١٩٨٠، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ(DHRD)، سلێمانی، ٢٠١٣ .
١٦ـ د.خالد رشيد علي، مفهوم تنسيب الموظف العام في القانون العراقي، بحث منشور في مجلة العلوم القانونية والسياسية التى تصدرمن كلية القانون بجامعة ديالى، المجلد الرابع، العدد الثاني، ٢٠١٥ .

## لەبەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر

**یەکەم: دانراوەکان**

١- شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ لە عێراق
٢- لاپەڕەکانی فەرمانڕەوایەتی عێراق لە فەیسەڵی یەکەم بۆ تاڵەبانی
٣- فەرهەنگی سیاسی سەبا
٤- پیلان
٥- لێکۆڵینەوەی کارگێڕیی
٦- شرۆڤەی حوکمەکانی یاسای بەرزەفتەکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ ی هەموارکراو
٧- یاسای باری کەسیەتی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ و لەگەڵ یاسا و بڕیارە هاوپێوەند و بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان (کۆکردنەوە وئامادەکردن)
٨- بیبلۆگرافیای یاسا و بریارەکانی پەرلەمان لە ١٩٩٢/٧/١٥ تا ٢٠١٤/١٢/٣١
٩- رووماڵی رۆژنامەوانی تایبەت بە هەواڵی تاوانکاریی، رووداوەکان ، دادگاکان.
١٠- بڕیارە کارگێڕییەکان لە فیقە و قەزای عێراقی و هەرێمی کوردستاندا.
١١- شرۆڤەی حوکمەکانی یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراو
١٢- دەربارەی وەزیفەی گشتی( کتێبی یەکەم )
١٣- یاسا گرنگەکانی وەزیفەی گشتی
١٤- رێگاکانی کۆتایی هاتنی پەیوەندی فەرمانبەرێتی

١٥- یاسای ڕاژەی زانکۆیی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٨ ی هەموارکراو و یاسا هاوپێوەندەکانی لە هەرێم و بژاردەیەك لە بنەما یاساییەکانی قەزای کارگێڕیی.
١٦- شرۆڤەی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکان ژمارە (٥٦)ی ساڵی ١٩٧٧ ی هەموارکراو.
١٧- دەربارەی وەزیفەی گشتی( کتێبی دووەم)
١٨- دعوى الإلغاء أمام هيئه انضباط موظفى الإقليم (قضاء الموظفين).
١٩- مختارات من المبادئ القانونيه فى قرارات محكمة الإدارية العليا و فتاوى مجلس شورى الدولة لسنوات ٢٠١٣ ،٢٠١٤ ، ٢٠١٥. (جمع واعداد)
٢٠- القرارات الإدارية الضمنية و اهم تطبيقاتها في مجال الوظيفة العامة

**دووەم: وەرگێڕدراوەکان**

٢١- بنەماکانی تاواناسی ( أصول علم الإجرام)
٢٢- بنەما گشتیەکان لە یاسای کارگێڕیدا (کتێبی یەکەم و دووەم)
٢٣- بنچینەکانی یاسا (أصول القانون)
٢٤- دەستووری عێراق ساڵی ٢٠٠٥

# بەم زوانە




## شرۆڤەی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکان ژمارە (٥٦)ی ساڵی ١٩٧٧

## چاپ و بڵاودەکرێتەوە